

یادی سێیەمین ساڵەی ریفراندۆمی گەلی کوردستان

9 8 7

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

ماسك بەستن

XEBAT

گەلان

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە(6010) چوارشەممە 23ی ئەیلوول 2020 "16" لاپەڕە "500" دینار

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە نوێنەری تایبەتی ئەمەریکا بۆ سووریا و هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتیی شەڕی دژی داعش کرد

ئایینده‌ی گه‌لی کورد له سووریا و هه‌وڵه‌کان بۆ لێکنزیکبوونه‌وه‌ی لایه‌نه کورده‌کان تاوتوێ کرا





نێچیرڤان بارزانی:

به‌رده‌وامیی ئه‌رکی هاوپه‌یمانیی نێوده‌وڵه‌تی له ناوچه‌که گرنگه

دوێنێ سێشەممە ٢٢ی ئەیلوولی ٢٠٢٠ لە سەلاحەددین سەرۆك مەسعود بارزانی پێشوازی لە جەمیس جیفری نوێنەری تایبەتی ئەمەریکا بۆ سووریا و نێردەی تایبەتی ئەمەریکا بۆ هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتیی دژی داعش و شاندێکی یاوەری کرد.

لەو دیدارەدا دواییەن پێشهاتە سیاسییەکانی ناوچەکە تاوتوێ کرا و نێردەی تایبەتی ئەمەریکا بۆ هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتیی دژی داعش کورتەیەکی لەبارەی ستراتیژی و ڕوانگەی وڵاتەکەی لەمەڕ دیالۆگی ستراتیژیی نێوان ئەمەریکا و هەولێر و بەغدا و هەروەها پرسە هەنووکەییەکان و هاوکێشەکانی ناوچەکە بۆ سەرۆك بارزانی خستەڕوو.

لەبەشێکی تری ئەو دیدارەدا ڕۆژنایی خرایە سەر ئایندەی گەلی کورد لە سووریا و باسی ئەو هەوڵانە کرا کە بۆ دیالۆگ و لێکنزیکبوونەوەی لایەنە کوردییەکانی سووریا ئەنجام دراون. هەر لەو کۆبوونەوەیەدا وێڕای ئامادەبوونی هەرێمی کوردستان، جەخت لەسەر هاوپەیمانێتی و هەماهەنگیی هەردوولا لە شەڕی تیرۆریستانی داعش لە سووریا و عێراق کرایەوە. پرسی ئاوارەکان و گەڕاندنەوەیان بۆ ناوچەکانیان تەوەرێکی تری ئەو دیدارە بوو.

د. کاوە ئازیزی: له قۆناغی سێیەمی دانوستانەکانی ئەنەکەسە و پەیەدە گفتوگۆ لەسەر گەڕانەوەی لەشکری ڕۆژ دەکرێت

2

مەسرور بارزانی: حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەرگیز سیاسەتی بەعەرەبکردن قبووڵ ناکات

مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە بارودۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان پەیامێکی بڵاوکردەوە، لە بەشێکی پەیامەکەیدا ڕایگەیاند:

سیاسەتی بەعەرەبکردن و گۆڕینی دیمۆگرافی بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو لەو ناوچانە بەردەوامە کە دووبارەکردنەوەی هەمان سیاسەتی بەعەرەبکردنی ڕژێمەکانی پێشووی عێراقە لە دژی خەڵکی ئەو ناوچانە.

(دەقی پەیامەکە لە ل3 بخوێنەوە)



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی هێزەکانی هاوپەیمانان دەکات

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

مەحموود محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی بۆ خەبات:

لەگەڵ یەکێتی بەوە گەیشتووین کە بەیەکەوە کارکردن و لەگەڵ یەک بوون هێز دەداتە پرۆسەی سیاسیی کوردستان لە بەغدا و جێگای تر



بزاوتنەك بە مەبەستی کۆتایی هاتنی ساردیی نێوان پارتی و یەکێتی دەستی پێکردووە و لە ئاستی مەکتەبی سیاسی، چەند کۆبوونەوەیەك کراوە، دواترینیان کۆبوونەوەی دوکان بوو. لە عێراقیش، بە ئاراستەی چارەسەری کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا جموجۆلێك سەری هەڵداوە، دوای چەندین کۆبوونەوەی هەردوولا، سەرۆك وەزیرانی عێراق مستەفا کازمی سەردانی کوردستانی کرد. ئەم بابەتانە و بابەتی دیکەی پەیوەست بە کۆنگرەی پارتی و گۆڕانکاریی ناو حزب، لەم دیالۆگەدا، کە لەگەڵ بەڕێز مەحموود محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی و بەشدار لە کۆبوونەوەکانی نێوان پارتی و یەکێتی بەرچاو دەکەون.

(دەقی دیالۆگەکە لە ل4 بخوێنەوە)

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە باڵیۆزی یەکێتیی ئەورووپا لە عێراق کرد

سەرۆک بارزانی: گەلی کوردستان بڕوای بە ئاشتی و دیالۆگ هەیە بۆ چارەسەرکردنی سەرجەم گرفتەکانی لەگەڵ بەغدا



پشتگیرییەکانی یەکێتیی ئەورووپا بۆ هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبن

دوێنێ سێشەممە ٢٢ی ئەیلوولی ٢٠٢٠ لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە مارتن هووس باڵیۆزی یەکێتیی ئەورووپا لە عێراق کرد.

لە دیدارەکەدا باڵیۆزی یەکێتیی ئەورووپا پێزانینی بۆ خەباتی گەلی کوردستان لەپێناو ئازادی و دیموکراسیخوازی هەبوو و جەختیشی لە بەردەوامیی پشتگیریی یەکێتیی ئەورووپا بۆ هەرێمی کوردستان کرد.

هەروەها باس لە پەیوەندییە دوولایەنەکان و پرۆسەی سیاسیی عێراق و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا ئالۆگۆڕ کرا هەروەها ڕۆشناییش خرایە سەر تەحەددیاتی بەردەم عێراق و هەڵبژاردنەکانی داهاتوو.

هەوڵە جیهانییەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پەتای کۆرۆنا و دەرهاوێشتەکانی ئەو پەتایە تەوەری تری ئەو کۆبوونەوەیە بوو.

نێچیرڤان بارزانی: بەردەوامیی ئەرکی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە ناوچەکە گرنگە

جیفری بەردەوامیی پشتگیریی ئەمەریکا بۆ هەرێمی کوردستان دووپات دەکاتەوە



سەربەیانیی دوێنێ سێشەممە ٢٠٢٠/٩/٢٢ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە بەڕێز باڵیۆز جەمیس جیفری، نوێنەری تایبەتی ئەمەریکا بۆ سووریا و نێردەی تایبەتی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش و شاندێکی یاوەری کرد.

لە کۆبوونەوەیەکدا کە بەڕێزان وەزیری کاروباری پێشمەرگە، سوپاسالاری پێشمەرگە و بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان ئامادەی بوون، دواییەن پێشهاتەکانی دۆخی سووریا، ئەرکی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش و بەرەنگاربوونەوەی چالاکی و مەترسییەکانی تیرۆر لە سووریا و عێراق، دۆخی کورد و گفتوگۆی لایەنە کوردییەکان لە سووریا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان و یەکڕیزیی نێوانیان تاوتوێ کرا.

بەڕێز جیفری بەردەوامی پشتگیریی ئەمەریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە کورد و هاوبەشانیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و نەهێشتنی یەکجارەکیی داعش لە سووریا، هەرێمی کوردستان و عێراق دووپات کردەوە، بۆ ئەم مەبەستەش هەموو هاوکارییەکی پێویست پێشکەش بە پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان دەکات.

بەڕێزیان هەروەها پشتگیری و خۆشحاڵیی ئەمەریکای بۆ گفتوگۆی نێوان لایەنە کوردییەکان لە سووریا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان نیشان دا و ئاماژەی بە ڕۆڵی ئەرێنیی سەرۆک نێچیرڤان بارزانی و هەرێمی کوردستان لەپێناو لێکنزیککردنەوەیان و هاندانیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان کرد.

لای خۆیەوە بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش سوپاسی ئەمەریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعشی کرد بۆ هاوکاری و پشتگیریی بەردەومیان و جەختی لە گرنگی و پێویستیی بەردەوامیی ئەرکی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق و هاوبەشانیان لە ناوچەکە کردەوە تا دڵنیابوون لە لەناوچوونی یەکجارەکیی داعش.

پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا و لێکەوتەکانی لە سووریا، هەرێمی کوردستان و عێراق و ڕێکار و هەنگاوەکانی بەرەنگاربوونەوەی، پەیوەندییەکانی هەولێر – بەغدا، پرسی کورد لە سووریا، هێزە بیانییەکان لە سووریا، دۆخی ناوچەکە بەگشتی، هەوڵەکان بۆ پاراستنی سەقامگیری و چەند پرسێکی جێی بایەخی هاوبەش، تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەکەوە بوو.

نێچیرڤان بارزانی: کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بە تەنیا بابەتی مووچە و بودجە نین

سەرۆکی هەرێمی کوردستان و باڵیۆزی یەکێتیی ئەورووپا دۆخی عێراقیان تاوتوێ کرد



پێشنیوەڕۆی دوێنێ سێشەممە ٢٠٢٠/٩/٢٢ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە بەڕێز مارتن هووس باڵیۆزی یەکێتیی ئەورووپا لە عێراق کرد.

لە کۆبوونەوەیەکدا کە بەڕێز نوێنەری یەکێتیی ئەورووپا لە هەرێمی کوردستان ئامادەی بوو، هەنگاوەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا و لێکەوتەکانی بەتایبەتی لە بواری ئابووریدا، مەترسییەکانی تیرۆر و جموجوڵەکانی داعش، پرۆسەی هەرێمی کوردستان کردەوە.

هەر لەو دیدارەدا سەرۆک بارزانی کورتەیەکی لە مێژووی خەبات و ئەو نەهامەتیانە خستەڕوو کە بەسەر گەلی کوردستاندا هێنراون و جەختیشی لەوە کردەوە کە گەلی کوردستان بڕوای بە ئاشتی و دیالۆگ هەیە بۆ چارەسەرکردنی سەرجەم گرفتەکانی لەگەڵ بەغدا. لە بەشێکی تری ئەو کۆبوونەوەیەدا بیرۆڕا لەبارەی سیاسی و ئەرکی حکوومەتی تازەی عێراق و هەڵبژاردنە پێشوەختەکانی داهاتووی وڵات، تاوتوێ کران.

دواییەن پێشهاتەکانی گفتوگۆی چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی عێراق، تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو، تیایدا سەرۆک نێچیرڤان بارزانی دووپاتی کردەوە کە کێشەکانی هەولێر ـ بەغدا بە تەنیا بابەتی مووچە و بودجە نییە و سەقامگیریی عێراق و چارەسەرکردنی کێشەکانی هەولێر ـ بەغدا دوو بابەتی پێکەوە بەستراون، یەکێتیی ئەورووپا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش دەتوانن هاوکاریی عێراق بکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی.

لە کۆبوونەوەکەدا هەردوولا پشتگیریی خۆیان بۆ هەڵبژاردنە پێشوەختەکانی عێراق دەربڕی و دەربارەی چەند تەوەرێکی دیکەی وەک پەیوەندییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، ڕۆڵی یەکێتیی ئەورووپا و نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق و دەرفەتی وەبەرهێنان و سەرمایەگوزاریی ئەورووپی لە عێراق و هەرێمی کوردستان، بیروڕایان گۆڕییەوە.

د. کاوە ئازیزی: لە قۆناغی سێیەمی دانوستانەکانی ئەنەکەسە و پەیەدە گفتوگۆ لەسەر گەڕانەوەی لەشکری ڕۆژ دەکرێت



ئەندامێکی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی کورد لە سووریا رایدەگەیەنێت، دوای تەواوبوونی قۆناغی یەکەم، کە ڕێککەوتنی سیاسی بوو، ئێستا قۆناغی دووەمی دانوستانەکانی ئەنەکەسە و پەیەدە تەواو بووە، کە ئەویش ڕێککەوتن لەسەر ئەنجوومەنێک بوو کە لە ٤٠ کەس پێکدێت.

دکتۆر کاوە ئازیزی، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان رایگەیاندووە دوای ئەوەی ئەنەکەسە و پەیەدە لە قۆناغی یەکەم لە ڕووی سیاسییەوە ڕێککەوتن، ئێستا لە قۆناغی دووەمدا لەسەر دامەزراندنی ئەنجومەنێکیش ڕێککەوتوون، کە لە ٤٠ کەس پێکدێت، ٤٠٪ بۆ ئەنەکەسە و ٤٠٪ بۆ پەیەدە و ٢٠یش بۆ کەسانی سەربەخۆ و ئەو حزبانە دەمێنێت، کە لە دەرەوەی ئەو دوو لایەنەن.

ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی کورد لە سووریا گوتیشی، بڕیارە لە قۆناغی سێیەمدا لە ڕووی ئیداری و سەربازی و گەڕانەوەی لەشکری ڕۆژ گفتوگۆ بکەن و خاڵ بە خاڵ ڕێککەوتنی لەسەر دەکرێت.

ئازیزی دەشڵێ، هاتنی جەیمس جێفری نوێنەری تایبەتی ئەمەریکا بۆ هەرێمی کوردستان، بۆ ئەو مەبەستەیە، کە هاوشانی هەرێمی کوردستان هاوکاری سەرەکین بۆ ئەوەی ئەنەکەسە و پەیەدە بگەنە ڕێککەوتن و، هاتووە تا ئەنجامی سەردانی خۆی بۆ ڕۆژئاوای کوردستان بۆ سەرکرایەتیی کورد بخاتە ڕوو.

نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتی ئەورووپا بەشداری لە کۆبوونەوەی فەرمی یەکێتی ئەورووپا دەکات



دوێنێ ٢٢,٩,٢٠٢٠ د. دلاوەر ئاژگەیی نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتی ئەورووپا بە فەرمی بەشداری کرد لە کۆبوونەوەی یەکێتی ئەورووپا کە لە لایەن ناوەندی قەیرانی یەکێتی ئەورووپا ڕێکخرابوو و تایبەت بوو بە پەنابەرانی سووریا لە وڵاتانی دراوسێ.

لە کۆبوونەوەکە کە باڵیۆزانی وڵاتانی دراوسێی سووریا و وڵاتانی ئەندام لە یەکێتی ئەورووپا و نوێنەری پەرلەمانی ئەورووپا و ئۆفیسی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتی ئەورووپا بەشدار بوون و لە ڕێگەی ڤیدیۆکۆنفرانس بەڕێوە چوو، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتی ئەورووپا سوپاسی وڵاتانی ئەندام و کۆمسیۆنی یەکێتی ئەورووپای کرد بۆ هاوکاری کردنی پەنابەرانی سووری لە هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و نێودەوڵەتی و داوای بەردەوامی پڕۆگرامەکانی یەکێتی ئەورووپای کرد لە هەرێمی کوردستان بە تایبەتی لەم بارودۆخە سەختەی کە بۆ هۆی قەیرانی کۆرۆنا و ئابووری ڕووی لە هەرێمی کوردستان کردووە لە کاتێکدا کە هەرێم میواندارای ژمارەکی زۆر لە پەنابەر و ئاوارە دەکات.

لەو کۆبوونەوە. وڵاتانی ئەندام لە یەکێتی ئەورووپا بریاریاندا پڕۆگرامی هاوکاری کردنی پەنابەرانی سوری لە وڵاتانی دراوسێی تاکوو سالکی درێژ بکەنەوە.

ئەو جۆرە سیاسەت و ڕەفتارانە هەڕەشە لە ئاشتی کۆمەڵایەتی ئەو ناوچانە دەکات

مەسرور بارزانی: حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەرگیز سیاسەتی بەعەرەبکردن قبووڵ ناکات

سیاسەتی بەعەرەبکردن لە ناوچە کوردستانییەکان بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراو بە هەمان سیاسەتی رژێمەکانی پێشووی عێراق بەردەوامە

خەبات/ مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە بارودۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان پەیامێکی بڵاوکردەوە، لە بەشێکی پەیامەکەیدا ڕایگەیاند: سیاسەتی بەعەرەبکردن و گۆڕینی دیمۆگرافی بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراو لەو ناوچانە بەردەوامە کە دووبارە کردنەوەی هەمان سیاسەتی بەعەرەبکردنی ڕژێمەکانی پێشووی عێراقە لە دژی خەڵکی ئەو ناوچانە. **ئەمەش دەقی پەیامەکەی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان:**

بەوپەڕی نیگەرانییەوە چاودێری بارودۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان دەکەین، بەتایبەت لە سنووری پارێزگای کەرکووک، کە بەداخەوە سیاسەتی بەعەرەبکردن و گۆڕینی دیمۆگرافی بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراو لەو ناوچانە بەردەوامە کە دووبارە کردنەوەی هەمان سیاسەتی بەعەرەبکردنی ڕژێمەکانی پێشووی عێراقە لە دژی خەڵکی ئەو ناوچانە.

ئەوەی زیاتریش جێگەی نیگەرانی و سەرسوڕمانی ئێمەیە، ئەو کردەوانە لە عێراقێکی دیموکراتی ئەنجام دەدرێت، کە بەپێی دەستوور نەخشەڕێگە و چۆنیەتی ئاساییکردنەوەی بارودۆخی ناوچە کێشە لەسەرەکان و دیاریکردنی چارەنووسیان دیاریکراوە.

لەکاتێکدا کە بە تووندی ئیدانەی سیاسەتی بەعەرەبکردنی ناوچە کێشەلەسەرەکان و بە تایبەت لە کەرکووک دەکەین، دووپاتیشی دەکەینەوە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەرگیز ئەو جۆرە سیاسەتە قبووڵ ناکات، بە تایبەت گەڕاندنەوە و نیشتەجێکردنی خەڵکانێک کە دانیشتووی ڕەسەنی ئەو ناوچانە نین، ئەمە جیا لە داگیرکردنەوەی گوند و ناوچە کوردستانییەکان و دەرکردنی هاووڵاتیانی کورد و تورکمان لەسەر خاکی خۆیان و داگیرکردنەوەی زەوییە کشتوکاڵییەکانیان و جارێکی دیکە بەخشینی بەو کەسانەی کە ٣٥ ساڵ لەژێر سایەی ڕژێمی پێشوو، زەوییەکانیان داگیرکرد بوو. بۆ چارەسەرکردنی ئەو بابەتانەش، شاندێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاسپێردراوە سەردانی بەغدا بکات .

داوا لە حکومەتی فیدراڵی دەکەین کە ڕێکاری پێویست بگرێتە بەر، بە پێی ئەو دەسەڵاتە دەستوورییانەی پێیدراوە، تا ڕێگری لە هەندێک لە ئیدارە خۆجێییەکان بکات، کە لە درێژەدان بەم جۆرە سیاسەتە بوەستن. هەروەک پێویستە بریاری دوورخستنەوەی هێزە سەربازییەکان بدات لە ئەنجامدانی ئەو جۆرە سیاسەتە و بەکارهێنانیان لەم پرۆسەیەدا. دووپاتیش لە داواکارییەکانمان دەکەینەوە بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی ئەو ناوچانە و جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستوور. هەروەها داواش لە نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق دەکەین کە بەپەلە هەوڵی خۆی بدات بۆ ڕێگریکردن لەو پێشێلکارییە ترسناکانەی کە دەرهەق بە خەڵکی ڕەسەنی ئەو ناوچانە دەکرێت لە لایەن ئیدارە خۆجێییەکانەوە.

سەپاندنی ئەو جۆرە سیاسەت و ڕەفتارانە، هەڕەشە لە ئاشتی کۆمەڵایەتی ئەو ناوچانە دەکات کە پێچەوانەی خواستی ئێمەیە بۆ پێکەوەژیانی ئاشتییانە و برایانەی نێوان هەموو پێکهاتەکان.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان
٢٢/٩/٢٠٢٠

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە نوێنەری تایبەتی ئەمەریکا بۆ کاروباری سووریا و هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژی داعش دەکات

جەیمس جێفری: هەرێمی کوردستان بەهۆی هەمەڕەنگی و زیندوویتی و دۆستایەتییەکەی لەگەڵ ئەمەریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا، پێگەیەکی گرنگ و ستراتیژی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە

مەسرور بارزانی: پرۆسەی گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا بەردەوامە بە ئامانجی گەیشتن بە چارەسەرێکی بنەڕەتییانەی کێشەکان لەسەر بنەمای دەستوور






سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی هێزەکانی هاوپەیمانان دەکات

دوێنێ سێشەممە ٢٢/٩/٢٠٢٠ مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی هێزەکانی هاوپەیمانان کرد بە سەرۆکایەتی جەنەراڵ کەڤن کۆپسی جێگری فەرماندەی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق و سووریا .

لە دیدارەکەدا جەخت لە گرنگیی بەردەوامیدان بە ڕاهێنان و هاوکاریکردنی هێزی پێشمەرگە کرایەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەی تیرۆریستان.

سەرۆکی حکوومەت ئاماژەی بەوەدا کە تیرۆریستانی داعش تا ئێستاش لە چەند ناوچەیەکی عێراق هەڕەشەیەکی بەردەوام و جیددین بۆ سەر دانیشتوانی ئەو ناوچانە و جەختیشی لە گرنگیی درێژەدان بە هەماهەنگیی نێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق کردەوە، لە پێناو نەهێشتنی هەڕەشە و مەترسیی گرووپە تیرۆریستییەکان لەو ناوچانەدا.



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە باڵیۆزی ئیسپانیا کرد

سەرۆکی حکوومەت: کابینەی نۆیەم گرنگییەکی زۆر بە هەمەجۆرکردنی ئابووری و پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵ و ئاسانکاری بۆ وەبەرهێنەرانی ناوخۆ و بیانی دەکات

ئیسپانیا ئامادەیی بۆ گەشەپێدانی پەیوەندییە بارزگانییەکان و هاندانی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان دەردەبڕێت

دوێنێ سێشەممە ٢٢/٩/٢٠٢٠ مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە خوان خۆسێ ئیسکۆزبار باڵیۆزی شانشینی ئیسپانیا لە عێراق کرد. لە دیدارەکەدا پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان ئیسپانیا و هەرێمی کوردستان تاوتوێ کران. باڵیۆزی ئیسپانیا ئامادەیی وڵاتەکەی بۆ گەشەپێدانی پەیوەندییە بارزگانییەکان و هاندانی وەبەرهێنانی ئیسپانی لە هەرێمی کوردستان دەربڕی. سەرۆکی حکوومەت ئاماژەی بەوەدا کە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، گرنگییەکی زۆر بە هەمەجۆرکردنی ئابووری و بەتایبەتی پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵ دەدات و ئاسانکاری پێویست پێشکەشی وەبەرهێنەرانی ناوخۆ و بیانی دەکات.

دوێنێ سێشەممە ٢٢/٩/٢٠٢٠ مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی ئەمەریکا بۆ هەرێمی کوردستان کردەوە و گوتی: هەرێمی کوردستان بەهۆی هەمەڕەنگی و زیندوویتی و دۆستایەتییەکەی لەگەڵ ئەمەریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا، پێگەیەکی گرنگ و ستراتیژی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە.

سەرۆکی حکوومەت وێڕای سوپاسکردنی پشتیوانیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، تیشکی خستە سەر دۆخی ئێستای عێراق و ناوچەکە و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی و ئاماژەی بەوەدا، کە هێزەکانی ڕۆژئاوای کوردستانی بەرز نرخاند و جەختی لە پشتیوانیی ئەمەریکا بۆ هەرێمی کوردستان کردەوە و گوتی: هەرێمی کوردستان بەهۆی هەمەڕەنگی و زیندوویتی و دۆستایەتییەکەی لەگەڵ ئەمەریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا، پێگەیەکی گرنگ و ستراتیژی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە.

سەرۆکی حکوومەت وێڕای سوپاسکردنی پشتیوانیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، تیشکی خستە سەر دۆخی ئێستای عێراق و ناوچەکە و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی و ئاماژەی بەوەدا، کە پرۆسەی گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا بەردەوامە بە ئامانجی گەیشتن بە چارەسەرێکی بنەڕەتییانەی کێشەکان لەسەر بنەمای دەستوور. جەختیشی لە گرنگیی بەردەوامبوونی هەماهەنگیی ئەمنیی نێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق کردەوە بە تایبەتی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکانی داعش.

سەرۆکی حکوومەت نیگەرانیی خۆشی بەرانبەر بەردەوامبوونی سیاسەتی تەعریب و دەستدرێژی و هەڵکوتانە سەر موڵک و زەوی دانیشتوانی کوردی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم دەربڕی.

مەحموود محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی بۆ خەبات:

لەگەڵ یەکێتی بەوە گەیشتووین کە بەیەکەوە کارکردن و لەگەڵ یەک بوون هێز دەداتە پرۆسەی سیاسیی کوردستان لە بەغدا و جێگای تر

لە کۆبوونەوەی دوکان لەگەڵ یەکێتی لەسەر چەند خاڵێک ڕێککەوتووین کە بەشێکیان جێبەجێ کراون و بەشێکی دی ماونەتەوە

بزاوتێك بە مەبەستی کۆتایی ساردیی نێوان پارتی و یەکێتی دەستی پێکردووە و لە ئاستی مەکتەبی سیاسی، چەند کۆبوونەوەیەك کراوە، دواترینیان کۆبوونەوەی دوکان بوو. لە عێراقیش، بە ئاراستەی چارەسەری کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا جموجۆلێك سەری هەڵداوە، دوای چەندین کۆبوونەوەی هەردوولا، سەرۆك وەزیرانی عێراق مستەفا کازمی سەردانی کوردستانی کرد. ئەم بابەتانە و بابەتی دیکەی پەیوەست بە کۆنگرەی پارتی و گۆڕانکاریی ناو حزب، لەم دیمانەیەدا، کە لەگەڵ بەڕێز مەحموود محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی و بەشدار لە کۆبوونەوەکانی نێوان پارتی و یەکێتی بەرچاو دەکەون.

خەبات/ تریفە ئازاد

کۆبوونەوەی هەردوو لایەن

***چەند جارێك باس لەکۆبوونەوەی پارتی و یەکێتی کرا، بەڵام نەکرا بۆچی؟ ئایا بەرنامەیەك هەیە لەم زووانە کۆببنەوە؟**

- مەحموود محەمەد: لە دوای ئەو ساردییەی کە کەوتە نێوان پارتی و یەکێتی، هەوڵەکانی تر کە لە ئارادابوون لە نێوانی هەردوولا یەکتربینن بوو، دواتر کۆبوونەوەیەکی فەرمی لە نێوان پارتی و یەکێتی ئەنجامدرا، لە کۆبوونەوەکەش بەیانێکی فەرمی ڕاگەیێندرا، لە مەحزەری کۆبوونەوەکە، کە ئیمزا کرا، کۆمەڵێك خاڵمان جێگر کردووە، هەردوو لامان بەوە قانع بووین کە بەیەکەوە کارکردن و لەگەڵ یەك بوون، هێز دەداتە پرۆسەی سیاسی کوردستانی لە بەغدا و لە جێگای تر، بۆیە دەبێت ئەو بۆچوونە جیاوازانەی کە هەمانە لێك جیابکرێنەوە، لە کۆێ هاوبەشین لە کۆێش هاوبەشن نین کار بکەین، لەسەر جیاوازییەکانیش گفتوگۆی زیاتر بکەین. بە تەئکید ئیمە جیاوازیمان هەیە لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان، جیاوازیەکەش ئەوەیە، ئیمە حزبێکین ئەوانیش حزبێکی ترن، ئیمە ئەوە دەزانین، کە حزب دروست دەبن بۆ حکومڕانی کردن پێشبڕکێ دەکەن، بەڵام پێشبڕکێ کردنەکە دەبێت لەسەر بنەمای پرۆژەی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی باش بێت، کە چۆن خزمەتی ئەم وڵاتە دەکەین.

جێبەجێ کردنی خاڵەکانی کۆبوونەوەی دوکان

*** لە بارەی کۆبوونەوەی دوکان و جێبەجێ کردنی خاڵەکانی نێو کۆبونەوەکە ڕایگەیاند:** لەکۆبوونەوەی دوکان، کە هەردوولا لەسەر کۆمەڵێك خاڵ ڕێکەوتووین، بەشێك لەم خاڵانە جێ بەجێ کراوە، بەشێکی تریشی ماوەتەوە، لەوەی کە جێبەجێ کرا، یەکێك لەوانە سەرۆکایەتی پەرلەمان بەیەکەوە دابنیشێت بەپێ ڕێکەوتنی سیاسی کە لە نێوان هەردوو لامان هەیە. خاڵێکی زۆر هەیە لە نێوانمان بەیەکەوە دابنیشین و بەرنامە دابنێین، بۆ ئەوەی جیاوازی لە نێوان هەردوولا زۆر نەبێت، سەرۆکایەتی پەرلەمان هەوڵ بدەن هەماهەنگی لەگەڵ یەکتر بکەن، بۆ ئەوەی کە کارەکان بە باشتر بەڕێوە بچێن، ئەم کۆبوونەوەیە لە نێوان هەردوولا ئەنجام دراوە، بۆ هەردوو مەکتەبی سیاسی وێنەیان لە کۆنووسی کۆبونەوەکە نارداوە، تێیدا ئاماژە بەوە دراوە کە لەسەر ئەم خاڵانە ڕێکەوتووین. خاڵێکی تری کۆبونەوەی دوکان، کە بڕیاری لەسەر درابوو، ئەوەبوو کە دەزگای هەڵبژاردنی هەردوولامان لە بارەی هەڵبژاردنی پێش وەختەو ئەو کێشەی لە یاسای هەڵبژاردن هەیە کۆبوونەوە بکەن. هەردوولا هەوڵ بدەن یەك هەڵوێست بن، لەگەڵ لایەنەکانی تری کوردستانیش هاوهەڵوێست بن، خۆشبەختانە ئەوەش جێ بەجێ کراو هەردوولا بە یەکەوە سەردانی بەغدایان کرد.خاڵێکی تر کە لە کۆبوونەوەکە بڕیاری لەسەر درا، ئەویش ئەو گرژییەی کە هەیە لە ڕاگەیاندن کۆتایی پێ بێنین یان کەمی بکەینەوە، ئێستاش ئەمە کەم بۆتەوە، بە تایبەت دوای ئەوەی سەرۆك بارزانی پەیامێکی بە بۆنەی جەژنەوە ئاراستەی خەڵکی کوردستان کرد، بۆ ئەوەی واز لە قسەی زبر بهێندرێ، ئێمە لە مەکتەبی سیاسی بەیانێکمان بڵاوکردەوە، کە کۆتایی لە بابەتە دەهێنین. خاڵێك ماوەتەوە کە هەردوو مەکتەبی سیاسی کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لە سەرۆکایەتی هەرێم بکەن، بۆ ئەم کۆبوونەوەیە ئەوەین کە یەکێتی بۆ ئەنجامدانی ئەم کۆبوونەوەیە وەڵامان بداتەوە.



ئومێد دەکەین مستەفا کازمی سەرۆک وەزیرانی هەموو عێراق بێت

پارتی بەردەوام لەگەڵ پێویستیی شوێنی جوگرافیای لقەکان و ناوچەکان گۆڕانکاریی کردووە و کەی پێویست بێت گۆڕانکاری ئەنجام دەدرێت.

هاتنی مستەفا کازمی

***هاتنی مستەفا کازمی سەرۆك وەزیرانی عێراق بۆ کوردستان، تا چەند کاریگەریی لەسەر زیاتر لێکنزیك بوونەوەی هەولێر و بەغدا هەیە؟ ئایا زەمینەی چارەسەری کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا هەیە؟**

- مەحموود محەمەد: سەردان و یەکتربینن و گفتوگۆکردن، کارێکی زۆر باشە، بەشێکە لەخەبات، بۆ ئەوەی لێکتێگەیشتن لە نێو لایەنەکان دروست بێت. سەردانی مستەفا کازمی بۆ هەرێمی کوردستانیش خۆیندنەوەی بۆ کراوە، ئەو پێویستە ئەجندایکی تایبەتی بۆ ئیدارەی ئەم وڵاتە هەبێت، چونکە خۆی ئەرکێکی قورسی لەسەر شانە، ئەوەی ئێمە پێشبینیان لێکردووە لێی دەکەین، ئەو سەرۆك وەزیرانی هەموو عێراق بێت، بە هەموو پێکهاتەکانەوە، نەك هی تائیفەیەکی تایبەت، چونکە پێشتر لە هەندێك لە سەرۆك وەزیرانەکان، ئەوە دەخوێندرایەوە، کە خۆیان بە سەرۆك وەزیرانی هەموو عێراق نەدەزانی، خۆیان بەسەرۆك وەزیرانی بە هەموو پێکهاتە و ئایینەکان نەدەزانی، بەڵکو تەعبیریان لە بیروبۆچوونی لایەنێکی دیاری کراو دەکرد. ئومێد دەکەین مستەفا کازمی لەم بیرو بۆچوونە دوور بێت، چونکە لە بارو دۆخێکی زۆر هەستیار دا ئەم بەرپرسیارەتیەی وەرگرتووە، بەرپرسیارەتی زۆر گرینکی دەخاتە سەرشان، لەبارەی عێراق و دراوسێکانی و پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان. چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەم هەموو گیروگرفتەی کە هەیە لە دەروازە سنوریەکان کە لە دەست هەندێك چەکداری لایەنەکان دا هەبوو، هەروەها دۆخی ئەمنی ناوچەکان، لە چوارچێوەی دەستوور، کە عێراقیەکان دەنگیان بۆ داوە، دەتوانن زۆر لە کێشەکان چارەسەر بکەن، لەوانەش کێشە هەڵپەسێردراوەکانی چەندین ساڵەی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق، ئەگەر دەستوور وەك خۆی جێبەجێ بکرێت، وەکو هەندێك لە سەرۆك وەزیرانەکانی پێشوو ئینتیقائیی ماددەکانی هەڵنەبژێردرێت، پێشبینی دەکەین ئارامی بۆ عێراق دەگەڕێتەوە. لە وڵاتێکی سامانداری وەك عێراق، خەڵکی هەژار لە هەندێك لە شارەکانی عێراق گەیشتۆتە زیاتر ٥٠٪، کە کارەساتە، ئەمەش ئەنجامی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتە. بۆیە دەبێت مستەفا کازمی، ئەمە بزانێت، دەبێت دەست بە چارەسەرکردنی کێشەکان بکات.

ئامادەکاری بۆ کۆنگرە

*** چ ئامادەکارییەك بۆ کۆنگرەی داهاتووی پارتی دیموکراتی کوردستان کراوە؟**

- مەحموود محەمەد: کۆنگرەی داهاتووی پارتی دیموکراتی کوردستان، باسی لێوە کراوە، بڕیاریشی لەسەر دراوە، چونکە کاتی هاتووە، ئێمە دواکەوتووین لە کۆنگرە، بەڵام بارودۆخی سیاسی و سەربازی تەحکومی کردووە، کە نەتوانراوە کۆنگرەکە ئەنجام بدەین. ئەگەر پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا نەبایە، ئێستا کۆنگرە کۆتاییشی پێهاتبوو، لەم دۆخەدا بەستنی کۆنگرە کارێکی ئاسان نیە، بەڵام ئێستاش ئەو لێژنەی کە دامەزراوە بۆ دراسەکردنی کۆنگرە، ئەو بابەتانەی چ لە پەیڕەو پرۆگرام، دراسەی ئەو بابەتانە دەکرێت، ئامادەکارییەکان بەردەوامن، کەی ئەم پەتایە ڕێگەی پێدراین، ئەو کات بە دڵنیایەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان کۆنگرەی خۆی ئەنجام دەدات.

*** هەندێ جار دەنگوباسی گۆڕانکاریی ناو پارتی گەرم دەبێت، لە یەك دوو ساڵی ڕابردوو هەندێ دەموچاوی نوێ ئەرکی تۆرگانەکانیان پێ سپێردرا، ئایا ئەو پرۆسەیە بەردەوام دەبێت؟**

- مەحموود محەمەد: پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەر کۆنگرەیەك هەندێك گۆڕانکاری دەکات، لە دوای کۆنگرەش بە هەمان شێوە گۆڕانکاری دەکات، بە بەردەوامیش لەگەڵ پێویستی شوێنی جوگرافیای لقەکان و ناوچەکان گۆڕانکاریی کردووە، ئەو بەرنامەیە هەبووە، کەی پێویست بێت گۆڕانکاری ئەنجام دەدرێت.

جوان ڕۆژبەیانی: بەهۆی تەعریب و داگیرکاری ڕێژەی کورد لە ناوچە کوردستانییەکان کەمی کردووە



سیستەمی فرەبازنەیی کێشەی ئێستای نێو لایەنە عێراقییەکانە بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو، سەرۆکی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمیش لە پەرلەمانی کوردستان پێیوایە، فرەبازنەیی زیاتر لە هەموو لایەنێك زیانی بۆ کورد هەیە.

جوان ڕۆژبەیانی، سەرۆکی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکان، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: ئێمە لەگەڵ سیستەمی فرەبازنەییدا نینە بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق، چونکە فرەبازنەیی زیانی گەورە بە دەنگی کورد دەگەیەنێت لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و پەیامی خۆشیان گەیاندووەتە هەموو لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان لەبارەی مەترسیی فرەبازنەییەوە.

سەرۆکی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکان دەشڵێت: ئەگەر بۆ هەر پارێزگایەك چەند بازنەیەك دیاری بکرێت، ئەوە بێگومان دەنگی کورد لە ناوچە کوردستانییەکان کەم دەبێتەوە، چونکە بە هۆی تەعریب و داگیرکاری ڕێژەی کورد لە ناوچە کوردستانییەکان کەمی کردووە و لە بەرامبەردا ڕێژەی خەڵکی دیکە زیادی کردووە.

ڕۆژبەیانی، هەروەها هۆشداری ئەوەیشی دا: ئەگەر بێت و لەگەڵ جێبەجێکردنی ئەو سیستەمەی فرەبازنەیی، کورد یەکگرتوو نەبێت لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئەوە بێگومان زیانەکانی زۆر زیاتر دەبن لەوەی چاوەڕێ دەکرێت، لەبەر ئەوەش پێویستە هەموو لایەنەکان یەکدەنگ و یەکگرتوو بن.

کەسایەتییەکی سیاسیی بولگاری:

هێشتا هەرێمی کوردستان هیوای گەورەی ئاشتییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا



خەبات – مەریوان نەقشبەندی


ئەلیساندرۆ میرانۆف سیاسەتوانی ناسراو و باڵیۆزی پێشووتری بولگاریا لە عێراق لە دیانەیەکی ڕۆژنامەی خەبات تێشکی خستە سەر پێشهاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دوای ڕێککەوتننامەی ئیسرائیل لەگەڵ ئیمارات و بەحرەین و تەئکیدی کردەوە کە سەرەڕای ئەوەی ساڵی ٢٠١٧ڕێز لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان لە خواستی سەربەخۆییان نەگیرا و وڵاتانی ناوچەکە و حکوومەتی عێراقیش سزای خەڵکی کوردستانی دا، بەڵام هێشتا هەرێمی کوردستان جێگەی بایەخی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هیوای گەورەی ئاشتی و سەقامگیرییە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

میرانۆف لە درێژەی دیانەکەیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: کێشە ئابووریەکانی عێراق و دارمانی نرخی نەوت و جێگیرنەبوونی سیاسەتی ئەمەریکا و گوشاری ئیقلیمی هەموو پێکەوە لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان نەبووە، بەڵام دەکرێت لەگەڵ چارەسەرکردنی ئەم کێشانەدا جارێکی تر ڕۆڵی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەپشتیوانی ئەو ئەزموونە جوانەی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا هەیە بگەڕێتەوە وەك یاریزانی سەرەکی لە ناوچەکە، گوتیشی سەرۆك بارزانی ئەزموونێکی ڕابەرایەتیکردنی شایستەی لەگەڵ ڕووداوەکان هەیە و لەو باوەڕەدام ئەم دیبلۆماسییە نەرمەی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی لەگەڵ عێراق و وڵاتانی ناوچەکە دەبێتە هۆی ئەوەی کورد لە هەموو پارچەکانی دیکە سوود لەم گفتوگۆ و دیبلۆماسییەتەی هەرێمی کوردستان وەربگرێت.

کوردانی تاراوگە یادی ئەنجامدانی ساڵوەگەڕی سێ ساڵەی ریفراندۆم پیرۆز دەکەن

کوردێکی دانیشتووی ئەڵمانیا: سەرۆک بارزانی هەمووانی لەژێر چەتری دەنگدان بۆ سەربەخۆیی کۆکردەوە





ساسان دەرویش – هۆڵەندا
بەشی یەکەم

سێ ساڵ لەمەوبەر لە دەرئەنجامی کەڵەکەبوونی کێشەکانی کورد و پەراوێزخستنی ماف و نازادییەکانی هەرێمی کوردستان و دوورکەوتنەوەی هەندێ لایەنی مەزهەبی و حزبی عێراق لە دەستووری هەمیشەیی عێراق کە تەواوی پێکهاتەکان دەنگیان پێداوە و عێراقی ئەمڕۆی لەسەر بنیادنراوە لە هاوبەشی و پێکەوەژیان، کێشە هەڵواسراوەکان شۆڕبوونەوە بۆ ناو خەڵک و بارودۆخی ژیانیانی ئاڵۆزکرد بەتایبەتی بریندی بودجە، بەمشێوەیەش گەلی کورد ناچارکرا بۆ سەماندنی شوناسی خۆی و گەڕانەوەی ماف و نازادییەکانی و پاراستی دەستکەوتەکانی لە دەرياييەك لە خوێنی شەهیدانی پێشمەرگە و نازادکردنی تەواوی کوردستان لەژێر دەستی تیرۆریستانی داعش، لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ لە کەرنەڤاڵێکی مێژوویيدا زۆرینەی خەڵکی کوردستان هەنگاوی بڕی بەرەو سندوقی دەنگدان و بە بەڵێ دەنگیان بەسەربەخۆیی کوردستان دا و بووە بەڵگەیەکی مێژوویی هاوشانی پەیانامەی سیڤەر و یانزەی ئادار، لەم هەنگاوە پیرۆزە و سەرکەوتنەکەی کوردانی تاراوگەش ڕۆڵی گرنگیان بینی، وێرای لە هەموو شار و شارۆچکەکانی ئەورووپا و دنیا کار و چالاکی هەمەڕەنگیان ئەنجامدا و دواتر لە فێستیڤاڵی کۆڵن هەمووپانی کۆکردەوە و بەیەك ئاراستەویەك پەیام بۆ دنیای بسەلمێنن کە کورد داواکاری چییە، بەم بۆنەیەشەوە چەند کەسایەتییەکی دیاری ناو کوردانی تاراوگە بۆ خەبات دوان:

خاتوو جوان بەکر مەعروف لە ئەڵمانیا بۆ ئەم یادکردنەوەیە گوتی: پێکهاتەی پەرەسەندنی هەندێك مرۆڤ پڕ پڕە لە ئازادی، مرۆڤ تا لە ڕووی پەرەسەندنەوە پێشکەوتن بەدەست نەهێنێت، ناتوانێت بەمانای ئازادی تێ بکات، هەرکات نەمانتوانی لە ئازادیش تێبگەین، نازانین هەوڵ بۆ مافی خۆمان و کەسانی تر و میللەتانی دیکەش بدەین، تەنانەت زۆر کات کۆیلەبوون یان فێڵکردن لە کاروباری ڕۆژانەدا بە سیاسەت ناو دەبەین، لەکاتێکدا بنەمای سەرەکی سیاسەتی ڕاستەقینە تێگەیشتنە لە ئازادی و هەوڵدانە بۆ سەربەخۆیی ناوەکی مرۆڤ، زۆر ئاساییە ئەگەر لە ساڵ یادی ریفراندۆمی پرشکۆی کوردستان دا بڵێم ئەو کەسانەی دەنگی یان بەسەربەخۆیی دا لە ناخیان دا لە بونیاد و کەسایەتییاندا خاوەنی گەورەترین هەستی سەربەخۆبن و ئەمەش ئامانژەیە بۆ ئەوەی تۆ وەك مرۆڤێك پەرەسەندنت لە پێشکەوتنێکی زۆردایە، ئەوەشی بەهانەی بۆ ناسیۆنالیست بوون ئەوە بێت کە ڕەگەزپەرستی یاخود جیاوازی ڕەگەزی دێنێتە ئاراوە، هێشتا پلەی بیرکردنەوەی لە ڕووی پەرەسەندن نەگەشتووە بەوەی جیاوازی نێوان ڕەگەزپەرستی و ڕەگەزپارێزی بکات، ڕیفراندۆمی پرشکۆی کوردی لە ڕووی جیهانییەوە بەیەك هەنگاو توانی زیاتر لە خەباتی سەد ساڵەی ڕزگاریخوازیی کورد وەك نەتەوەی کورد بناسێنێت، لات سەیر نەبێت پەرەسەندن و هۆشمەندی نەتەوەکانی تریشی بەرەو پێشبرد و بیری خستنەوە و فێریکردن نەتەوەیەکی تر لەسەر ئەم هاوزەمینەیان هەیە ناوی کورده، لە ڕووی هەرێایەتیشەوە وەرچەرخانێکی گەورەبوو بۆ کورد و ئیتر کارەندانی بەغدا فێربوون هەوڵێر لە پاشکۆی بوونەوە ئەگەر نەبووبێتە بەهێزتر لە بەغدا ئەوا سەنگی هیچ کات کەمتر نییە و دەبێت لە هەموو هەنگاوێکدا ئەژماری لەسەر بکرێت، ئەگەر بریارە عێراق بمێنێتەوە، ئەگەرنا بەبێ ئەژمارکردن بۆ هەولێر، عێراق خۆری سەدساڵەی تەمەنی ئاوادەبێت، لە ڕووی ناوخۆییەوە جارێکی تر سەرەڕای هەموو دەرئەنجامەکانی ڕۆحی کوردبوونی بەهێزکردین، لەو ڕۆژەوەی ریفراندۆم کراوە لە جیهانی دەرەوەدا لە ڕووماندێت بڵێین ئێمە دەمانەوێت ماڵی خۆمان هەبێت و ون بوونەکەی جاران نین.


عەزیز ئەحمەد حەمە لە ئەڵمانیا لەمبارەیەوە گوتی: ریفراندۆم لاپەڕەیەکی پرشنگداری مێژووی کورده، ئەوا ٣ ساڵ بەسەر ئەو ڕۆژە مێژوویيەدا تێدەپەڕێت کە نەتەوەی کورد بە دەنگدانی خۆی بۆ جیهانی سەماند کە سەربەخۆیی دەوێت، بانگی ئازادی دا بە گوێی هەمووانداو پێیگوتن کە سەربەخۆیی ناگۆڕینەوە بە هیچ شتێکی تر، ئەو ڕۆژەش وەك ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ بەزیندوویی لە بیرەوەری هەموو کوردێکی نیشتیمانپەروەردا دەمێنێتەوە و شانازی پێوە دەکات، بێ ویژدانیەکی گەورەیە ئەگەر ڕۆڵی سەرۆك بارزانی بۆ دەستپێکردن و سەرخستنی ریفراندۆم لەبیر بکرێت، ئەو بوو کە هەمووانی لەژێر چەتری دەنگدان بۆ سەربەخۆیی کوردستان کۆکردەوە، لەگەڵ ئەو هەموو فشارەی کە خستیانە سەری بۆ پاشگەزبوونەوە یان دواخستنی ریفراندۆم و ئەو مافە ڕەوایەی کورد، سەرۆك بارزانی پێیگوتن: من هەرگیز خۆم شەرمەزاری گەلی خۆم ناکەم و کوردیش مافی خۆیەتی بەدەنگی خۆی چارەنوسی خۆی دیاری بکات. ریفراندۆم سەرکەوتووبوو، ڕێژەی دەنگدان بۆ سەربەخۆیی کوردستان ٩٣٪ بوو ، بەڵام ئەوە سەرکەوتنە دوژمنانی دەرەکی و خائینانی ناوخۆیشی خستە یەك بەرەوە دژی کورد و پاشتریش بە پیلانی قێزەون زەبری خۆیان لە نەتەوەی کورد وەشاند

ئاری قەرەداغی لە هۆڵەندا بۆ ئەم یادکردنەوەیە گوتی: ریفراندۆم بەڵگەنامەیکی نەتەوەییە لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ دا لە ڕێگای دەنگدانێکی پاك و بێگەرد دا، تێکڕای کوردستانییانی باشوور لە سوێندێکی پیرۆزدا، پەیاننامەی نەتەوەییان تۆمار کرد، لەو ڕۆژەدا پەیامی دۆستانەی میللەتەکەمان بۆ هەموو میللەتانی سەرگۆی زەوی سەبارەت بە فۆرمی داهاتووی ژیانی کوردستانیکان ئاشکرا بوو، پەیامەکە جگە لە ئاشتیخوازی و پێکەوەژیان و ئازادی هیچ تەفسیرێکی تر لەخۆنەگرت و هەڵناگرێت، هەرچەندە تاکە کەسانێکی مشەخۆر هەوڵی نەشازی گێرەشوێنیدا، بەڵام هەربەخۆیشیان دەنگی بەڵێیان دا، کورد لەو ڕۆژەدا نەخشە ڕێگای مێژوێکی نوێی جیاواز لە پێشووی بۆ نەوەکانی داهاتوو دروستکرد، ئەو نەخشە ڕێگا نوێیە سەرۆك مەسعود بارزانی نەخشاندی، لێرەدا دەنووسم کە کورتبینی لە خەسڵەتی قاچاخچێکانە، دووربینی لە خەسڵەتی متمانە بەخۆدارەکانە،ریفراندۆم تەنها پرۆسەیەك بوو لە پارچەیەکی کوردستاندا(باشووری کوردستان) دا ڕێکخرا و بەڕیوەچوو لە ڕووی دەنگدانی فەرمی و ئاشکراکردنی ئەنجامەکەی کە زۆرتر لە ٩٣٪ بە بەڵێ پشتیوانی خۆیان بۆ ئاشکرا کرد ، لە بەشەکانی تری کوردستانیشدا لەبەر ئەوەی لە ڕووی فەرمی جوگرافی و لۆجیکی یاساییەوە مافی دەنگدانیان نەبوو! بەڵام ئەوان لە ڕێگای فێستیڤاڵە جەماوەرییەکان و چالاکی هەمەچەشنەوە ویستی دەسەلآتدارانی ئەو ولآتانەی لێی دەمێننەوە و تابێیەتی فەرمیان بۆی هەیە، شکاند و لە گۆڕەپان و مەیدانە گشتییەکاندا تێکڕا لە هەر ولآتێکی ئەو ولآتانەدا بەڵێی خۆیان ڕوون و ئاشکرا کرد بەو چەشنەش ٢٥ئەیلوول ٢٠١٧ ڕۆژێکی دیرۆکی هەموو کوردانی سەر ڕووی زەمین بوو، زوویان درەنگ و ئەمڕۆ بێت یان سبەی ڕەچەتەی ریفراندۆم تیاری برینی کورده و ساریژی دەکات.

نورەدین تۆفیق حوسێن لە نەرویژ باسی لەم یادکردنەوەیە کرد و گوتی: ٣ ساڵ لەمەوبەر بۆ یەکەمجار لە میژووی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد دا، داستانێکی گەورە تۆمار کرا ئەویش ریفراندۆم بوو کە لە سەدا ٩٣ی گەلی کورد لە باشووری کوردستان دەنگیان پێ دا لەگەڵ ئەو هەموو ئاستەنگانەی کە هاتنە پێش، ریفراندۆم بوو بە بەڵگەیەکی مێژوویی وەك تاپۆی ڕەش کە لە داهاتودا نەتەوەکەمان بەکاری بهێنێت وەك فشار ئەگەر هاتوو دوژمنان یان دەسەلآتداران گوێیان نەدا بۆ خواست و داواکارییەکانمان، ئەبێت هەموو کورد و هەموو دونیا ئەو ڕاستییە بزانن کە سەرۆك بارزانی داڕێژەر و بڕیاردەی ئەم بیرۆکەیە بوو، ئەوە بوێری و ئازایەتی سەرۆك بارزانی بوو هەنگاوەکانی ریفراندۆمی بەرجەستە کرد و ئەو ڕۆژە پیرۆزەی دیاری کرد کە هەموو کوردێك بە ئازادانە چووە سەر سندوقی دەنگدان و دەنگی خۆی دا بە ریفراندۆم و پیرۆزییەکی بۆ خۆی تۆمار کرد لەگەڵ ئەوەی هەموو ولآتانی دراوسێ و زۆرێك لە ولآتانی جیهانیش دژایەتی خۆیان بۆ ئەم پرۆسەیە دەربڕی و ئامادەنەبوون دەنگ بە ئەنجامەکەی بدەن، ریفراندۆم بەسەرکەوتوویی ئەنجامدرا، هیوادارم هەموو کوردێك ئەم یادە پیرۆزە بەرز ڕابگرێت و هەموو ساڵێك یادی بکەینەوە و بەدەستکەوتێکی نەتەوەیی گەورە سەیری بکەین، لە کۆتاییدا دەیان و سەدان جار ئامادەم دەنگ بە ریفراندۆم بدەم دەنگ بە ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان بدەم.



نورەدین تۆفیق حوسێن



جوان بەکر مەعروف



ئاری قەرەداغی



عەزیز ئەحمەد حەمە

سەلاحەدین.. کاروانێکی هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی کرایە ئامانج

سوپای عێراق ڕایگەیاند کە بۆمبێکی چێنراو بە کاروانێکی گواستنەوەی کەلوپەلی لۆجستی هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژ بە داعش بەڕابەرایەتی ئەمەریکا لە سنووری پارێزگای سەلآحەدین باکووری عێراق تەقیوەتەوە بێ ئەوەی هیچ زیانێکی گیانیی لێبکەوێتەوە.

شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنی سەر بە وەزارەتی بەرگریی عێراق لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاوی کردەوە کە بۆمبێکی چێنراو بە کاروانێکی گواستنەوەی کەلوپەلی لۆجستی هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژ بە داعش لە سنووری پارێزگای سەلآحەدین تەقیوەتەوە. لە ڕاگەیەندراوەکەدا باسی لەوەکراوە کە تەقینەوەکە، جگە لە زیانی مادەیی هیچ زیانێکی گیانیی نەبووە. تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵەش هیچ لایەك بەرپرسیارییەتی خۆی لە ئەنجامدانی تەقینەوەکە ڕانەگەیاندووە.

ڕۆژی دووشەممە هەر سێی سەرۆکایەتیەکەی عێراق بەتوندی ئیدانەی ئەو هێرشانەیان کردبوو کە دەکرێنە سەر بارەگای نێردە دیپلۆماتییەکان لە عێراق و ڕایانگەیاندبوو کە ئەو هێرشانە سەرچاوەکەی هەر کۆییەك بێت، دەستدرێژییەکی قێزەونە بۆسەر سەروەری نیشتمانی و بەرژەوەندییەکانی گەلی عێراق.

لە مانگی تەمووزی ڕابردووەوە چەندینجار کاروانی گواستنەوەی کەلوپەلی لۆجستی و سەربازیی هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژ بە داعش بەڕابەرایەتی ئەمەریکا لە چەند پارێزگایەکی عێراق لەلایەن کەسانی نەناسراوەوە کراونەتە ئامانج.

واشنتۆن کەتائیبەکانی حزبوڵڵاڵ عێراق و گرووپە چەکدارەکانی دیکەی نزیك لە ئێران بە ئەنجامدانی هێرشە مووشەکییەکان بۆسەر ئامانجەکانی ئەمەریکا لە عێراق تۆمەتبار دەکات. پێشتر گرووپە چەکدارە شیعەکان لەنێویاندا کەتائیبەکانی حزبوڵڵاڵ عێراق هەڕەشەی بەئامانجکردنی هێزەکان و بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکایان کردبوو، ئەگەر لە عێراق نەکشێنەوە.



ژمارەیەک گوللە هاوەن لە ناوچەی سەوز کەوتنە خوارەوە

سوپای عێراق ڕایگەیاند کە سێ گوللە هاوەن لە ناوچەی سەوز ناوەڕاستی شاری بەغدا کەوتوونەتەخوارەوە.

شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنی سەر بە ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاوی کردەوە کە بەرەبەیانی دوێنێ سێشەممە، سێ گوللە هاوەن لە ناوچەی سەوز کەوتوونەتە خوارەوە. بەپێی ڕاگەیەندراوەکە کەوتنەخوارەوەی گوللە هاوەنەکان، هیچ زیانێکی گیانیی و مادیی لێ نەکەوتووەتەوە. ئەوەیش خراوەتەڕوو کە سێ گوللە هاوەنەکە لە ناوچەی کەراوە ناوەڕاستی بەغداوە ئاراستەی ناوچەکە کراون.

محەمەد حەلبوسی داوای ڕێککەوتنی هێزە سیاسییەکان لەسەر یاسای هەڵبژاردنەکان دەکات



سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، محەمەد حەلبوسی داوای لە هێزە سیاسییەکان کرد کە لەسەر یاسای هەڵبژاردنەکان ڕێکبکەون تا بتواندرێت هەڵبژاردنی پێشوەخت ئەنجام بدرێت.

محەمەد حەلبوسی لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر نووسیویەتی تەواوکردنی بازنەی هەڵبژاردنەکان بووەتە ناچاری بۆ ئەوەی یاسایەکی دادپەروەر بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەخت پەسەند بکرێت کە خواستی گەل بەدی بهێنێت. سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، محەمەد حەلبوسی داوای لە فراکسیۆنەکان کردووە کە لە دانیشتنی ڕۆژی شەممەی داهاتووی ئەنجوومەنی نوێنەران ئامادەبن، چونکە یەکێك لە خاڵەکانی کارنامەی دانیشتنەکە، تایبەت دەبێت بە تەواوکردنی بازنەی هەڵبژاردن.

لەئێستادا گەورەترین ئاستەنگ لەبەردەم ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەخت پرۆژەیاسای نوێی هەڵبژاردنەکانە کە لە ساڵی ڕابردووەوە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقە و بەهۆی ناکۆکی نێوان لایەنە سیاسییەکانەوە لەسەر ناوەڕۆکی پرۆژەیاساکە بە تایبەتیش فەرەبازنەیی، تا ئێستا پەسەند نەکراوە.

پێشتر سەرۆکوەزیرانی عێراق، مستەفا کازمی ڕۆژی شەشی حوزەیرانی ساڵی داهاتووی بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە دیاریکرد و بەڵێنی ئەوەی دا کار بکات بۆ ئەوەی هەڵبژاردنێکی بێگەرد لەژێر سەرپەرشتی نیودەوڵەتییدا بەڕێوەبچێت.

هاوکات جوان ڕۆژبەیانی، سەرۆکی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکان لە پەرلەمانی کوردستان ڕاگەیاندووە ئێمە لەگەڵ سیستەمی فەرەبازنەییدا نینە بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق، چونکە فەرەبازنەیی زیانی گەورە بە دەنگی کورد دەگەیەنێت لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و پەیامی خۆشبەختی گەیاندووەتە هەموو لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان لەبارەی مەترسیی فەرەبازنەییەوە. هەروەها هۆشداری ئەوەیشی داوە ئەگەر بێت و لەگەڵ جێبەجێکردنی ئەو سیستەمەی فەرەبازنەیی، کورد یەکگرتوو نەبێت لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئەوە بێگومان زیانەکانی زۆر زیاتر دەبن لەوەی چاوەڕێ دەکرێت، لەبەر ئەوەش پێویستە هەموو لایەنەکان یەکدەنگ و یەکگرتوو بن.

ئەمەش لەکاتێکدایە کە بەگشتی لایەنی هەرێمی کوردستان سەرنجیان لەسەر یاساکە هەیە و داوا دەکەن پێویستە ڕەچاوی تایبەتمەندییەکانی هەرێمی کوردستان بکرێت، بەتایبەتی چونکە ئێستا ناوچەیەکی زۆری کوردستانی لەژێر داگیرکاریدان و تەعریب لە کەرکووك لە ئارادایە و ئەمەش زیان بە دەنگەکانی کورد دەگەیەنێت.

پارێزگەرێ دهۆکێ دگەل نوونەرێن هولێن شەهیانا و یارییێن وەرزشی کۆمبوو



دوهی نیڤرۆ ٢٢-٩-٢٠٢٠ د.عەلی تەتەر پارێزگەرێ دهۆکێ دگەل نوونەرێن هولێن شەهیانا و یارییێن وەرزشی کۆمبوو ، دکۆمبوونێدا ب ئامادەبونا ماجد سەید صالح جێگرێ پارێزگەرێ دهۆکێ ب وەکالەت بەحسێ رەوشا خەلکێ پارێزگەهێ و کارتێکرنا ڤایروسێ کورونا ل سەر ژین و ژیارا هاولاتی و خودان کاران و رێنمایێن تەندورستی پێن بەرهنگاربونا ڤایروسی و پێگریا هاوڵاتیان ب وان رێنمایان هاتە کرن. نونەرێن هولێن شەهیانا داخاز ژپارێزگەرێ دهۆکێ کر کو هاریکاریا وان بکەن و دەرگەهێن هولێن شەهیان ڤەکەن و بەرهەڤیا خو دیارکر کو دێ ب هەموو رەنگا هەڤکاربن دگەل ژۆرا ئوپەراسیونا و دێ پێگریێ ب هەموو رێنمایا کەن یێن بو وان دهێنە دەست نیشانکرن.

ژلایێ خوڤە پارێزگەرێ دهۆکێ تەکەزکر کو دڤێت ئەم هەموو پێگریێ ب رێنمایێن تەندورستی بکەین و ل رۆژێن بهێت ژۆرا ئوپەراسیونا ل پارێزگەهاد هۆکێ دێ کۆمبوونەکێ دگەل نونەرێن هولا سازکەت وبابەتێ ڤەکرنا هولا گەنگەشەکەت وهەکە دیت ڤەکرنا وان دبەرژەوەندایا گشتی دا یە دێ رێنمایێن تایبەت دەرکەن و هولێن شەهیانا و یارییێن وەرزشی ل دووڤ وان رێنمایا هێنە ڤەکرن.

هەژی گوتنێ یە ئەڤرۆ بەری نیڤرو ژمارەکا خودانێن هولێن شەهیان و یارییێن وەرزشی خرڤەبونەکا ئاشتیانە ل بەر دەرگەهێ پارێزگەهێ ئەنجامدابوو وداخاز کربو کو پارێزگەها دهۆکێ رازیبونا خو دیارکەت و هولێن شەهیانا و یارییێن وەرزشی بهێنەڤەکرن.

سەعید سەلیم: بە هەرێمکردنی پارێزگای سلێمانی لە واقیعدا جێگەی نابێتەوە



لە میانەی وەرزی نوێی چالاکییەکانیدا، رۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢٢ ی ئەم مانگە، مەکتەبی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان، کۆڕێکی بۆ هەڤاڵ سەعید سەلیم بەرپرسی لق لە ژێر ناونیشانی (هەوڵی بەهەرێمکردنی پارێزگای سلێمانی .. ئامانج و ئەنجام) سازکرد.

کۆڕەکە کە بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە جەماوەری شاری سلێمانی و لە هۆڵی بارەگای لقی چوار بەڕێوەچوو، تایبەت بوو بەو هەوڵەی باس لە بەهەرێمکردن و جیاکردنەوەی ناوچەکانی سلێمانی لە هەرێمی کوردستان دەکات و ماوەیەکە لێرەو لەوێ لە لایەن هەندێک کەس و دەزگاوە بانگەشەی بۆ دەکرێت. هەڤاڵ سەعید سەلیم لەو کۆڕەدا بە ڕوونی و بەڵگەوە تیشکی خستە سەر خاڵە نێگەتیفەکانی پرۆژەیەکی لەو چەشنەو ویرای خستنەڕووی مەترسییە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی، جەختیشی لەوە کردەوە، کە لە ڕووی واقیعەوە بەدیهاتنی ئەو کارە مەحاڵەو لە واقیعدا جێگەی نابێتەوە.

بەرپرسی لقی 16 پێشوازی لەشاندێکی پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریا ئەلپارتی کرد



بەمەبەستی پتەوتر کردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردولاو هەماهەنگی زیاتری نێوانیان و تاووتوێکردنی دواییێن رووداوو پێشهاتەکان . بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی ١٦ ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان بەئامادەبوونی چیا محەمەد هەرکی و حسین حسك ناوندیی کارگێڕانی لق لەبارەگای لق بەگەرمی پێشوازی لە نوری بریمۆ ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریا ئەلپارتی و شاندێکی یاوەری کرد . لەدەسپێکی کۆبوونەوەکەدا شاندی میوان وێرای سوپاس و پێزانینی زۆریان بۆ ئەو پێشوازییە گەرمەی لێیان کرا ئاماژەیان بەرۆڵی گرنگ و پر بایەخی سەرۆك و سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد کە هەمیشە پشت و پەنای هەموو هێزو لایەنە سیاسییە ئازادیخوازەکانی پارچەکانی کوردستان بووە , هەروەها باسیان لەدواییێن رووداوەکانی رۆژئاوای کوردستان کرد بەتایبەتی پرۆسەی گفتوگۆی نێوان لایەنە سیاسییەکانی رۆژئاوا بۆ گەیشتن بەچارەسەرێکی گونجاوو پرسی هاونیشتمانیانی رۆژئاوا کە تائێستا لەباشور نێشتەجێن و چەند تەوەرێکی دیکەیان خستە بەرباس و جەخت لەسەر هاوخەباتی و هاوهەڵوێستی و کاری هاوبەشی نێوان هەردوولا کرایەوە .

دواتر بڵند ئیسماعیل بەناوی ستافی لقەوە بەخێرهاتنی گەرمی شاندی میوانی کرد و ئومێدی خواست ئەو دیدارو کۆبونەوانە بەردەوامبن بەمەبەستی کاری هاوبەش و هەماهەنگی بەردەوامی نێوان هەردوولا لەپێناو زیاتر خزمەتکردنی دۆزی رەوای گەلەکەمان و رایگەیان کە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك هەمیشە بەردەوام دەبێت لەخزمەتکردنی خوشك و براکانمان تا ئەو کاتەی دەگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان , هەروەها ئاماژەی بەرووداو پێشهاتە خێراکانی ناوچەکەکردو لەژێر ڕۆشنایی ئەو پێشهاتانەشدا پێویستە خیتابی سیاسی نەتەوەکەمان یەکبخەین بۆ گەیشتن بەتەواوی مافە نیشتمانی و نەتەوەییەکانمان .

دوو کاتژمێر دەوامی بەشی مۆڵەتی هاتووچۆی هەولێر کەمدەکرێتەوە

بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر لە ئاگادارینامەیەکدا ڕایگەیاند: سەرجەم شوفێران و هاووڵاتیان ئاگادارەکەینەوە کەوا لەرۆژی یەکشەممەی داهاتوو کە دەکاتە ٢٧/٩/٢٠٢٠وە دەوامی بەشی مۆڵەتی هاتووچۆی هەولێر تاکو کاتژمێر ٤ی ئێوارە دەبێت لەجیاتی کاتژمێر ٦ی ئێوارە. ڕاشیگەیاندووە: ئەم کەمکردنەوەی دەوامەش لەبەر گۆڕانی وەرز و کەمبوونەوەی ئەو لۆدەیە کەپێشتر لەبەشی مۆلەت هەبوو.

پۆلیسی هەولێر:

ئەو دوو تۆمەتبارەی مۆبایلیان لە منداڵان دەدزی، دەستگیر کران



بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر لە ڕاگەێندراوێکدا ڕایگەیاند: بەشی پۆلیسی نەهێشتنی تاوان – نووسینگەی ڕۆژهەڵات، دوو کەسی بە ڕەگەز سووریبیان بە ناوەکانی (ش.ع.ق) و (ح.ع.ی) بە تۆمەتی دزینی ١١ مۆبایلی زیرەك دەستگیر کرد، کە لە چەند گەڕەکێکی جیاوازی شاری هەولێر بە ماتۆرسکیل مۆبایلی زیرەکیان لە دەست منداڵان دەڕفاند و لێیان دەدزین.

تۆمەتباران دانیان نا بە تاوانەکەیاندا، بۆیە پەڕاوی لێکۆڵینەوەیان بۆ ڕێکخرا و بە بڕیاری دادوەر و بەپێی مادەی (٤٤٦) لە یاسای سزادان، ڕاگیران و درانە دادگا. پۆلیسی هەولێر هاووڵاتیان ئاگادار دەکاتەوە، هەر کەسێك دزیی هاوشێوەی لێ کراوە و مۆبایل لە منداڵەکانی دزراوە، بە مەبەستی تۆمارکردنی سکاڵا، سەردانی بەشی پۆلیسی نەهێشتنی تاوان – نووسینگەی ڕۆژهەڵات بکات.

ڕەگەزنامەی هەولێر هاوڵاتییان ئاگادار دەکاتەوە

بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕەگەزنامەی هەرێمی کوردستان لە ڕاگەیەندراوێکدا هاووڵاتییان ئاگادار دەکاتەوە، بە مەبەستی ئاسانکاری و کەمکردنەوەی ڕۆتین هۆبەی وەرگێڕانی تۆماری شارستانی ئەلیکترۆنی ، ڕاستی و دروستی ، سوڕەت قەید دەستبەکاربووە. بەڕێوەبەرایەتی ڕەگەزنامە و کاروباری شارستانی هەولێر دەڵێ: بە مەبەستی کارئاسانی و کەمکردنەوەی ڕۆتین، هۆبەی وەرگێڕانی تۆماری شارستانی (ئەلیکترۆنی و ڕاستی و دروستی/ سوڕەت قەید) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/١٦ دەستبەکاربووە لە بەڕێوەبەرایەتییەکەمان. بەڕێوەبەرایەتیەکە داوا لە هاووڵاتیان دەکات بۆ مامەڵەی وەرگێڕانی تۆماری شارستانی، بۆ ئەو مەبەستە هاووڵاتیان پێشتر پێویست بوو سەردانی بەغدا بکەن لەئێستادا ئەم مامەڵانە لە بەڕێوەبەرایەتی ڕەگەزنامە و کاروباری شارستانی هەولێر دەکرێت بۆ کارئاسانی هاووڵاتیانی خۆشەویست.

پارێزگاریّ دهۆکێ سوپاسیا نوشدار و کارمەندێن تەندورستیا دکەت

سەرەڕایی هەموو کێموکاسیان سپاسیەکا بێ سنوور بۆ پزشك و کارمەندێن تەندورستیێ کو ئەڤە ماوێ هەفت هەیڤانە بێ ڕاوەستان و ب شەڤ وڕۆژ دخزمەتا نەخوشاندانە ، ئەم دزانین هون دناڤ مینێن ڤایرۆسا کۆرۆنایێدا پێنگاڤا د هاڤێژن و هەرگاڤ ڕەنگە مینەکا ڤایرۆسا ب وەڤە ب پەقیت ، لێ وەکو ئەرکەکێ پیشەیی و مروڤایەتی و نیشتیمانی هەوە گوە نەدایێ و وەخزمەت کریە، هیڤیدارم گوهێ خو نەدەنە گوتگوتکێن بێ بنەما ودەزگەهێن ڕاگەهاندنێن نەبەرپرسیار، ئەم هەموو سوپاسدارێن خزمەتا وەینە. هیڤیدارین باشتر و گەرموگورتر خزمەتا نەخوشان بکەن، چونکی هەموو نەخۆشەك کەسوکارێن وەنە ، ژبلی کارێ مرۆڤایەتی و پێشەیی.

علی تەتەر
پارێزگاریّ دهۆکێ



پرسەنامە

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان
بەڕێز، کاك دکتۆر عەلی ڕەشید

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی باوکی بەڕێزتان(ڕەشید ئەحمەد خۆشناو)مان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی بەڕێزتان و تەواوی خانەوادە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمتان دەزانین. لە خودای مەزن داواکارین گیانی خوالێخۆشبووی باوکتان بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات، دڵنەوایی و ئارامی بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت .

.....

بەڕێز، فەریق شێروان عەبدولڕەحمان

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی(سیروان سەید عەبدولڕەحمان سەید عەلی باخچە)ی بەرای بەڕێزتانمان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی بەڕێزتان و خانەوادە نیشتیمانپەروەرەکەتان و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمتان دەزانین. لە خودای مەزن داواکارین گیانی خوالێخۆشبووتان بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات، دڵنەوایی و ئارامیش بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێز، پەروین عەلی محەمەد بیوکی

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کاك(ستار عەلی محەمەد عەلی بیوکی)ی برای بەڕێزتانمان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی لە بەڕێزتان و تەواوی خانەوادە بەڕێزەکەتان و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمتان دەزانین. لە خودای گەورە داواکارین گیانی خوالێخۆشبوو کاکە ستار بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات.

.....

بەڕێز، هاوەنگ فاروق

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی دایکی بەڕێزتانمان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی بەڕێزتان و تەواوی خانەوادە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین، خۆمان بە هاوبەشی خەمتان دەزانین. لە خودای گەورە داواکارین گیانی خوالێخۆشبووی دایکتان بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات و دڵنەوایی و ئارامیش بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێزان لەخانەوادەی حەمەخان حاجی دارا،

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کاکە(ئەحمەد)ی کوڕی شەهیدی فەرماندە(حەمەخان حاجی دارا) و برای (عەمید عیرفان حەمەخان فەرماندەی فەرماندەی گەرمیان)مان پێگەیشت.

پرسە و سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێزەکەتان و خزم و کەسوکار و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین، خۆمان بە هاوبەشی خەمتان دەزانین. لە خودای گەورە داواکارین گیانی خوالێخۆشبوو کاکە ئەحمەد، بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات، دڵنەوایی و ئارامی بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

انا لله وانا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

هەڤاڵی بەڕێز فەریق شێروان

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کاکە سیروانی براتانمان بیست. بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و کەسوکار و بنەماڵە تێکۆشەرەکەتان دەکەین و خۆمان بە شەریکی خەمتان دەزانین. لەخودای گەورە داواکارین دڵنەوایی و ئارامی بە ئێوە ببەخشێت و گیانی کۆچکردوویش بەبەهەشتی بەرین شاد بکات..

***

بەڕێزان خانەوادەی حەمەخانی حاجی دارا

خەمباربووین بە بیستنی هەواڵی کۆچی ناوادەی کاکە (ئەحمەد)ی کوڕتان. بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و بنەماڵەکەتان و سەرجەم خزم و ئاشنایانتان دەکەین و شەریکی خەمتانین. لەخودای گەورە داواکارین سەبوری و ئارامی بە ئێوە ببەخشێت و گیانی کۆچکردوویش بەبەهەشتی بەرین شاد بکات..

انا لله وانا الیه راجعون

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان

بەڕێز کاک فەریق شێروان

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی (سیروان)ی برای بەڕێزتانمان پێگەیشت، بەم بۆنە خەمناکەوە، بەناوی سەرنووسەر و ڕۆژنامەنووس و کارمەندانی ڕۆژنامەکەمانەوە سەرەخۆشیتان لێ دەکەین، لە خوای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بە بەهەشت شاد بکات و سەبووری بە ئێوە و خانەوادەکەتان ببەخشێت.

انا لله وانا الیه راجعون

خەبات



خەبات: تریفە ئازاد

لە 25-9-2017 ریفراندۆم لە تەواوی هەرێمی کوردستان و ناوچە دابڕیندراوەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمیش ئەنجامدرا، هاونیشتیمانیان سەرپشککران لە دەنگدان بە بەڵێ یان نەخێر بۆ سەربەخۆیی، بەڵام نزیکەی 93%ی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی دەنگیاندا. مامۆستایانی زانکۆ لەم راپۆرتەی خەباتدا تیشک دەخەنە سەر لایەنە مێژوویی و یاسایی و دەستووری و سیاسییەکانی ریفراندۆم بۆ رۆژنامەی خەبات دەدوێن:

ژمارەیەک لە مامۆستایانی زانکۆ لەبارەی ریفراندۆمەوە قسە بۆ خەبات دەکەن

ڕیفراندۆم ڕای گەل بوو و پیادەکردنێکی ڕەوای کورد بوو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش سەرپەرشتیی پرۆسەکەی کردووە

لێکەوتەو دەرەنجامەکانی ریفراندۆم، لە ڕوانگەی مێژوویییەوە

دکتۆر شوان محەمەدئەمین خۆشناو شارەزا لە مێژوو و مامۆستای زانکۆ لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین لە ڕوانگەی مێژوویییەوە سەیری ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان دەکات و لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: 25ی ئەیلوول ڕۆژێکی پڕشنگداری مێژوویییە لە مێژووی نەتەوەی کورد، دیارە ئەو یادە قسەی زۆری لەسەر کرا، بە دەیان نووسین و نامیلکەی لەسەر نووسرا، هەندێکیان هێنده بەدوای ئایدیۆلۆژیای پەرگیرانە کەوتبوون لە ناڕاگایی سیاسیی و ناهۆشیاری مێژوویی و نابەرپرسیارێتی نەتەوەیی دڕی ئەم ڕەوتە وەستانەوە و پڕۆسە و ئەنجامەکەیان بە نەرێنی لەقەڵەمدا، ئاخر خۆبەچەپزان و لیبرال و نوێخواز پێش هەر شتێك کەوتنە ئەو تەڵەیەوە، چونکە دژایەتیکردنی ڕاپرسی (Referendum) دژایەتیکردنی دیموکراسییە، ڕاپرسیش بۆ هەرچی بێت هەر هەنگاوێکی



دیموکراسییە و گەڕانەوەیە بۆ ڕای گەل و نەتەوە و میللەت، چ جای ئەوەی ڕاپرسییەك بۆسەربەخۆبوون و ڕزگاربوون لە پاشکۆیەتی دەسەڵاتدارانی عەرەب یان تورك و فارس ئەنجام درابێت و ئەنجام بدرێت، بێ ئاگا لەوەی خراپی گوزەران و ژیان و گەندەڵی و نادادەری کۆمەڵایەتی و کەموکوڕییەکانی دەسەڵاتی کوردی و...هتد، ئەوانە شتێکن بەگۆڕینی تاکتیکی حوکمڕانی و دارشتنی پلانی تۆکمە و فشاری مەدەنییانەی جەماوەریی هەر چاك دەبێت و تاسەر بەردەوامی نییە، وەڵێ ڕاپرسی بۆ دروستبوونی ناسنامەی تاکی کوردی و دراوی کوردی و پاسپۆرتی کوردی و ئاڵای کوردی و نوێنەرایەتی کوردی و شکۆدارکردنی شکۆی کورد و سنووری کوردی و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی بوو، ئەوەیان شتێکی تەرە، ئێمە دەزانین ئەو کاروانە بە هەوراز و نشێوی سەخت تێپەڕیووە تا بەم وێستگەیە گەیشت، ئەمڕۆی کورد بەرهەمی سەدان ڕاپەڕین و داستان و گیانفیدایی و بە خوێنی شەهیدان هاتۆتەدی و خۆڕسك نەبووە.

د. شوان محەمەدئەمین گوتیشی: لە کۆنەوە مێژوو پێمان دەڵێت کورد هەڵی بۆ ڕەخساوەو خۆی لەخاچ داوە، ئێستاش سوودی لە مێژوو وەرنەگرتووە، لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری 1991وە سەدای دەنگێك بیستراو بوو و دەگوترا کورد دەرفەتی زۆری لە دەستداوە، ریفراندۆم ئەزموونێکی نوێ بوو، سەلماندی کورد نەتەوەیێکی خاوەن ویستی سیاسییانەی خۆیەتی لە ناوچەکە و هەست و ویستی هاوبەشی هەیە، بە بەڵگەی ڕێژەی 93%ی هەموو کوردستان دەنگی بە سەربەخۆیی دا، خۆ ئەگەر زەمینەی خراپی درزی ناوخۆیی نەبووایە وەك ئەوەی لە 16ی ئۆکتۆبەر ڕوویدا ، لەگەڵ هەموو کەموکوڕییەکانی پێگەی سیاسی و سەربازی و ئابووری کورد، ئەنجامەکە بە جۆرێکی دیکە دەبوو، کورد بە هەزاران خوێندەوار و بڕوانامەداری هەیە، کەسی شارەزا و پسپۆری جیاجیای هەیە، خاکی هەیە، زمانی هەیە، کلتوری هەیە، تایبەتی هەیە، دابونەریتی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەوەی ڕوویدا نەبوونی ویستی هاوبەش و هەڵوێستی دەستەجەمعی بوو لە حوکمڕانی هەرێمەکەدا، ئەو لایەنانەی هەژموونی ئایدیۆلۆژیان بەسەر شوێنکەوتووانی خۆیان سەپاندووە، ئەرك و بەرپرسیارێتی گەورەی مێژووییان لەسەر شان بوو بۆ گۆشکردن و جۆشکردنی جەماوەرەکەیان و هاوکات بۆ کپکردن و کزۆڵکردنی هەڵوێستەکانییان، چونکە ڕاپرسی مۆلکی نەتەوەیەك بوو و دەنگی بەزۆر کپکراو و نوسێنراوی چەندین ساڵەی مێژووی میللەتێك بوو، بایەخێکی زێدە گەورە و مێژوویی هەبوو، شارەیاری جارانی ڕێفراندۆم شکۆی بەنەتەوەیەك بەخشی، کە وێستگە شکستخواردووەکانی مێژوو دووچاری شەرم و ترسی کردبوو، یەکەمجار بوو کورد بکەر بوو نەك بەرکار، کاراکتەر بوو نەك ملکەچ و تەماشاکار، ریفراندۆم کلتوری خۆبەکەمزانینی ڕامانی و بەدەنگێکی زۆڵاڵەوە بە حوکمڕانانی ناوچەکە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گوت: نا بۆ پاشکۆیەتی .

ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان لەنێوان دەستوری عێراق و مافی بڕیاردانی چارەنووس

د. سۆلاف کاکەیی شارەزا لە بواری دەستووریی و مامۆستای زانکۆ لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: لە یاسای نێودەوڵەتی گشتی چوار ڕێگای سەرەکی هەن بۆ پراکتیزەکردنی مافی بڕیاردان لە سەر چارەنووسی گەلان، ئەوانیش بریتین لە: ڕیفراندۆمی میللی، بڕیار لە لایەن دەستەیەکی هەڵبژێردراو، لێژنەی نەهێشتنی داگیرکردن، بەرگری. هەر بۆیە ئەنجامدانی گشتپرسیەکەی هەرێمی کوردستان لە 25ی ئەیلوولی 2017 دەرئەنجامی ئەو ڕێگا مەشروعەیە لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی گشتی دەستنیشان کراوە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی میللەت و گەلان لە جیهاندا. ئەو مافە مافی بڕیاری چارەنووس لە ڕێگای ڕاپرسیەکی گشتی میللی مافێکی ڕەوای گەلی چەوسێنراوە بەدەر لەوەی ئایا لە دەستووری وڵاتەکە ئامارژەی پێکراوە یان ئامارژەی پێ نەکراوە. ئەمەیش هاندرێك بوو بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە ناوچەی کیوبیەك بۆ جیابوونەوە لە کەنەدا (ساڵی 1980 و ساڵی 1995)، وە ڕێفراندۆمی کەتالۆنیا بۆ جیابوونەوە لە ئیسپانیا (ساڵی 2017)، هەرچەندە دەستوری وڵاتیان ئامارژەی پێنەکردوە یان ڕێگەی پێ نەداوە.

هەروەها د. سۆلاف کاکەیی گوتیشی: لە دەستوری عێراقی هەمیشەیی بۆ ساڵی 2005 دەقێکی دیاریکراو نیە کەوا ڕێگە بداتە پێکهاتەیەك یاخود ناوچەیەك هەستێت بە ئەنجامدانی ڕاپرسیەك بۆ سەربەخۆیی یان جیابوونەوە یان هەر چارەنووسیکی تر، بەڵام نەبوونی دەقێکی دیاریکراو و ڕاشکاو ڕێگر نییە لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەکە، چونکە دەستووری هەمیشەیی عێراق ڕێگەی نەداوە بە ڕیفراندۆم و لە هەمان کاتدا قەدەغەشی نەکردووە. ئەم تێبینیە لە بەشی یەکەمی دەستوورەکە کە لە ژێر ناونیشانی بنەما



گشتییەکان دا هاتووە لە مادەکانی 1_13، کە جەخت لە سەر یەکپارچەیی عێراق دەکاتەوە. هەر ئەم یەك پارچەییەی دەوڵەتەکە بووە پاڵپشتیەکی دەستوری بۆ حکوومەتی ئیتیحادی و ئەنجومەنی نوێنەرانی ئیتیحادی بۆ تانەگرتن لە نادەستوریەتی ریفراندۆمەکەی هەرێمی کوردستان و دەرکردنی چەندین بڕیار لە دادگای باڵای ئیتیحادی، بە بیانۆی ئەوەی پرۆسەی ریفراندۆم پێچەوانەی دەستوری عێراقە.

لە کاتێکدا، ئەنجامدانی ریفراندۆمەکە پێچەوانەی دەستور نەبوو، بەڵکو موماڕسەیەکی ڕەوای نەتەوەی کورد بوو بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووسی خۆی ئەویش دوای پەراوێزکردنی مافە دەستووریەکان و پشتگوێخستنی داواکارییەکانی لەلایەن حکوومەتە عیراقییەکانی یەك لە دوای یەکدا، بە تایبەتی پرسی پێشمەرگە و نەوت و مادەی 140 تایبەت بە کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکان، هەروەك لە پێناسەی مافی چارەنووسدا هاتووە کە بریتییە لە: مافێکی ڕەوای میللەتە چەوساوەکان، کاتێك تووشی پشتگوێخستن دەبن لە سەر خاکی ڕەسەنیان، لە هەموو لایەنەکانەوە، چ سیاسی بێت یان ئابووری یان کلتوری یان ئایینی یان نەتەوەیی و....هتد.

د. سۆلاف کاکەیی لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا ئامارژەی بە دەستوورییون و نادەستوورییونی ریفراندۆمدا و گوتی: کێشەی ناکۆکی نەتەوەیەك لەگەڵ حکوومەتی دەوڵەتەکەی و هەوڵدان بۆ جیابوونەوەی لە چوارچێوەی دیاریکردنی مافی چارەنووسی خۆی، کێشەی زۆربەی وڵاتانی جیهانە بە جیاوازی ئیعتباراتی سیاسی و قانونی و دەستووری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتووری و تەنانەت ئاستی پێشکەوتنی دەوڵەت، بۆ نموونە: وەك دەوڵەتە ئەورووپیەکان، بەڵام ئاستی کێشەکە تونددە لە وڵاتێك بۆ وڵاتێکی تر، ئەویش پەیوەندی بە کلتووری سیاسی دەوڵەتەکە هەیە، کە چۆن حکوومەتەکانی مامەڵە لەگەڵ ماف و داواکاری نەتەوەکانی دەکات. واتا بە ڕێگەیەکی ئاشتەوایی هەروەك حکوومەتی بەریتانیا ڕێگەیدا بە گەلی ئوسکۆتلەندی بۆ ئەوەی ریفراندۆم ئەنجام بدات بۆ مانەوە لە شانشینی یەکگرتوو یان جیابوونەوە و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لە ساڵی 2014دا، بە پێی ڕێککەوتنێکی سیاسی نێوان بەریتانیا و ئوسکۆتلەندا، یان بە پەراوێزکردنی داخوازی نەتەوەکان و پێشێلکردنی مافەکانیان تاکو گەیشتە ئاستی هەڵگیرساندنی شەڕی خوێناوی لە ناوچەکە، بۆ نموونە هەوڵدانی جیابوونەوەی هەرێمی بیافرا لە دەوڵەتی نایجیریی فێدرالی لە ساڵی 1967، ئەمە جگە لە ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ جیابوونەوە لەلایەن هەرێمی کەتالۆنیا لە ئیسپانیا و ناوچەی کیوبیك لە کەنەدا بۆ چەندین جار، سەرەڕای نەبوونی دەقێکی دەستووریی دەوڵەتەکانیان بۆ ئەنجامادانی ریفراندۆم لە پێناوی جیابوونەوە و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی.

ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان و کاریگەریی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی

د. بارزان جەوهەر مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی سەلاحەدین بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: پێش ریفراندۆمیش هەرێمی کوردستان وەکو ناوچەیەکی بەهێزی دیبلۆماسی لێهاتبوو، ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان هاوکات بوو لەگەڵ ریفراندۆمی کەتەلۆنیا، لەو بارودۆخەی کە لە هەرێمی کوردستان ریفراندۆمی تێدا ئەنجامدرا، بۆچوونی جیاواز هەبوو، وڵاتان دابەشبوون بەسەر چەندین بەرە، ئەو وڵاتەی بە شێوەیەکی ئاشکرا پشگیری هەرێمی کوردستانی کرد ئیسرائیل بوو، بەشێکی زۆری وڵاتانی ئەورووپاش پشگیری هەرێمی کوردستانیان کردو بەشێکیشیان بێدەنگ بوون، ئەمەریکا داوای دواخستنی کرد، ئەوانەی دژی بوون لە گرووپی چوارەم بوون ئەوانیش عیراق و تورکیا و ئێران بوون، دواتریش هاوهەڵوێستیی سەربازییان بەکارهێنا، ئەمەش ناکرێت بە ڕیفراندۆم ببەسترێتەوە، چونکە پەیوەست بوو بە کەرکووك و ناوچەکانی تەرەوە، لە دواتر هەڵمەتی شکاندنی ئەو تەوقە درا لە لایەن وڵاتانی ئەوروپی و ئەمەریکا و ناوچەکانی تر نرا تاوەکو بارودۆخەکە هێور بووەوە.

د. بارزان جەوهەر دەشڵێت: ئەگەر سەیری بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەین هەمیشە وەك گرکانێك وایەو بەردەوام ئەگەری تەقینەوەی هەیە، هەندێك وڵات پێیانوابوو دەبوو پێش ئەنجامدانی ریفراندۆم ڕێگری بکەن لە ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان، چونکە پێیانوابوو دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی وڵاتەکانیان، بەو پێیەی ئەگەر دەوڵەتێکی کوردی دروست بوو لە داهاتوودا دەبێتە پەناگەیەك بۆ کوردەکانی جیهان و دەبێتە سەپۆرتێك بۆ داواکارییەکی سیاسی لە هەریەك لەم وڵاتانە، پێشتریش سەرۆك بارزانی ڕایگەیاندبوو ئەگەر ریفراندۆم و سەربەخۆی خراپە، بۆچی وڵاتانی تر پێش ئێمە داوای سەربەخۆییان کردووە؟ هەرێمی کوردستان بە پێچەوانەی هەموو ئەوانە وەستایەوە کە داوای



ئەنجامنەدانی ریفراندۆمیان دەکرد و خۆشبەختانە ریفراندۆم ئەنجامدرا کە 93%ی خەڵکی کوردستان دەنگی (بەڵێ) سیان پێداو سەرکەوتنی بەدەست هێنا، ئێستا کۆمەڵگای نێودەوڵەیش هاتۆتە ئەو بڕوایەی کە ریفراندۆمەکەی هەرێمی کوردستان لە ریفراندۆمی کۆسۆڤۆ دەچێت، کە هەموو وڵاتان بە ئەووڕوپایشەوە دژی بوون، بەڵام کۆسۆڤۆ چاوەڕێی هەڵێك بوون، ئەوەبوو لە ساڵی 1992 و لە ساڵی 2008 هەڵێك هاتە پێش و ئەوکات وڵاتان پشگیری وڵاتەکەی کۆسۆڤۆیان کرد، بۆیە هەرێمی کوردستانیش ئێستا لە کاتێکی گونجاو دەگەڕێت و دەرەنجامەکەیش وەك بەڵگەیەکی یاسایی نێودەوڵەتی لەبەر دەستەو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی خۆی سەرپەرشتی ئەو ریفراندۆمەی کردووەو ئاگاداری بوون، کە ڕێژەیەکی یاسایی بوو، بۆیە دەکرێت بڵێین کورد لە داهاتوودا دەرەنجام و ڕێژەی سەرکەوتنی ریفراندۆمەکەی بە شێوەیەکی یاسایی لەبەر دەستە.



ریفراندۆم چییە..؟ جۆر و ئامانج و شێواز و لێکەوتەکانی چین..؟

خوێندنەوەیەکی زانستی و یاسایی بۆ ریفراندۆم و پرۆسەی گشتپرسی

لە پرۆسەی ریفراندۆمدا ئەگەر یاساش تووشی کێشە ببێت، هەر دەبێ جێبەجێبکرێت، چونکە خواستی هاونیشتیمانیانە

رەنگە زۆرجار بەکارهێنانی ریفراندۆم لە دوای ئەنجامدانیدا، رۆڵی هەبێت لە سەر گۆڕینی دەستوور و یاسای ئەو وڵاتە



نووسینی: ئێرەنجی سیسی
وەرگێڕان: رەجەب حاجی رەجەب

زۆرم خوێندەوە ئەو بابەت و نووسینانەی لە بارەی ریفراندۆم نووسراوە، جێگەی داخە کە نەمتوانی زۆرترینی ئەو نووسینانە بخوێنمەوە کە بە زمانەکانی بیانی نووسرا بوون و زمانەکانیانم نەدەزانی، بەڵام هەر رانەوەستام و بەردەوام بووم تا لە ئاکامدا توانیم بە شێوازێکی باش (لە سوودەکانی ریفراندۆم تێبگەم)، لەرووە جیهانییەکەیەوە. هێشتا بەردەوامم و هەوڵ دەدەم خوێندنەوەی نووسینەکان کە لێی تێگەیشتبم پێشکەشی هەموو هاونیشتیمانیان و ئەو کەسانەش بکەم کە کورد نین، بەڵام دەتوانن زمانی شیرینی کوردی بخوێننەوە.

سوپاسی بێ پایانم بۆ ئەو بەڕێزانەی کە وەڵامی پرسیارەکانی منیان داوەتەوەو هاوکاربوون لەگەڵمدا تاکو بتوانم لە وشەکاندا هەڵە نەکەم لە کاتی وەرگێڕاندا .

هێژایان: دوای خوێـــندنەوەی کتێبەکانی ریفراندۆم توانیم سەرکەوم و جۆرەکانی ریفراندۆم کۆبکەمەوە.

لە نووسینیÖyrənci səi بە تەواوەتی گەیشتم ئەو ئاکامە کە لە جیهان دا چوار جۆرە ریفراندۆم هەیە، بەم شێوەیەی وەرمگێڕاوەتە سەر زمانی کورد ، هاوکات پێشکەشە بە جەنابی رابەرو سەرۆك مسعود بارزانی و هەموو ئەو کورده بەشەرەفانەی کە لە ریفراندۆمی (٢٥/٠٩/٢٠١٧) بەرەو سندوقەکانی دەنگدان چووبوون .

دەستپێك:

ریفراندۆم : بە یەکێك لە سەردێرەکانی تێکگەیشتنی مافەکانی دەستکەوتی زانستی سیاسی لە ناو کردارێك لە کردارەکانی دیموکراسی و سیستەمی حکوومەتێکی هاوڵاتیان هەژمار دەکرێت.

وشەی ریفراندۆم(referendum) لە دەماری (To Refer)ـەوە هاتووە مانای (گەڕانەوە بۆ دەنگی گشتی).

بەو مانایە شی دەکرێتەوە کە دەتوانن بۆ هەر داواکارییەکی گرنگ و گەورە لە وڵات کاری پێ بکەیت و ئەنجامی بدەیت، یان گەڕانەوەیەك بۆ مافەکانە، دەتواندرێت بابەتێکی دیاریکراو یان دەستنیشانکراو بدەیتە بەر دەستی گشت هاوڵاتیانی وڵات، رەنگە زۆرجار بەکارهێنانی ریفراندۆم لە دوای ئەنجامدانیدا، رۆڵی هەبێت لە سەر گۆڕینی دەستوور و یاسای ئەو وڵاتە.

بە دەستپێکردنی پرۆسەی ریفراندۆم و وەرگرتن و کۆکردنەوەی دەنگی هاونیشتیمانیان، ئاکامێکی یاسایی دەردەکەوێت، پێویستە ئەوکات دەسەڵات ئەنجامەکەی جێبەجێ بکات، تەنانەت ئەگەر یاساش تووشی کێشە ببێت، هەر دەبێ جێبەجێکرێت، چونکە خواستی هاونیشتیمانیان بووە.

زۆرجار کە ریفراندۆم ئەنجام دەدرێت بۆ گۆڕینی دەسەڵاتەکانی (جێبەجێکردن – یاسادانان - دادوەری) نەبووە، بەڵکو داواکاری میللەت بووە لە هەمبەر کێشەیەکی تری بەستراو بە رای زۆرینەی هاونیشتیمانیان، بۆ نموونە: لە ساڵی ٢٠٠٣ لە وڵاتی سوید حکوومەت ئامادە بوو کە پارەی خۆی لە (کرۆن)ـەوە بگۆڕێت بۆ (یۆرۆ)، ئەوەیش نارەزایی لێ دروست بوو، ناچار بە ریفراندۆمێك کێشەکەیان چارەسەرکرد، دەرئەنجامی ریفراندۆمەکەش ئەوەبوو کە پارەی سویدی لە ناو نەبەن و وەك خۆی بمێنێت.

ریفراندۆم لە مافی بنەڕەتی و زانستی و سیاسیدا بە چوار بەش دابەشکراوە:

١. ریفراندۆمی مەشوەرەتی (کۆبوونەوە)
٢.ریفراندۆمی تەصویبی (باوەڕپێکراوەیی)
٣. ریفراندۆمی اختیار (بژاردە)
٤.ریفراندۆمی گشتپرسی plebiscite

شیکردنەوەی ریفراندۆمی مەشوەرەتی

زۆرجار ئەنجامدان و وەرگرتنی دەنگەکانی ریفراندۆم بۆ جێبەجێکردن نەبووە، بەڵکو بۆ زانینی مەبەستی هاونیشتیمانیان بووە، کە دەوڵەت بزانێت و لە مەبەستی هاووڵاتیان تێبگات. لەم ریفراندۆمەدا حاکمەکان و دەسەڵاتدارانی وڵات لە ناوخۆیاندا کۆدەبنەوە لەسەر ئاکامی ریفراندۆمەکە، ڕێوشوێنێك لە سەر ئەو بابەتەی نارەزایی میللەتە بە سیستەمی یاسایی وڵات چارەسەر دەکەن، نەك بە خواستی میللەت.

بۆ نموونە :

لە ساڵی ١٩٩٤ نۆێنەرایەتی یاسادانانی ویلایەتی ئۆرگون لە ئەمەریکا، بۆ یەکەمجار لە جیهاندا بە ئەنجامدانی ریفراندۆمێك لە کۆی١٠٠ دەنگدەر ٥٢ دەنگ لە بەرانبەر ٤٨ دەنگ یاسایەکی ویلایەتیان گۆڕانکاری تێدا کرد. یاسایەکە ئەوە بوو(ڕێگە بدرێت بە دکتۆرەکان بۆ ئەو نەخۆشانەی کە داو و دەرمان چارەیان ناکات و نائومێد بوونە لە ژیانی ئەو نەخۆشە، کۆتایی بە ژیانیان بهێندرێت.

لە ئاکامدا ئەم یاسایە گەیشتە دیوانی دادوەری گشتی لەئەمەریکا و سکاڵایان لە سەر تۆمار کرا، دواتر هەمان ریفراندۆم لەو ویلایەتە بۆ جەماوەر دووبارە کرایەوەو لە ئاکامدا ٦٠٪ خەڵکی ویلایەتەکە بە دەنگی (بەڵێ) دەنگیانداو یاساکە بە (مردنی بەسوود) پەسەند کراو تا ئێستایش کاری پێ دەکرێت، کە بەشێکی زۆری ولاتانی دیکەش هەمان یاسا بەکار دەهێنن.

شیکردنەوەی ریفراندۆمی تەسویبی

لە کاتێکدا کە ئاکامی ریفراندۆم گەیشتە لوتکە، پێویستە حکوومەت یان دەسەڵات جێبەجێی بکات و بە گەیشتنە کۆتایی داواکارییەکانی میللەت هەژمار دەکرێت، کە پێی دەڵێن ریفراندۆمی تصویبی، بەواتای کۆدەنگی لە سەر ئەو سیستەمە بکرێت، ئەو ئەقڵیەتەی وڵاتانی دەورویەر بەرانبەر کورد هەیانبووە هەمیشە ئەقڵیەتێکی دژ بووە لەگەڵ خواست و ئومێدی میللەتێك بۆ ئازادی و سەربەخۆیی، بۆیە ئەگەر ئاوڕێك لە رابردوو بدەینەوە تێدەگەین کە زوڵم و ستەم و داگیرکردن و زیندە بەچاڵکردن و کیمیاباراننکردن و وێرانکردن و خاپوورکردنی زیاتر لە٤٥٠٠ گوند و تا دەگاتە ئەنفال، هەمووی بەرهەمی ئەو بیرکردنەوەیە بووە دژی ئەو نەتەوەیە، دواجار ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆم و پێداگیریکردنی جەنابی سەرۆك بارزانی لەسەر ئەم پرۆسەیە ئەوەی بە دۆست و دوژمنان گوت، کە ئێمەش مافی ئەوەمان هەیە سەربەخۆبین و ئەو رۆژەش هەر دێت چ درەنگ یا زوو.

لەبیرمە لەخزمەت جەنابی سەرۆك بووم لە وەرزی ٢٠٠٥ بۆ ٢٠٠٩ لە ئەنجامدانی ئەو ڕاپرسیەدا، کە ئەوکات ئەو ئەرکە بە ئەستۆی ئەنجومەنی وەزیران درابوو، ئەو کاتە



هەڵسەنگاندنێک لە یادی سێیەمین ساڵەی ریفراندۆمی گەلی کوردستان دا

نەتەوەی وا هەیە لە مێژووی خۆیاندا دەیانجار ریفراندۆمیان کردووە و رووبەڕووی نەهامەتیش بوونەتەوە، بەڵام کۆڵیان نەداوە



عارف باوەجانی

سێ ساڵ پێش ئێستاو لە ٢٥ / ٩ / ٢٠١٧ رووداوێکی گرنگی مێژوویی لە باشووری کوردستان تۆمارکرا، کە هەروەک چاوەڕێش دەکرا، لە ئاکامدا٩٣٪ دەنگی خەڵکی کوردستان بە بەڵێ بوو بۆ سەربەخۆیی، ئەوەیش تووڕەبوونێکی یەکجار زۆری نەیارانی کوردی لێکەوتەوە. گەلەکۆمەیەکی چەند وڵاتی ڕووبەڕووی گەلەکەمان بوویەوە، لەو پەلامارانەشدا ڕووداوێکی دڵتەزێنی مێژوویی وەک ١٦ی ئۆکتۆبەر تۆمارکرا. جارێکی دیکە کەرکوک و چەند ناوچەیەکی دیکەی ئەو بەشەی کوردستان، کەوتنەوە دەست حکوومەتی ناوەندی بەغدا.

ئایا ریفراندۆم هەڵەبوو یا پێویستییەکی مێژوویی بوو؟

لای من بە شیکارییەکی زۆرەوە دەڵێم کە ڕێفراندۆم نەک هەڵە نەبوو! بگرە پێویستییەکی زۆر لە مێژینە بوو لە باشووری کوردستان. لە کاتێکدا هەموو جەنەڕاڵ و دیپلۆماتە خانەنشینکراوەکانی ئەمریکی وجیهانی، کە ئەرکەکانی خۆیان لە کوردستان و عیراق ڕاپەڕاندووە. لە بیرەوەییەکانی خۆیاندا بە سەر سورمانەوە باس لەوە دەکەن، کە چۆن کوردەکان لە ٢٠٠٣ و لەدوای ڕووخانی حکوومەتی بەعس باسی جیابوونەوە یا ریفراندۆمیان نەکردووە.؟! کەواتە ئەو ڕێفراندۆمە ١٤ساڵ پاش لە حکوومەتە نوێیە ئاڵۆزەکەی عیراقیش بەڕێوەچوو، بەڵام بەداخەوە هێندێك خەڵکی خۆمانیان خۆیندنەوەیان لە سەر ئەوەیە کە گوایا ئاکامی ڕێفراندۆم وایکردووە کە عیراق بکەوێتە دۆزەیەتی گەلی کورد و بڕینی بودجەو قووتی خەڵکی کوردستان. وەك ئەوەی وابێت کە عیراق پێش لە ڕێفراندۆم زۆر دۆست و خەمخۆری گەلی کورد بووبێت.

لە کاتێکدا هەموومان ئاگادارین کە مالکی سەرۆك وەزیرانی پێشووی عیراق لە ٢٠١٤ واتە ٣ ساڵ پێش لە بەڕێوەچوونی پرۆسەی ریفراندۆم و چەند مانگێش پێش هاتنی داعش بۆ موسڵ و دواتر بۆ شەنگال، دەستی بە بڕینی مووچەو قووتی فەرمانبەرانی کوردستان کردبوو. ئەگەر شەڕی داعش لەو کات و ساتەدا ڕووبنەدابایە، مالکی زۆر کاری دیکەشی بە دەستەوە بوو دەیویست ئەنجامیان بدات،و هەوڵیدەدا بە هێزی سەربازی پەلاماری کوردستان بدات، بەڵام لە دەورەکەی خۆی فریا نەکەوت، و دواتر عەبادی سەرۆك وەزیرانی پاشخۆی پرۆژەکەی بۆ تەواوکرد.

وێڕای ئەو هەموو قەیرانە سیاسییە ناوخۆیی و دەرەکییانەی کە لەئارادا بوو، بەڵام دەستکەوت و پێشکەوتنە ئابووریی و دیپلوماسییەکانی باشووری کوردستان کە لە نێوان٢٠٠٥بۆ ٢٠١٣ وا پەرەی سەندبوو، بە تەواوی نەیارانی کوردستانی تووڕەو بێتاقەت کردبوو.

بۆیە هەر لە مێژبوو لە بۆسەدابوون کە چۆن گورزێکی گەورەی مەترسیدار بوەشێنن و جیهانیش لە کوردستان دووربخەنەوە، بەڵام ئەوەی زۆر جێگەی نیگەرانییە هێندێك لێکدانەوەو شیکەرەوەی خۆمالیان، هەموو هۆکارەکەی دەخەنە ئەستۆی دەسەڵاتی ناوخۆییان، هۆکاری ئەوەش ڕوونە، کە هەمووی بەهۆی بوونی ڕق وکینە بەرانبەر بە یەکترە لەناوخۆی نیشتیمان.

لەو کاتەی کە بڕیاری بەڕێوەچوونی ریفراندۆم درا، بەڕێز کاك مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بوو، ناوبراو بەڕاوێژ لەگەڵ ١٦ لایەنی دیکەی سیاسی باشووری کوردستان، بە شیکردنەوەو تاوتوێیەکی هەمە لایەنە لە سەر ئەم بڕیارە ساغبوونەوە، ئەو بڕیارەش لە مێژووی سیاسی و خەباتی ڕزگاریی گەلی کورد لە بەرانبەر حکوومەتی عیراقدا، گرنگرتین و بەهێزترین بڕیاری مێژوویی بوو، کە لە سەرتاسەری جیهان دەنگدانەوەی هەبوو، هەرچەند لە ئێستادا بێدەنگییەکی کاتی لێکراوە، بەڵام تا ئێستاش هەر وەك کارتێکی گوشارو مەترسی کەیفییەتی خۆی ماوە.

ریفراندۆم مافێکی یاسایی و نێودەوڵەتی هەر گەل و نەتەوەیەکی بندەستە، بەڵام سەیر لەوەدایە لە پێش ئەوەی نەیارانمان بە هەڵەی بزانن، هەندێك خەڵکی خۆمالّی بە هەڵەیانزانی، وەك ئەوەی وابێت کە کوردستان لانیکەم ١٠٠ ساڵە لە لایەن عیراقەوە داگیر نەکرابێت؟ پرسیار لەو بەڕێزانەی کە پێیانوایە کاتەکەی گونجاو نەبوو ئەوەیە، کە بپرسین ئەی باشە کە دەڵێن کاتەکەی گوونجاو نەبوو، کات لەو کاتە گونجاوتر کەی دروست دەبوو؟ کە عیراق لەوپەڕی لاوازی دەسەڵاتدا بوو. ئایا پێتانوایە کە کاتەکە ئێستا گونجاوە، کە عیراق تۆزێك کەوتووەتە سەر پێی خۆی و هەر ڕۆژەو بڕوبیانوەیك دەگرێت و بە هەموو شێوەیەك کەوتووەتە خۆی بۆ بنبڕکردنی هەموو جومگەکانی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان. بۆ ئەوەی هەرێم بە هەموو شێوەیەك بکەوێتەوە سەر بڕیارو دەسەڵاتی بەغدا. هەر ئەمڕۆ کە خەریکی نووسینی ئەم بابەتە بووم، ئەو هەواڵەم بیست، کە گوایا هاوردەی زێڕ لە فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان، قەدەغەیە و تەنیا دەبێت لە فڕۆکەخانەکانی بەغداو نەجەفەوە بکرێت.

هەموو بینەر و گەشتیارێکی جیهانی شایەتی لەوە دەدەن، کە چەند جیاوازی لە نێوان هەردوو فڕۆکەخانەی هەولێرو سلێمانیدا لەگەڵ هەردوو فڕۆکەخانەکانی بەغداو نەجەفدا، لە بواڕەکانی ئەمنی و ئاسایشیدا هەیە، بەڵام لێرەدا مەبەستەکە ئاشکرایە کە هۆکارەکەی تەنیا ئاستەنگی ئابوورییە بە مەبەستی لاوازکردنی هەرێمی کوردستان، وەلێ مەخابن شرۆڤەکارانی ناوخۆ ئەو ڕاستییانە دەزانن و لە بەر بوغز و کینەی ناوخۆیی پشتگوێی دەخەن.

حکوومەتەکەی ئێستای عیراق خەریکی چییە؟

مەخابن بۆ ئەو کەسانەی کە سەردەمی دەسەڵاتی بەعسیان دیووەو چ ئەوانەیش کە نەیاندیووە، خۆزگە بەوە دەخوازن کە بەغدا حووکمی کوردستان بەڕێوە ببات.

ئەو بەڕێزانە وادیارە سەردەمی هەشتاکانیان لە یادکردووە، کە چەندە شەقامەکانی کوردستان لە جەوێکی خەفەقانی مەترسیداردابوو، پڕ بوو لە پیاوانی کڵاوسوور و ڕەش و دەمامکداری تۆقێنەری ڕێژیمی بەعس، گەنجێکی کورد نەیدەتوانی بە ئاسایی و بە پۆشینی پۆشاکێکی جوان پیاسەیەکی نێو بازاڕی بکردایە، لەو کاتانە بەبێ هیچ بیانوویەك لەلایەن پیاوانی ئەمنی عیراقەوە گێچەڵی پێدەکراو دەدرایە بەر شەق و کەرامەتیان دەشکاند، بێجگە لەو هەموو شەهید و ئەنفال و زیندانی و ماڵوێرانییانەی، کە هەمووی وەك بەڵگەی میژوویی ماون و تا ئێستاش ئاسەوارەکانیان دیارن و بە دەیان بنەماڵەی خاوەن ئەنفالەکان چاوەڕوانی گەڕانەوەی ونبووەکانیانن. گەنجی کورد لەو سەردەمەدا زۆر لە ناخەوە خۆی دەخواردەوەو ئەوەی بۆی بلوایە خۆی دەگەیاندە شاخ و بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی دەپۆشی و خەباتی دژی ئەم رژێمە داگیرکەرە دەکرد.

ئەوە بەو واتایە نییە کە لە ئێستادا کەموکوڕی لە دەسەڵاتی کوردیدا نییە، مەبەستیشمان لە پینەکردنی گەندەڵییەکان نییە کە زۆرینەی سێکتەرەکانی گرتۆتەوە، منیش دەڵێم گەندەڵی تا ڕادەیەکی زۆر خزاوەتە نێو گشت جومگەکانی دەسەڵات و دەبێت بە توندی کاری لە سەر بکرێت و بنبڕ بکرێت، بەڵام ناکرێت لە بەر کێشەو گەندەڵی ناوخۆیی، بانگهێشتی دوژمن و داگیرکەر بکرێت نیشتیمانەکەمان دیسان داگیربکاتەوە.

ئەوەی لە ئێستادا بەدی دەکرێت دەستکراوە بەوەی کە هەموو سەرچاوە ئابووریەکانی کوردستان وشك بکەن، بۆ ئەوەی لایەنی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان هیچ ئیمکانیاتێکی ئابووری لە بەردەستدا نەمێنێت، کە بتوانێت ژیانی پێشمەرگە و هێزەکانی ئاسایش و بەرگریکاری نێشتیمان دابین بکەن، بۆ ئەوەی لە ناوخۆوە بە چۆکیدا بهێنن، خەریکن داهاتەکانی سەر سنوورەکان ببڕن، خەریکن ئاستەنگ بۆ هەموو جۆرە دەسکەوتێکی ئابووری لە فڕۆکەخانەکان دروست بکەن. خەریکن ئاستەنگ بۆ دامەزراندنی هەموو دەرچووانی زانکۆکان وا لێبکەن، کە سەر بە بەغدا بکرێت. لە سەرەوەی ئەوانەش هەوڵێکی زۆر دەدەن کە کێشەو قەیرانەکانی ناوخۆی هەرێم زیاتر ئاڵۆزبکەنەوە، بۆ ئەوەی لەو کێشە ناوخۆییانە ئەوان زیاتر ئەسپی خۆیان تاوبدەن.

کەوابێت ریفراندۆم پێویستە دووبارەو چەند بارە وەك کارتێکی گوشار بەرانبەر بەغدا ڕێکبخرێتەوە، کە ئەگەر گەلەکەمان چەند ساڵێش بە برسێتی بژی، هەرگیز ئامادە نابێت ملکەچی خواست و ویستی داگیرکەران بێت، گەلی ئێمە لە هەموو بەشەکان بە گشتی و لە باشووری کوردستان بە تایبەت، خەباتیان بۆ مووچەو بودجە نەکردووە، خەباتی ئەم گەلە لە پێناو دۆزێکی نەتەوەیی و رزگاریی نیشتیمانی بووە، نەك لە پێناو ئەوەی لە بەغداوە مانگانەیەك بنێرن بۆ خەڵکەکەمان.

زۆر کەس پێیانوایە کوردستان یەکجار ریفراندۆمی کردووەو تووشی ئەو نەهامەتییە هاتووە، ئەگەر مێژووی زۆر نەتەوەی دیکە بخۆێنینەوە بۆمان ڕوونەدەبێتەوە کە نەتەوەی وایە هەیە لە مێژووی خۆیاندا دەیانجار ریفراندۆمیان کردووە و ڕووبەڕووی نەهامەتیش بوونەتەوە، بەڵام کۆڵیان نەداوە و گەلەکەشیان لەوە نەترساون و بەرگەی ئاکامەکەشیان گرتووە.

ئەوانەی وا دەزانن! کە مادام لە یەکەم هەنگاودا سەرکەوتنی تەواو بە دەست نەهاتووە، ئیتر دونیا خراپ بووە، ئەوەش بۆچوونێکی هەڵەیە، مەرج نییە لە یەکەم هەنگاودا سەرکەوتن بە دەستبهێنرێت، یا ئەگەر بە دەست نەهێنرا، ئیتر دەبێت بە چۆکدا بێین و بەربینە گیانی یەکتر و تاوانبارکردن و تەشهیرکردن بە خەباتی سەدان ساڵەی گەلەکەمان.

لە کۆتاییدا دەڵێم وەك کەسێکی بەشداربوو لە ڕۆژانی پڕ لە شانازی سەردەمی ریفراندۆمدا، وەك ریفراندۆمچییەکی چالاك بۆ هەمیشە شانازی بەو ڕۆژانەوە دەکەم، ئەگەر دە جاری دیکەش ریفراندۆم بۆ گەلی کورد، نەك هەر لە باشوور بگرە لە هەر بەشێکی دیکەی کوردستان دووبارە و چەندبارە بێتەوە، من لە جاران زیاتر خزمەتی پێدەکەم.



ریفڕاندۆم. مانای من کوردستانیم

تەها دەرویش نادر – هۆڵەندا

دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ و پێکهێنانی بەرەی کوردستانی تا دەگاتە ئەمڕۆ. سەرۆك بارزانی ڕۆڵی سەرۆکێکی نەتەوەییانەی گێڕاوە، من نامەوێت بگەڕێمەوە بۆ مێژووی بوونی بە پێشمەرگە و تەمەنی لە شاخ و هەڵوێستە جوان و کوردانەکەی، لە ئێستا و ڕابردووشدا هەمیشە لە هەوڵی یەکخستنی یەك خیتابی سیاسیی کوردیدا بووە، تەبایی و سەقامگیری نێومااڵی کوردی لە هەموو شتێك لا گرنگتر بووە، ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستانی لە پێشینەیی کارەکانیدا بووە تا بگاتە ئاستی ویستی جەماوەری گەلەکەی .

چەندینجار بەگەورە بەرپرسانی جیهانی دەوروبەری گوتووە ئەوەی ئێوە دەیڵێن لە ئاستی خەبات و بەرخودان و کارەسات و ئازاری گەلەکەم دانیە، هەروەها باش لەو مەسجانە تێدەگەیشت کە لێدان بوو بۆ هاوەدەنگی نیشتیمانی تێکشکانی تەوافوقی یەکریزی گەلەکەمان بوو، چونکە هەمووی هەوڵدان بوو بۆ ئاوژووکردنەوەی پرسی سەربەخۆیی کوردستان و پێی وابوو هەموو ئەمانە دەردی بێ دەوڵەت و پەرتەوازەیی نێو مااڵی کورەد، بە پاساوی بارودۆخی ئابووری و قەیرانەکان، بەاڵم چ مەنتقێك دەڵێ کە قەیرانی ئابووری هەبوو نابێ باسی ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی بکرێت!

سەرۆك باش لە هەموو ڕووداوەکانی ناوچەکە و جیهان تێگەیشتبوو لەگەڵ ئەوەشدا پێشبینی ئەوەی دەکرد ئەتڵەسی ناوچەکە لە گۆڕاندایە، ئەمڕۆ کورد بەشێکە لە هاوکێشەکانی ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست . بۆیە نەیار و دوژمنانی کورد لە پەستا لە نانەوەی بۆ سەو دروستکردنی ئاریشەبوون، بەاڵم سەرۆك بەسیاسەتی حەکیمانەی و بوێرانەی خۆی پشتبەستن بەئیرادەی گەل زۆر سەرکەوتووانە لە پرۆسەیەکی ئازادانە و دیموکراتیدا ڕیفراندۆمی ئەنجامدا، گەل سەرکەوتنی بەدەستهێنا بەوەی تواندرا لە ٪٩٣ زیاتر دەنگی خەڵکی کوردستان مسۆگەر بکات، دوای ئەو ئەنجامە سەرکەوتووە، سەرۆك بارزانی بەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گوت ئەمەیە ویست و خواستی چەندین ساڵەی گەلەکەم .

ئەوە بوو عەبادی، سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتی عێراق فەرمانی دا هێز بەرەو کوردستان بجوڵێنن، تابووری پێنجەمیش بە پڕوپاگەندە و تۆقاندن لە خزمەتیاندابوون .بەاڵم هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەژێر دروشمی (کوردستان یان نەمان) دەرسێکی مێژوویی هێزەکەی عەبادییان دایەوە، کە تازەترین چەکی سەردەم بەسووتاوی لە گۆڕەپانی جەنگ بەجێیا و سەلماندیان پردێ و سەحێلا و هەموو بستێکی ئەم خاکە کورد خۆی خاوەنیەتی و بەس .

عەبادیش مێژوویەکی ڕەشی تۆمار کرد لە ئاست پیرۆزترین پرۆسەی سیاسی و نەتەوەیی کورددا کە ڕیفراندۆمە و پرۆسەیەکی ئاشتیخوازی و دیموکراسییانەیە بۆ دیاریکردنی چارەنوسی گەلێکی دێرینی ناوچەکە کە کوردە بە شێوەی ئاشتیخوازانە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا کە یاساکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی مافی سەربەخۆیی هەر نەتەوەیەك دەدەن.



ریفڕاندۆم ئەو دەنگەی بە زۆاڵی دەمێنێتەوە

یونس حەمەد - ئۆسلۆ

لە هەنگاوێکی گەورە و مێژووییدا لە ٢٠١٧/٩/٢٥ بۆ یەکەم جار لە مێژووی دێرین و هاوچەرخدا گەلی کوردستان لە کەش و هەوایەکی ئازاد و دیموکراتیانەدا دەنگی زۆاڵی خۆی دایە سەربەخۆیی کوردستان، لە هەموو کات و سات و زەمەنێکدا ڕەوش و بارودۆخ بۆ خاك و خەڵکی کوردستان هەمیشە پڕ مەترسی بووە، ئەوەی بەسەر هیچ گەلێك نەهاتووە داگیرکەران بەسەر کوردستانیان هێناوە، ئەوەی ئەقڵ بۆی ناچێت دوژمنانی کورد و کوردستان بۆ لە ناوبردنی دڕێغیان نەکردووە، مرۆڤی کورد زۆر بە سادەیی ئەنفال و کیمیاباران دەکران بێ گوێدانە هیچ پرەنسیپ و بەهایەکی یاسایی و یاسایی و مرۆڤایەتی، بەو واتایەی گەلی کوردستان بەرگەی هەموو ئەشکەنجە و ئازارێکی گرت و چەشت، تەنیا بۆ مانەوەی بوونی خۆی بوو.

مێژووی دەوڵەتی بە ناو عیراق بۆ کورد مێژوویەکی پڕ دەاڵەتی هاوخەمی بووە، لە هیچ سەردەمێکدا ئەو گەلە ستەمدیدەیە پشووی نەداوەو هەر لەگەڵ دامەزراندنی ئەو بە ناو دەوڵەتە لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی بیستەمدا خەم و پەژارە باڵی بەسەر هەموو تاك و کۆمەڵ و ماڵ و کۆاڵنێکی ئەم گەلەدا گرتووە، سەردەمەکان چ پاشایەتی و چ کۆماری و ڕەگەزپەرستی و ئاینزاییی وەك یەك بەرانبەر گەلی کوردستان جوواڵونەتەوە، بێ ئەوەی ئەو لەوەی دیکە باشتربێت یان ئەوەتا بە پێچەوانەوە.

گەلی کوردستان لە هەموو ئەو شۆڕشە بەرگرییانەی بەرپای کردووە هەمیشە دەستی ئاشتی بۆ چارەسەری پرسەکان درێژکردووە، تەنیا بۆ ئەوەی ئاشتی و ئاشتیخوازی ببێتە جێگرەوەی جەنگ و ماڵوێرانی، لە بەرانبەردا بەردەوام حکوومەتی بەغدا فێڵی کردووە یان ئەوەتا شەڕی هەڵگیرساندووە بۆ لە ناوبردنی، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی ئەو حەفتا ساڵەی ڕابردوو دەبینین کورد بۆ بەرگری لە بوون و چارەنووسی خۆی دەستی داوەتە خەبات، ئەو شۆڕش و خەباتەش بۆتە قەڵغانێك بۆ بەرگری لە گەل و نیشتیمان، ئەو خەبات و بەرخوودانەش بەڕابەرایەتی باوکی ڕۆحیی کورد بارزانیی نەمر و دواتر سەرۆك مەسعود بارزانی دریژەی پێدراوە، دوای بەهاری ١٩٩١ هەلومەرجێکی نوێ باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشا، سوپای عیراق کوێتی داگیر کرد و دواتر لێی وەدەرنرا، کورد وەك گەلێکی ستەملێکراو توانی بەپاڵشتی بڕیارەکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی سوود لەو هەلومەرجە و بڕیارانە ببینێت کە بەسەر ڕژێمی سەدام و بەغدا چەسپا، بنچینەیەکی یاسایی بۆ حوکمڕانی وەرگرت و هەڵبژاردن بەڕێوەچوو، دواتر حکوومەت دامەزرا، ئەمانە بۆ گەلی کوردستان ئەزموونێکی نوێ بوون، تا ڕادەیەکی باش کورد لێی سەرکەوتوو بوو، بەاڵم هەنگاوە گرنگەکە لە دوای ٢٠٠٣ـوە دەستی پێکرد، ڕژێم لە بەغدا ڕووخا و سیستەمێکی دیکەی حوکمڕانی هاتە گۆڕەپانی سیاسی و کۆمەاڵیەتی کە زیاتر ئاپینزایی بوو لەوەی دیموکراتی یان ئازادیخوازی یان شارستانی بێت، سەرەتا کورد زۆر بە دڵێکی پڕ لە گەشبینییەوە هەنگاوی بەرەو بەغدا نا، بەاڵم ئەوەی بینرا پێچەوانەی هەموو ئەو بەڵێن و گفتانە بوو کە بەکورد دران، تا گەیشتە ئەوەی هێرشی سەربازی بکرێتە سەری و هەروەها مووچە و بودجەی ببڕێت، ئەمەش بۆ کورد گەڕانەوەبوو بۆ خاڵ و چوارگۆشەی یەکەم، کە بۆ گەلێك قبووڵکراو نەبوو دوای ئەو هەموو خەبات و تێکۆشانە بۆ بەدەستهێنانی ماف کەچی جارێکی دیکە بگەڕێتەوە سەردەمی زۆرداری، لەلایەك دیسانەوە بەغدا لەلایەکی دیکەوە تیرۆریستانی داعش بەتوندترین شێوە پەلاماری کوردستانیاندا.

لێرەدا بۆ گەلی کوردستان تەنیا ریفراندۆم چارەسەربوو بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی ، ئەوەبوو بەڕابەرایەتی سەرۆك مەسعود بارزانی گەلی کوردستان بە هەموو پێکهاتەو ئایین و ئاینزاکانییەوە لەڕۆژی ٢٠١٧/٩/٢٥ دەنگی بەڵێی سەربەخۆیی بە جیهان ڕاگەیاند لە دەنگدانێکی بێ وێنەی دیموکراتیدا زۆرینەی ڕەهای گەل کە ٩٢٪ ی تێپەڕاند گوتی: بەڵێ بۆ سەربەخۆیی. بەمەش گەورەترین سەرکەوتن بۆ گەلی کوردستان لە هەموو سەردەم و مێژووەکانیدا تۆمارکرا، ئەگەر چی بەغدای ئێستا بەهەمان ڕۆحیەتی بەغدای جاران پەلاماری کوردستانیدا، بەاڵم ئیرادەی گەل سەربەرزو سەرفرازانە سەرکەوت و ریفراندۆمی سەربەخۆییش سەربەرزانە تۆمارکرا، ئەو دەنگەش کە لەو ڕۆژەدا بۆ سەربەخۆیی کوردستان مۆڕ کرا، وەك دەنگێکی زۆاڵ دەمێنێتەوە و دەنگی شانازییە، گەلی کوردستان ئەمساڵ سێیەمین ساڵیادی ئەم یادە پیرۆزە دەکاتەوە، لەم ڕوانگەیەوە هەمیشە بەگەشبینییەوە دەڕوانێتە ریفراندۆمی سەربەخۆیی ٢٠١٧/٩/٢٥ ، چونکە دەنگی ڕاستەقینەی گەلی کوردستان بوو .

وون بوون

ناسنامەی پێشمەرگەی فەرمانگەی یەکەی ٨٠ فەلەك ژمارە ١٨٢٣٧٣ بەناوی کارزان نبی محمد علی وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەی پێشمەرگەی فەرمانگەی یەکەی ٨٠ فەلەك لەبەرواری ٢٠٢٠/٩/٢١ بەناوی شالاو شاکر محمود وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٥ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٥٢٨١٨٢ رێکەوتی ٢٠١٩/١٢/١١ بەری ٥٠٠٠٠٠ بەناوی ازاد خلیل حسین وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

محكمة تحقيق سنجار

العدد/٢٣٣٠/٢٠٢٠

التاريخ/٢٠٢٠/٩/٢٢

اعلان عن مفقود

الى المدعو (شرين حسن علي) بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ وتم خطفه من قبل عصابات داعش الارهابية خلال احداث سنجار يوم ٢٠١٤/٨/٣ ورغم البحث والتحري عنه لم يتم التعرف على مكان تواجده ولم يعلم مصيره فمن لديه اخبار اقرب محكمة تحقيق او مركز شرطة

القاضي / خالد هويدى وكاع

***

محكمة تحقيق سنجار

العدد/٢٣٣١/٢٠٢٠

التاريخ/٢٠٢٠/٩/٢٢

اعلان عن مفقود

الى المدعو (قاسم اوصمان مرزا) بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ وتم خطفه من قبل عصابات داعش الارهابية خلال احداث سنجار يوم ٢٠١٤/٨/٣ ورغم البحث والتحري عنه لم يتم التعرف على مكان تواجده ولم يعلم مصيره فمن لديه معلومات عنه اخبار اقرب محكمة تحقيق او مركز شرطة

القاضي / خالد هويدى وكاع

***

محكمة بداءة ئاكرى

العدد/٦٠٦/ب/٢٠٢٠

التاريخ/٢٠٢٠/٩/٢١

م/ حكم غيابي

الى المدعى عليه (هوكر مصطفى عبدالله) مجهول محل الاقامة

اصدرت هذه المحكمة حكما غيابيا بحقك بتاريخ ٢٠٢٠/٩/١٤ في الدعوى البدائية المرقمة اعلاه يقضي بالزامك بتادية مبلغ وقدره (٦١٠٠٠٠٠٠) احدى وستون مليون دينار للمدعي (هفال مصطفى عبدالله) عن قرضة حسنة منه وتحميلك الرسوم المصاريف ونظرا لمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بالحكم بالنشر في صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض عليه خلال مدة عشرة ايام اعتبارا من تاريخ اخر نشر وبعكسه سوف يسقط حقك في الاعتراض

القاضي / خالد عثمان يوسف

***

مديريه الجنسيه والاحوال المدنيه لمحافظه اربيل الواقعات

عدد/ ٦٣٣٥

تاريخ/ ٢٠٢٠/٩/٢١

اعلان

قدم المواطن (سەرهەنگ اسماعيل مولود) دعوى فى هذه مديرية لتبديل الاسم ابنه من (ئێڤار) الى (رۆدان) فمن لديه اعتراض مراجعة هذه المديرية خلال ١٥ ايام من تاريخ نشره فى الجريدة و بعكسه فسوف تنظر هذه المديرية فى المدعوى وفق احكام الماده ٢٢ من قانون البطاقة الوطنية رقم ٣ لسنه ٢٠١٦.

ع/اللواء

رياض جندى عبدالكاظم

مدير الاحوال المدنية والجوازات والاقامة/وكالة

***

مديريه الجنسيه والاحوال المدنيه لمحافظه اربيل الواقعات

عدد/ ٦٣٣٤

تاريخ/ ٢٠٢٠/٩/٢١

اعلان

قدم المواطن (سەرهەنگ اسماعيل مولود) دعوى فى هذه مديرية لتبديل الاسم ابنه من (ئێڤار) الى (رامان) فمن لديه اعتراض مراجعة هذه المديرية خلال ١٥ ايام من تاريخ نشره فى الجريدة و بعكسه فسوف تنظر هذه المديرية فى المدعوى وفق احكام الماده ٢٢ من قانون البطاقة الوطنية رقم ٣ لسنه ٢٠١٦.

ع/اللواء

رياض جندى عبدالكاظم

مدير الاحوال المدنية والجوازات والاقامة/وكالة

***

مديرية تنفيذ زاخو

العدد/ ٣٥١/تنفيذ/٢٠١٩

التاريخ/ ٢٠٢٠/٩/٢٠

اعلان

قررت هذه المديرية الاعلان عن بيع العقار المرقم ٦٥٦/٣٢ مقاطعة ٩١ جوار زاخو الواقع منطقة زاخو و المسجل باسم المدين صباح صبري محمد و المحجوز لقاء الدين الدائن شركة احمد بيبو فعلى الراغب بالشراء مراجعة هذه المديرية خلال ٣٠ ثلاثون يوم تبدا من اليوم التالي للنشر مسطحبا معه التامينات القانونية البالغة ١٠٪ من القيمة المقدرة و البالغة ١٩٨٤٠٠٠٠٠ مائة و ثمانية و تسعون مليون و اربعمائة الف دينار عراقي و كذالك جلب شهادة الجنسية العراقية علما ان رسم التسجيل و الدلالية تقع على عاتق المشتري.

المواصفات:

دار سكني مساحتها ٢٨٠م٢ يشمل طابقين الطابق الارضي يتكون من كراج و الطابق الاول يشمل من استقبال و مدخل و هول داخلي و غرفتين واحد غرفة مرافقة سويدية و مطبخ و حديثة و المشتملات حمام +٢ مرافق و درجة داخلية

والطابق الثاني يتكون من اربعة غرف و نوم و ٢ غرفة سويدية و هول و المشتملات حمام+مرافق و بيتون و كامل مواصفات حلان و سيراميك و سقف كوستيك.

مدير المنفذ زاخو/ سليمان علي حسن

***

سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هە و لێر

ژمارە/ ٣٩/ج/٢٠٢٠/٣

رێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٩

بۆ/ تۆمەتباری هەلاتوو حمدامين اسعد رحمان

ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی ئێوە تۆمەتبارن بەپێی مادەی ٤٠٦ لەیاسای سزایی وە سەلماندنی هەلاتنتان و نایاری جیگاکەتان لەکاتی ئێستادا بۆیە بریاردرا و پالپشت بەمادەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێی راگەیاندنتان لە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی بۆ ئامادەبوونتان لەبەردەم دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر لەرۆژی ٢٠٢٠/١٢/٩ وە بەپێچەوانەوە دادگایی کردنەکە ئەنجام دەدرێت دەرهەقتان بەشێوەی پاشملە بەپێی یاسا.

دادوەر/ زرار محمود مرادخان

***

دادگای کەتنی هەولێر/١

ژمارە/٥/ت/٢٠٢٠

بەروار/ ٢٠٢٠/٨/٢٦

بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ بیرەوەر هۆشیار علی

ئاگادارکردنەوەی سزا

ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ژمارە/٥/ت/٢٠٢٠لە ٢٠٢٠/٧/٨ لەسەرت بەزیندانی کردن (الحبس) بۆماوەی (٦/شەش مانگ) بەپێی مادەی (٧ ژمارە ٨ی سالی ٢٠١١ بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بریاردرا بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەو بڕیارەی کە دەرکراوە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت رۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی سالّی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووس / شوان فوزی زکی

ئامێرەکان:

١- سێ هێلی تەواوی دروستکردنی پاککەرەوە بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٣*١٠. ٢- سێ میکسەری تێکەڵکردنی پاککەرەوە بێ ژمارە دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٣*٧,٥ طن ٥.

٣- خەزانی خەزنی موادی پاککەرەوە بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٧,٥. ١٠ طن.

٤- سێ خەزانی خەزنی موادی پاککەرەوە بێ ژمارە دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٣*٧,٥ ٢٥ طن.

٥- دووەانە لێدانی لەزگە بێ ژمارە دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢*٤,٥. ٦- رافیعەی بەرزکردن و گواستنەوەی مواد بێ ژمارە دروستکراوی یابانی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی گاز توانای K.W٢,٥.

٧- فلتەری تصفیەکردنی ئاو بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٥. دوو خزانی ئاو پلاستیك.

٨- میکسەر خلاط عامودی تورکی بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤,٥.

٩- کۆمپرێسەری هەوایی بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٧,٥.

١٠- مۆلیدەی کارەبایی کاتم بێ ژمارە دروستکراوی ئەمریکی توانای K.V.A٢٠٠ بەگاز کارەکات.

***

وەزارەتی شارەوانی وگەشتوگوزار

بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان

سەرۆکایەتی شارەوانی کەلار

هۆبەی زەوی وزار ومولکەکان

ژمارە / ١٢٧٧

بەروار : ٢٠٢٠/٢/٥

بانگەواز

پشت بەستن بە ئەحکامی یاسایی بەڕێوەبردنی شارەوانیەکانی هەرێم،بە ژمارە (٦ی سالّی ١٩٩٣) وئامازە بەنوسراوی بەڕێوەبەرایەتی نەخشەدانانی ئاوەدانی گەرمیان،(١٤٣) ریکەوتی (٢٠٢٠/٢/٢٣)،سەرۆکایەتی شارەوانی کەلار هەڵدەستێت بەجیاکردنەوەی مولکی ژمارە (٥٤/١٠٦١٦) کەرتی ١٠٢ کەلار کە روبەرەکەی (٠/ م ٢، ٤/اولك ،ت/دۆنم)دەبێت، ڕەگەزەکەی عەرەسەیە بۆچوار پارچە بەپێی ئەم خالّانە خوارەوە.

١- پارچە یەك بە روبەری (٢٢ ،٦٢،م٢،اولك) وەکوعەرەسە بەمەبەستی دروستکردنی کارگە

٢- پارچە دوو بە روبەری(٨٨، ١٢/ م٢،١٠،اولك)،وەکوو عەرەسە بەمەبەستی دروستکردنی کارگە

٣- پارچە سێ بەروبەری (٥، ١٢/م٢ ،٥/تواك) وەکوو بینا بۆ(بەشی پشکنینی ئۆتۆمبیل (ب ،هاتوچۆ)

٤- پارچەی چوار بەروبەری (٥٠،م٢، ٦، اولك) وەکووعەرەسە بەمەبەستی یەکگرتنەوەی لەگەڵ مولکی ژمارە (٥٤/١٠٦١٧) کەرتی ١٠٢ی کەلار بەمەبەستی فراوانکردنی تاقیگەی پشکنینی ئۆتۆمبیل بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی شارەوانی کەلار ژمارە (١٢) لە ٢٠٢٠/١/٢٢).

جاهەرکەس ولایەنێك رەخنەو پێشنیاری هەیە دەتوانێت لەماوەی (٣٠)رۆژدا لەرۆژی بڵاوبونەوەی ئەم بانگەوازەوە سەردانی سەرۆکایەتیەکەمان بکات بەمەبەستی سەردەو بەپێچەوانەوە لەپاش تێپەڕبونی ئەم ماوەیە ڕێکاری یاسایی و هونەری ئەنجام دەدەین بۆئەومەبەستە.

اکرم صالح غفور / سەرۆکی شارەوانی کەلار

٢٠٢٠/٢/٢٥

***

دادگای بەرای کەلار

ژمارەی داوا: ٢٢٤/ب/ ٢٠٢٠

ئاگاداری

داواکار : سنگر صابر عبدالقادر

داوا لەسەر کراو : ئەمیندارى تۆمارى بارى شارستانى کەلار سەرەڕای کارەکەی

داواکار (سنگر صابر عبدالقادر) داوایەکی تۆمارکردووە لەمدادگایە بەژمارەی سەرەوە لەسەر داوا لەسەرکراو (ئەمیندارى تۆمارى بارى شارستانى کەلار سەرەڕای کارەکەی) وتیایدا داوای گۆرینى ناوى کوڕە ناکامەکەی دەکات لە (شنگار) بۆ (انس) بۆیە ئەگەر هەر کەس ولایەنێك ناڕەزایى هەیە لەسەر ناوەڕۆکى داواکارییەکە ئەتوانیت لەماوەی (١٠) رۆژدا لەبەروارى دەرچوونى ئاگادارییەکەوە سەردانى ئەم دادگایە بکات بۆ ئەوەبەستەبە پێچەوانەوە دادگا بەردەوام دەبێت لەبینى داواکە.

دادوەر / د. قاسم اسماعيل علي

***

ئاگادارى

پرۆژەی (کوردو) ى بازرگانى یەکێکە لە پرۆژە بازرگانیەکانى دەستەی وەبەرهێنان و لەبەر پابەند نەبوونى کۆمپانیاى کوردو بە ئیش و کارەکانى بڕیاردرا بە وەرگرتنەوەی پرۆژەی ناوبراو لە کۆمپانیاى کوردو، وە پێدانى بە کۆمپانیایەکى تر بۆ جێ بەجێکردنى.

ئاگادارى سەرجەم وەبەرهێنەران دەکەینەوە کە هەر کەسێك دەتوانێت پرۆژە ئامادە پێکراو وەربگرێت دەتوانێت سەردانى بەریوەبەرایەتى وەبەرهێنانى گەرمیان بکات بۆ زانینى وورد کاریەکان لە ماوەی (١٥) رۆژ لە بەرواری بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە.

بەڕێوەبەرایەتی وەبەرهێنانی گەرمیان

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر

ژمارە: ٨٩٨/ ٢٠٢٠

رێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٢١

ئاگاداری

داواکار (وليد جمال ولي) هاوسەری بوو داوای ژمارە (٢٢٥٠/ش/٢٠٢٠/١)ی لەم دادگایە لەسەری تۆمارکراوە کە تیایدا داوای تصدیق الطلاق الخارجی دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبونت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (گەرەکی سەربەستی/بەحرکە) بۆیە دادگا بڕیاری دا لە ڕێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە کە لە هەرێمی کوردستان دەردەچێت بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە یاخو نوێنەرێکی یاسایی لەجیاتی خۆت ڕەوانە بکەیت لە رۆژی ٢٠٢٠/١٠/٢٥ کاتژمێر ٩ی بەیانی وە بە پێچەوانەوە دادبینی پاشملە و ئاشکرا لە دەرهەقت دەکرێت بەپێی یاسا.

دادوەری یەکەم/ دیار محمد علی

***

ڕێقەبەرییا گشتی یا باژێڕفانییا ل پارێزگەها دهوکێ بەشێ مولك و زەڤی و زار

ژمارە: ٢٢/٣٠٠/١/١

رێکەفت: ٢٠٢٠/٩/١٦

ئاگەهداری

لدویف یاسا فروتن و کرێکرنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ یا سالا ١٩٨٦ و ئەو دەستورکارێن لسەر ڤی بابەتی هاتینە دان لێژنا فروتن و کرێکرنێ دوویێ رادگەهینیت کو سەرئیك زێدەکرنەکا ناشکەرا یا هەی ژبو کرێکرنا ئافاهیێ (گازینوی) لسەر پارچە ئەردێ ژمارە (٤٩١/ میدان) ب روبەرێ (٨٢٨,٢٥)م٢ بو ماوێ ٣ سێ سالا و هەر کەسێ بڤێت پشکداری یێ دڤێ سەرئیك زێدەکرنێدا بکەت بلا داخوازێت خو دگەل دابینکرنێ کو کێمتر نەبیت ژ ٢٠٪ ژبهایێ خەملاندنێ پێشکێشی سەروکاتیا باژێڕفانیا ئامێدیێ بکەت د ماوێ ٣٠ سیهۆ روژا دا ژ بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د روژنامێ دا و ئەڤ سەرئیك زێدەکرنە دێ هێتە کرن ل سەروکاتیا باژێڕفانی یا ئامێدیێ دەم ژمێر دوازدەی نیڤرۆ و هەرکەسێ بو بکەڤیت دێ بهایێ ئاگەهداری یێ و هەمی خەرجێت بێتڤی دێ کەڤنە ستوێ وی.

ئەندازیار/ دیار بحری رسول

رێقەبەرێ گشتی

***

ڕێقەبەرییا گشتی یا باژێڕفانییا ل پارێزگەها دهوکێ بەشێ مولك و زەڤی و زار

ژمارە: ٢٣/٣٠٠/١/١

رێکەفت: ٢٠٢٠/٩/١٧

ئاگەهداری

لدویف یاسا فروتن و کرێکرنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ یا سالا ١٩٨٦ و ئەو دەستورکارێن لسەر ڤی بابەتی هاتینە دان لێژنا فروتن و کرێکرنێ دوویێ رادگەهینیت کو سەرئیك زێدەکرنەکا ناشکەرا یا هەی ژبو کرێکرنا ئافاهیێ (گازینوی) لسەر پارچە ئەردێ ژمارە (٤٩١/ میدان) ب روبەرێ (٨٢٨,٢٥)م٢ بو ماوێ ٣ سێ سالا و هەر کەسێ بڤێت پشکداری یێ دڤێ سەرئیك زێدەکرنێدا بکەت بلا داخوازێت خو دگەل دابینکرنێ کو کێمتر نەبیت ژ ٢٠٪ ژبهایێ خەملاندنێ پێشکێشی سەروکاتیا باژێڕفانیا ئامێدیێ بکەت د ماوێ ٣٠ سیهۆ روژا دا ژ بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د روژنامێ دا و ئەڤ سەرئیك زێدەکرنە دێ هێتە کرن ل سەروکاتیا باژێڕفانی یا ئامێدیێ دەم ژمێر دوازدەی نیڤرۆ و هەرکەسێ بو بکەڤیت دێ بهایێ ئاگەهداری یێ و هەمی خەرجێت بێتڤی دێ کەڤنە ستوێ وی.

ئەندازیار/ دیار بحری رسول

رێقەبەرێ گشتی

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی یا باژێڕفانییا ل پارێزگەها دهوکێ بەشێ مولك و زەڤی و زار

ژمارە: ٢١/٣٠٠/١/١

رێکەفت: ٢٠٢٠/٩/١٦

ئاگەهداری

لدویف یاسا فروتن و کرێکرنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ یا سالا ١٩٨٦ و ئەو دەستورکارێن لسەر ڤی بابەتی هاتینە دان لێژنا فروتن و کرێکرنێ دوویێ رادگەهینیت کو سەرئیك زێدەکرنەکا ناشکەرا یا هەی ژبو کرێکرنا ئافاهیێ (نادی الموظفین) لسەر پارچە ئەردێ ژمارە (٤٩٠/ میدان) ب روبەرێ (٥٥٢,٣٨)م٢ بو ماوێ ٣ سێ سالا و هەر کەسێ بڤێت پشکداری یێ دڤێ سەرئیك زێدەکرنێدا بکەت بلا داخوازێت خو دگەل دابینکرنێ کو کێمتر نەبیت ژ ٢٠٪ ژبهایێ خەملاندنێ پێشکێشی سەروکاتیا باژێڕفانیا

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون

ژمارە: ٣٣٤٣

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٩

بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار

دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (الحیدری) بۆ (بەڵێندەرایەتی گشتی و گواستنەوە/ سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی مادەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالّی ١٩٩٧ هەموارکراو. من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بڕیارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالّی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

أراس رؤوف عارف

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

ئامێدیێ بکەت د ماوێ ٣٠ سیهۆ روژا دا ژ بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د روژنامێ دا و ئەڤ سەرئیك زێدەکرنە دێ هێتە کرن ل سەروکاتیا باژێڕفانی یا ئامێدیێ دەم ژمێر دوازدەی نیڤرۆ و هەرکەسێ بو بکەڤیت دێ بهایێ ئاگەهداری یێ و هەمی خەرجێت بێتڤی دێ کەڤنە ستوێ وی.

ئەندازیار/ دیار بحری رسول

رێقەبەرێ گشتی

***

ڕێقەبەرییا گشتی یا باژێڕفانییا ل پارێزگەها دهوکێ بەشێ مولك و زەڤی و زار

ژمارە: ١٩/ت/٢٠٢٠

رێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٢٢

جاڕدان

ئەم دادگایە هەڵدەستێ بەفرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (١٠٢٤١/اربیل/انشائیە) جۆری (شفل تایر سجاق) مۆدێل (١٩٩٨) ڕەنگی (زەرد) کە بەناوی خوالێخۆشبوو (هێرش محمد محمدامین) لەرۆژی (٢٠٢٠/١٠/٧) کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ، جا هەرکەسێك دەیەوێت بەشداری کڕینی بکات با ئامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاریکراو وە پارەی یاسایی (١٠٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت، وە ئۆتۆمبێلەکە خەملێندراوە بەنرخی (١٦,٠٠٠,٠٠٠) دینار.

دادوەری یەکەم: دیار محمد علی

***

دادگای باری کەسی هەولێر /١

ژمارە:١٥٩٨/ش/٢٠٢٠/١

رێکەوت:٢٠٢٠/٩/٢٢

جاردان

بۆ داوالێکراو (اسراء احمد محمد)

شوێنی نیشتەجێبوونی نادیارە

دادگا لە داوای ژمارە (١٥٩٨/ش/٢٠٢٠/١) وە لەبەرواری ٢٠٢٠/٩/٩ بریاری دا لەسەر (تصدیق الطلاق) بۆ داواکار (نەهرو معتصم عمر) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری هەولێر/گەرەکی راستی بۆیە دادگا بریاریدا بە پێڕاگەیاندنت بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی (١٠) دە رۆژ لەرۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم جاردانە بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.

دادوەری یەکەم/ دیار محمد علی

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)

ئاگاداری

بەروار: ٢٠٢٠/٩/٢١

بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (ابراهیم هادی صابر ٢٠٠٠ پشك/عباس فارس ابوبکر ١٠٠٠ پشك) لە بەرواری ٢٠٢٠/٩/٢٠ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وێنستا دانداوە لە (ریگای قوشتەپە) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی راگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی سالّی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووس / شوان فوزی زکی

ئامێرەکان:

١- سێ دانە ئامێری جاروشەی دانەوێلەی بە علف کردن. بەرهەمهێنانی کەپەك ژمارە ١٤٨٢٦، بێ ژمارە، ٥٤١٧٤٢١درووستکراوی بلغاریا، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی K.W ٥٠ X٢ – ١٠٠ *١K.W هاوپێچ/ دوو دانە سایلۆی دروستکراوی خۆمالی

***

دادگای بەرایی ئاکرێ

ژمارە/٥/ب/٢٠٢٠

رێکەوت/٢٠٢٠/٩/٢٢

بۆ/داوالێکراو (عیسی قرطاس محمد)


ئاگاداری

داواکار (شعبان طاهر عبدالله) داوای ژمارەی سەرەوەیان دەرهەق بە تۆ تۆمارکردووە لە بەردەم دادگاکەمان کە تیایدا داوا دەکان بری (١٥٨٨٩٠٠٠) پانزە ملیون وهەشت سەدو هەشتا ونەهە هزار دیناری بۆ بگەڕینیەوە ولەبەر دیارنەبونی شوێنی نیشتەجێبوونت دادگا بریاری دا بە ئاگادارکردنەوەت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی تاکو ئامادەبییت لە بەردەم دادگاکەمان لە ڕۆژی(٢٠٢٠/١٠/١٢)کە دیاریکراوە بۆ دادبینی بەپێی مادەی ١/٢١ لە یاسای دادبینی شارستانی وبەپێچەوانەوە دادگا هەڵدەستیت بە دادبینی پاش ملە دەرهەق بە تۆ وەدەرکردنی بریاری پێویست بەپێی یاسا

دادوەر / خالد عثمان یوسف

***

سارا تەڵایی: پێوانەی هونەری هەر هونەروەرێک بە پێوەری ڕادەی تێگەیشتنییەتی لە ناخی مرۆڤایەتی و سایکۆلۆژی سروشتناسییەوەیە



دیانە/ پەریهان عومەر

سارا تەڵایی لەدایکبووی شاری مەهابادی ناوچەی موکریانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە لەنێو خەڵکدا وەك هونەرمەندێکی شێوەکار و گرافیست، شاعیر و نووسەر و ژەنیار ناسراوە. تاکو ئێستا لە ئێران و ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان لە دەیان کۆڕی شێعر، کۆنسێرت، پێشانگای شێوەکاری، فێستیڤاڵ و سیمیناری هونەریدا بەشداری کردووە. لە مەهاباد خاوەنی فێرگەیەکی هونەری بووە بە ناوی «ئاموزشگای نەقاشی ژیوار» هەر لەوێ بە دەیان قوتابی زانکۆ و فێرخوازانی هونەری لەو ڕێبازەدا پێگەیاندووە. ماوەی چوار ساڵە دانیشتووی شاری هەولێرە، لە سەنتەری ڕۆشنبیری زانکۆی جیهان ماموستای وانەی هونەرە، بەردەوامیش خەریکی خزمەتگوزاری و پێشکەشکردنی پڕۆژەی جۆراوجۆری هونەرییە. خاوەنی سێ کتێبی هونەری و کتێبێکی مێژوویە کە دوو دانەیان چاپ کراون و دوو دانەشیان ئامادەی چاپن. تا ئێستا نزیك لە ٨٦ پێشانگای هاوبەش و تایبەتدا بەشداری کردووە.



• ئایا پێناسەی ئێوە وەك ڕوانگەی ئافرەت بۆ هونەر چییە؟


- هونەر وشەیەکی جوان و پیرۆزە کە پێناسەی شعور و پێگەیشتن لە تێگەیشتن دەکات، ئەربابی هونەر و هونەروەرە کە بوون لە نەبوون دەتاشێ و ڕێخۆشکەری کردنەوەی فام و بیری مرۆڤەکانە. کەسێك دەبێ خاوەنداری ئەو ناوە بکات کە خۆی لە واتا و قوواڵیی ناوەڕۆکی هونەردا دەبینێت، بە شێوازێك کە خەڵك لە هەستی تێبگات. پێوانەی هونەری هەر هونەروەرێك بە پێوەری ڕادەی تێگەیشتنییەتی لە ناخی مرۆڤایەتی و سایکۆلۆژی سروشتناسییەوە کە بە پانتایی کادزەکانە کە ئەوەش کردار دەیسەلمێنێ نە وتار. هونەری ڕاستەقینە لە هەر قالبێکدا بێت بەنرخ و جوانە لای خاوەنەکەی، مادام ئەو هەستە هەڵقوڵاوی ڕوحی هونەرمەندە و دووڕە لە لاساییکردنەوەی بێسەر و شوێن. دەتوانین بابەتی هونەری ژنانە یا هونەرێك کە پەیوەندی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆی بە ئافرەتەوە هەبێ لە بنچینەوە ڕەت بکرێتەوە و بخرێتە ژێر باس و پرسیارەوە. دەکرێ باوەڕمان وابێ کە هونەری ژنانە یا پیاوانە لە نێوماندا بوونی نەبێ لە هەڵسەنگاندنی بەرهەمێکی هونەری دەستکرد، هۆکاری مێژوویی، سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕۆڵی گرنگتر دەگێڕن، تا ئەوەیکە لە ڕێگەی سیستەمی دەسەڵاتداری دادوەرێکی نا هونەری، یاسای ژنانە و پیاوەنە بوونی هونەر تاپۆ بکەین لە سەر بەرهەمی مولکی هونەرمەندان لە گۆمەڵگادا.

• ڕۆڵی ئافرەت لە مێژووی هونەری جیهان و کۆمەڵگەی کوردیدا چۆنە؟

- ئەگەر بە وردی لە مێژووی وڵاتانی ڕۆژئاواییدا بڕوانین، بە ڕوونی ڕێنساس نادیار و ونە.لە دوای سەدەی بیستەم ئیتر ڕۆڵی ئافرەتانی هونەرمەند بە دەگمەن هەڵناکەوێ، ساڵی ١٩٧٠ی زایینی دەتوانین بڵێین ساڵی گۆڕانکاری و نزیکبوونەوەی نێوان ئافرەت و قەوارەی وێژەیی و هونەر بووە. فێمێنیستەکانی نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم بەڕامبەر بە «ئافرەت و وێنا» یا ئافرەت بوون وەك ئەنجامی بیرکردنەوەی چێژی پیاو توانیان شۆڕشێکی گەورە لە مێژووی گۆڕانکارییەکاندا بخولقێنن، بزوتنەوەیەك کە تەنیا تایبەت نەبوو بە بەرەنگاربوونەوەی ناعەدالەتییەکان بەڵکو، هەوڵێك بوو بۆ زەفکردنەوەی جیاوازییەکانی ڕەگەزی مێینە لە قەوارەی فەرهەنگ، هونەر و وێژەییدا. لە دێرزەمانەوە ڕۆڵ و پێگەی ئافرەتانی کورد نەك تەنیا لە هونەری ماڵ و خێزانداری، بەڵکو بە پشت بەستن بە هێز و پاڵپشتی پیاوان، تەنانەت لە بەشی هونەر و وێژەیی و سیاسەتیشدا ڕەنگدانەوەی باشیان بە خۆوە بینیوە کە زۆر پێشتر لە شۆڕشی ژنانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی ئافرەتی کورد بە هونەری ڕستن و چنین و تەون کردن و کۆمەڵێك چالاکی هونەریتر جێگەی دەست و پەنجەی لە مێژووی هونەری کوردیدا زیندوو ڕاگرتووە، کە بەڵگە مێژوونووسەکان دەرخەری ئەو ڕاستییە حاشا هەڵنگرەن، بەڵام بە داخەوە لە بەر نەبوونی دەوڵەت و بێخاوەنی نەمانتوانیوە پارێزەری ئەو هەموو پێشکەوتنە بین و لەبەر چاوی گەلی کوردا ونبووە.دایك و باوکانی ئێستای کوردستان هەر لە بنچینەوە، لە ڕووی داب و نەریتی سەقەتی گەلانیتر بێئاگایانە هەوڵی سەپاندنی هێزی ڕەگەزی نێرینە بە سەر مێیینەدا دەدەن، کە دەرنجامی ئەو نایەکسانییە بۆمان دەردەکەوێ تا سەردەمێك لە مێژوودا، ئافرەت وەك مۆدێل و ناوەڕۆکی تابلۆیەکی هونەری زەقکراو دەوری دەبینی نەك وەکوو هونەروەرێك. ئافرەت بوونێکی درۆینە و ناڕاستەوخۆی هەبووە، کە ئەویش بەرهەمی زایەڵەی چاوی پیاوێکی شێوەکار بووە و تەنیا لەسەر پەردەی نەخش بینراوە. هەرچەند ئافرەتانی هونەرمەند لە هەموکاتدا بوونیان هەبووە، بەڵام لە مێژووی هونەردا بوونیان نەسەلمێنداراوە. یەك لەبەر ئەو هۆکارەی کە چوونە ئاکادمی هونەر و فێرکاری و فێربوون تایبەت بووە بە پیاو و بۆ ئافرەتان قەدەغە بووە، هەروەها چۆن زۆربەی داواکاری خاوەنکارەکان لە ڕێگەی کەنیسەکانەوە بووە، ئیشیان بە ئافرەت نەداوە و هەر پیاو لە مێژووی هونەردا ڕۆڵی بەرچاوی بینیوە و هونەری ئافرەت تا دوای سەردەمی پێگەیاندنی کۆمەڵێك ئافرەتی لاواز، ترسنۆك و بێ پەنا و نەخوێندەواری لێدەکەوێتەوە. لە بەرامبەردا کۆمەڵێك پیاوی لاسار و تەپڵۆس و زۆردار بەرهەم دێنێت کە دەبێتە هۆی دواکەوتوویی زیاتری کۆمەڵگا کە بەم شێوەیە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر شکۆی ئافرەت ژێر پێی دەخرێ و لە ڕوانگەی ئەو تاقمەوە ئافرەت تەنیا وەك ڕەهەند و کەرەستەیەکی سێکسی سەیر دەکرێ.

• پەیامت بۆ ئافرەتانی دڵسۆزی نیشتمان چیە؟

- مێژوو بخوێنەوە با باش بزانن، داب و نەریتی کۆمەڵگەی کوردی ئەوە نییە کە ئێستا کۆمەڵێك شانۆکار لە میدیاکاندا ڕۆڵی پەروەردەی گەنجەکانمان دەگێڕن کە خۆیان نین و هیچ کاتیش ناتوانن خۆیان بن، چۆن خۆیان نایانهەوێ خۆیان بن لەبەر نەخوێندەواری و نەزانی. ئەوەی لە زاریان بێ پاڵاوتن دێتە دەرێ، تەنیا بنەماڵەکانمان تووشی سەرلێشێواوی و ئاڵۆزی فیکری دەکات. ئەو تاقمەی کە جەستەی خۆیان کردۆتە کەرەستەی سێکسی پیاوان و میدیاکان و سۆشیال میدیا و هەر ڕۆژە و بە شێوەی جۆراوجۆر نمایشی دەکەن. کچانی گەنج بخوێنەوە با بزانن لە کوێی پێشکەوتنی زەویدا وەستاون، کاتی خۆتان بۆ جوانییەکی کاتی بە فیڕۆ مەدەن، ئافرەت خۆی جوانە، ئافرەت بە داهێنان، بەرهەمهێنان، زانست، ئەندیشە، بیر و باوەڕ و دڵێکی پڕ لە جوانی مێهربانییەوە جوان دەردەکەوێ، نەك یەك کیلۆ مەکیاژ! ڕێزی گەورەکانتان بگرن، هاوکاری خوشك و براکانتان بکەن با سەرکەون، فێری ئیشی هەرەوز و ڕوحی هاوبەش و بیری هاوبەشی فیکری لە خۆتاندا زیندوو کەنەوە، با ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر ڕەنگی خۆشی ژیان ببینن و بەختەوەر بن. لە کۆتاییدا خاك و ئاوی وڵاتەکەتان خۆش بوێت و نیشتمانتان بە دڵ و بە گیان بپارێزن. ئەوەی گرنگە بۆ ژیانێکی ئارام و خێزانێکی دڵخۆش و بەختەوەر پێویست ناکا خۆتان بسەلمێنن، بەڵکو خۆتان بن، پشت بە تواناکانی خۆتان ببەستن تا بتوانن سەربەرز و دڵخۆش بژین. دایکان و باوکانی ئازیز، سنووری یەکسانی بپارێزن لە نێوان کوڕ و کچدا، هەر دووکیان خەڵاتی پەروەردگارن.




جلێکی بووکێنی بە بەهای 600 میلیۆن دۆلار

ئا/ لاپەڕەی ئافرەت

زۆر بینراوە لە ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکان زیادەڕۆیی دەکرێت و کەسانی دەسترۆیشتوو و خاوەن پارە کاری سەیر و سەمەرە بۆ ئەو بۆنەیە دەکەن. بە تایبەت ئەو دیاردەیە لە دەوڵەمەندانی وڵاتانی عەرەبی زۆر زیاتر دەبینرێت.

ئەمجارە بووکێك کە ساڵانێك بە دەستی زیادی کێشییەوە نااندوویەتی و ڕەنگە لە بەختی بێ هیوا بووبێت لە ئاهەنگێکی دەگمەن جلێکی بووکینی دەپۆشێت کە بەهاکەی ٦٠٠ میلیۆن دۆلارە. گرانی ئەو جلە و ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکە تا ئێستا بێ وێنەبووە.

ئەو ئاهەنگە کە ساڵی ٢٠١٧ ڕێکخراوە تا ئێستاش بووتە جێگەی شۆك و دووبارە نەبۆتەوە.



ئافرەتێکی لوبنانی ڕیچکە شکێنییەکی مەزن لە کارەکەیدا دەکات

ئا/ لاپەڕەی ئافرەت

ئافرەتێکی ٢٩ ساڵانی لوبنانی لە داهێنانێکی تایبەت بە خۆی توانی (تەکسی ماتۆڕ) دابنێت و ئافرەتان بە ماتۆڕی تایبەتی خۆی لە شاردا بگوازێتەوە. بارودۆخی خراپی ئابووری لە لوبنان بووتە هۆکار تا هەندێك داهێنانی سەیروسەمەرە بکەن بۆ ئەوەی بتوانن بژێوی ژیانیان دابین بکەن. هەواڵنێری (سپۆتنیك) لە بەیروتەوە لە هەواڵنێکیدا دەڵێت: (ڕەنا کرزی) لە بیرۆکەیەکی ناوازەدا گواستنەوەی ئافرەتانی لە شاردا بە ماتۆڕ دابینکردووە و ئەو ئافرەتانەی پێویستیانە کە بە زووبی بگەنە شوێنی مەبەست داوای گواستنەوە لە ڕەنا دەکەن. ڕەنا پاش ئەوەی تووشی کێشەی ئابووری دێت بڕیاردەدات گواستنەوەی خەڵك بە ماتۆڕ تاقیبکاتەوە و خزمەتگوزارییەکەی تایبەت کرد بە ئافرەتانی شاری بەیروت.

وەك لە هەواڵەکەدا هاتووە ئەو خاتوونە لە چوارساڵ لەمەبەرەوە خۆی فێری لێخورینی ماتۆڕ کردووە و بۆ چوونە سەرکار کەلکی لێوەرگرتووە. ئێستاکە کە بێکاری و بێ پارەیی تەنگی بە دانیشتوانی لوبنانی هەڵچنیوە ماتۆڕەکەی بۆ گوزەرانی ژیانی بەکاردێنێت. سەرەتا ڕەنا چەند ڕێکلامێك لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دادەنێت و وەك خۆی دەڵێت کەم کەم خەڵك ناسیویانە و پەیوەندی پێوەدەکەن. ڕەنا لە بارەی هەڵسوکەوتی خەڵك لەگەڵ کارە نامۆکەی دەڵێت: شتێکی نەشیاوم نەبینیوە و نەبیستووە. ئێستا خەڵك ئیتر ڕاهاتوون لەسەر من و کارەکەم و زۆر کوڕ و کچی گەنج پیرۆزباییان بۆ ناردووم.







ڤۆڵتێر.
تەنگژەی هەڵکشانی هزر و داکشانی ڕەوشت

د. محەمەد عەبدولستار ئەلبەدری

نووسەری فەرەنسی ڤۆلتێر، بە گرنگترین نووسەری نیوەی دووەمی هەزارەی دووەم دادەنرێت. ئەو کوڕی بژاوی ڕۆشنگەرییە لە ئەورووپادا، لە سەرووی هەموو ئەوانەشەوە دێت، کە داوای ڕزگارکردنی مێشکیان لە شتی پڕوپووچ دەکرد، لەگەڵ پابەندبوون بە ڕێبازی هۆشمەندی لە ڕافەکردنی دیاردەکانی سروشتی و کۆمەڵایەتییدا. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو لە نیوەی یەکەمی سەدەی هەژدەدا، زیاتر بەرچاو بوو، هەرچەندە کەسانی مەزنی زۆر هەبوون، کە لەوانەیە لە ڕووی هزرەوە لە سەرووی ئەویشەوە بێن، بەڵام لە هەمووان چیابوو، بە هۆی توانای لەسەر لێکدانی تێڕوانینی تیۆ و یەک ئامانجی، لەگەڵ لێکدانیان هەندێکجار، بە گاڵتەپێکردنی قەبەکراو لە ڕستە، یان وشەی کورت، کە لە زرینگانەوەیدا باڵا بێت و وای لێبکات، تێگەیشتنی ئاسان بێت و کاریگەریشی قوواڵ بێت، هەرئەوەش ناسناوی (دەسەاڵتداری هزری ئەورووپا)ی پێبەخشی، هەرچەندە لەو گۆڕەدا، وەکو هەندێ لەو هاوسەردەمەکانی، هاشێوەی ڕۆسۆ و دیدرۆ، ڕێکخراوێکی فەلسەفی تەواوی پێشکەش نەکرد، بەڵام موڵکە کۆمەاڵیەتییە نایابەکانی، وایکرد پاشا و شازادەکانی ئەورووپا، بە پیرییەوە بچن.

لە ڕاستیدا، ڤۆڵتێر ڕوویەکی دیکەی هەیە، کە زۆرجار لە خوێندەرەکانی دەشاردرێتەوە. ڤۆڵتێر لە ساڵی ١٦٩٤ لە دایکبووە و لە قوتابخانەی یەسووعییەکان خوێندوویەتی، پاشان هەڵپڕژاوەتە سەر خوێندنی یاسا، کە دواتر وازی لێهێنا، بە مەبەستی چاودانە سەر هزر، نووسین و شیعر، دەستی بە نووسین و هەوڵی نزیکبوونەوە و مەڕاییکردن بۆ سەرکردەکانی سیاسیی کرد، وەکو هەوڵێك بۆ ئەوەی ببێتە هزرڤانی سیاسییان، بەڵام نووسینەکانی زوو ئەویان خستە بەندیخانەی (پاستیل)ـەوە، لەبەر هێرشکردنە سەر کارگێڕی پاشا لویسی چواردەیەم. پاشان ڕووی کردە ئینگلتەرا، کە بووە بنکەیەکی هزری بۆی، بەتایبەتی دوای پەیوەندیکردنی بە هزرڤانی گەورە جۆن لوك، پێشەنگی قوتابخانەی لیبراڵیزم و زانای گەورە، ئیسحاق نیوتن، کە کاریگەریی زۆریان بەسەرییەوە هەبوو، لوك ئاوڕدانەوەی ڕەهای بەرەو لیبراڵیزم لەناخی ڕواند، نیوتنیش پاڵپێوەنا تێڕوانینی ژیرانە، بە ڕێبازە تەواو ئەزموونگەرییەکەی، دوور لە فێربوونە الساییەی باوەکان لەخۆ بگرێت، هەر ئەوەش وایکرد، هەموو دیاردەکانی پڕوپووچی ڕەت بکاتەوە و بە ڕێبازی ژیری پابەندبێت، هەتا ئەگەر لەسەر بەرژەوەندیی مرۆڤایەتیش بێت. ئەوەدم کتێبەکانی لە هۆڵەندا بڵاوەدەکردنەوە، لەبەر سانسۆری توند لە فەرەنسا، سااڵنێکی زۆریش میوانی پاشای بڕووسیا، فریدریکی گەورە بوو، بەمەبەستی ڕاستکردنەوەی ئەو قەسیدە شیعرییە خراپ و وەڕسکەرانەی، پاشا دەیهۆنەنەوە. دوای گەڕانەوەشی لە گەشتە دوورودرێژەکانیدا، فەرەنسییەکان وەکو شارستێنەکان (فاتح) لە پاریس پێشوازییان لێبکرد، دوای ئەوەی ڕۆمان، وتار و پەڕاوەکانی بەربڵاوبوون و، داوای ڕزگاربوون لە نەریتە کۆتکردووەکانی هزر و ڕزگاربوونی سیاسییان دەکرد، ئەو پیاوە هەموو هەوڵەکانی لە چەندین تەوەر چڕ کردەوە، لە سەرووی هەموویانەوە، بەرەنگاربوونەوەی جیاووکەکانی (امتیازات) چینی ئەرستۆکراتی، دەمارگیری ئایینی، بااڵدە باوەکانی نێو کۆمەڵگە، بەڕێوەبردنی سیاسەت لەالیەن کڵێسا، یاسایە ستەمکارەکان و گەندەڵی لە سیستەمە سیاسییەکاندا. هەرچەندە هەندێ هزرڤان و سیاسەتڤان هەوڵیان دا، دوای مردنی، لەبەرڕۆەندی شۆڕشی فەرەنسا، کە لە ساڵی ١٧٨٩ بەرپابوو، گاڵتە بە نووسینەکانی بکەن، کەچی ئەو پیاوە ڕۆژێك لە ڕۆژان بانگەوازی بۆ شۆڕش نەکرد، بەڵکو بە شێوەیەکی بەرچاو بە (شۆڕشی شکۆمەندی) ئینگلیزی کاریگەر بوو، کە بەشێوەیەکی زۆر ئاشتیانە، موڵکایەتی پەرلەمانی داهێنا، دوای نزیکەی چوار دەیە لە جەنگی ئەهلییدا، بۆیە یەکێ بوو لەوانەی باوەڕیان بە تیۆری گەشەکردن هەبوو، نەوەکو شۆڕشکردن، لەبەر کاریگەری نەرێنی شۆڕش بەسەر تەواوی سیستمی سیاسیدا، بۆیە ڕێبازی چاکسازیی لەسەر بنەمای هزری و ڕۆشنگەری، گرنگترین شت بوو کە بانگەوازی بۆ کرد، بەڵام بە دڕێژایی تەمەنی، کڵێسا و ڕەفتارەکانی، لە نووسین و ڕەخنە تاڵەکانی ساغڵەم نەبوون، تارادەی ئەوەی هەڕەشەی لە ڕێوەرەسمی ناشتنی دەکرد، بە گوێرەی مەزهەبی کاسۆلیکییەوە.

ئەو هەڵسەنگاندنانەی بۆ ڕەفتارەکانی ڤۆلتێر کراون، لە ڕەخنەگرتن لە کەسایەتی ئەو بەتاڵ نەبوون، زۆرێك لەوانەی هاوسەردەمی بوون، لەسەر هەموو ئاستەکان بە کەسێکی بێ ڕەوشت وەسفی دەکەن، دەرکەوتووە پەیوەندییەکی نادڕەوای لەگەڵ کچی خوشکێکی هەبوو، هەروەها خاوەن کەسایەتییەکی تووندوتیژ بوو، خاوەنی چەندین پیالنگێڕی و چاڵ هەڵکەندنە، هەر شتێك پەیوەست بێت بە بەرژەوەندییەکانی و ژمارەی ڕکابەرەکانی چاردەوری، خاوەنی هیچ هاوڕێ و ڕەوشتێك نەبوو، سەرچاوەکان دووپاتی دەکەنەوە، بۆ وەاڵنان و بچووککردنەوەی ڕکابەرەکانی، یان هەموو ئەو شتانەی هەڕەشەیان لە پێگە هزرییەکەی دەکرد، بەردەوام پشتی بە زیرەکی و پێگەی خۆی لەالی پاشا و شازادەکان بەستووە، ئەو ڕکابەرییە کراوەیەی لەنێوان ئەو و جان جاك ڕۆسۆ سەری هەڵدا، کە دوو لە مەزنترین هزرڤانی سەردەمی ڕۆشنگەرین، بە بەڵگەی ئەمە دادەنرێت، هەرچەندە ڕۆسۆ لە زۆر بۆنەدا دەیویست خۆی لە ڤۆلتێر نزیك بکاتەوە، وەلێ ڤۆلتێر بە ئەنقەست و بە ئاشکرا سووکی دەکرد، بە شێوەیەك کە پێم وانییە، ئیرەیی لەگەڵدا نەبێت. کاتێك ڕۆسۆ دانەیەك لە کتێبەکەی (گفتوگۆیەك لەبارەی ڕەگ و بنەماکانی نا یەکسانی لەنێو پیاوان)ی بۆ نارد، چاوی لەوە بوو ڤۆلتێر پەسنی بدات، بەڵام وەاڵمی ڤۆلتێر زۆر جەرگبڕ بوو و وتی:»کتێبە تازەکەتم، کە دژی مرۆڤایەتی ناراستەکراوە بەدەست گەیشت. کەس نایەوێت تواناکانی مێشکی خۆی بخاتە گەڕ، بۆ ئەوەی قنیات بە مرۆڤ بێنێت ببێتە ئاژەڵ. لەکاتی خوێندەوەی کارەکەت، مرۆڤ مەیلی ئەوە دەکات لەسەر هەر چوار پەلی بڕوات، بەڵام من لەوەتەی دەڕۆم، ئەو نەریتەم واز لێهێناوە، بۆیە- لە بەد بەختیم- ناتوانم دوای شەست و پێنج ساڵ، جارێکی دیکە بگەڕێمەوە سەری». ناکۆکی لەسەر ئەوە نییە، ڤۆلتێر لەو گۆڕەدا، بە دیاردەیەکی دوو فاقی لەنێوان بلیمەتی هزر و نووسین لەالیەك و، داکشانی ئاکار و ڕەوشت لە الیەکی دیکەوە دادەنرێت، ئەوەش ئەو هێڵە باریکەیە، کە زۆرجار لە هۆشیاری مرۆییماندا دەرکی پێ دەکەین، بۆیە لە ڕووی ڕەوشتەوە حوکم لەسەر نووسینەکانی دەدەین. لێردا، لەسەرمانە بابەتیانە جیاوازی بکەین، با لەناخەوە بەهای هزریی لە ڕەفتاری سەرچاوەکانی جیا بکەینەوە، کە زۆرجار تێکەاڵوی یەکتریان دەکەین.



و: ڕەمزی میرەکانی
سەرچاوە: www.aawsat.com

داود
کێشەی نێوان فلۆرەنساو ڕۆمایە



یەکێك لەشاکارە هەرە مەزنەکانی پەیکەرتاشی گەورەی جیهانیی مایکل ئنجیلۆ پەیکەری (داود)ـە کە لە ٨ ی ئەیلولی ساڵی ١٥٠٤ بەئەنجام گەیشتووە و درێژیەکەی ٦ مەتر دەبێت .
پەیکەرەکە وێنەی پیاوێکی ڕووت بەرجەستە دەکات، کە بەشێوەیەکی الر وەستاوە و قورسایی خۆی خستۆتە سەر قاچی چەپی و قاچی ڕاستیشی درێژ کردووە، بینەر وا هەست دەکات کە پیاوەکە خۆی بۆ جوالنەوەیەك ئامادە کردووە، مایکل ئەنجیلۆ بەداهێنانی خۆی هەوڵی داوە ئەو سروشە بداتە بینەر کە پیاوەکە جۆرێك لەنیگەرانی پێوە دیار بێت، هەست دەکەیت (دیفید) بە دیقەتەوە دەڕوانێتە ناحەزانی خۆی و لەئامادە باشی دایە بۆ بەرێ کەوتن . لەبەر ئەوەی (مایکل ئەنجیلۆ) بۆ ماوەی پێنج ساڵان لەجەستەی مرۆڤی خوێندووە زۆر بەئاسانی توانیویەتی ئەو جەستەیە بەرجەستە بکات .
پەیکەری داود باس لەچیرۆکی داود و جالوت دەکات لەسەردەمی کۆندا، کاتێ داودی گەنج گاشە بەردێ بۆ جالوت ی زەبەالح داوێ، بۆ ئەوەی لە ناوی بەرێت ..کاتی خۆی کە مایکل ئەنجیلۆ ساڵی ١٤٩٩ و ١٥٠١گەڕایەوە فلۆرەنسا هەلومەرجی ئەو وڵاتە بەتەواوی گۆڕابوو، بەتایبەت دوای لەسێدارەدانی (ساقو نارولا) سەرۆکی فلۆرەنسا و هاتنی (بیر سودیرینی) حاکمی نوێ، لەو کاتەدا سەندیکای کرێکارانی خوری، داوایان لە مایکل ئەنجیلۆ کرد ئەو پرۆژە هونەرییەی پەیکەر تاشی ناسراو (ئەگستینو دی) دەربارەی داود پێغەمبەر بەر لەچل ساڵ کە بریتی بوو لەپەیکەرێکی گەورەی داود پێغەمبەر، وەك گوزارشت کردنێك لەئازادی فلۆرەنسا و لە گۆڕەپانێکی نزیك لەتەالرێکی کۆن دابندرێت .

حەیدەر عەبدولڕەحمان

مایکل ئەنجیلۆ لەسەر خواستی سەندیکا بەمە ڕازی بوو، ئەوەبوو ساڵی ١٥٠٤ پەیکەرەکەی تەواو کرد، بەمەش ناوبانگێکی زیاتری پەیدا کرد. ئەوەتا ئەمڕۆکەش ملیۆنەها گەشتیار لەهەموو جیهاندا دێنە فلۆرەنسا، ب تایبەتی بۆ بینینی پەیکەرەکانی مایکل ئەنجیلۆ، لەوانەش پەیکەری داود .
ئێستا بەڕپرسیارانی ئەو شارە بیر لەرێگا چارەیەك دەکەنەوە بۆ ئەوەی پالنێك دابنێن بۆ کەمکردنەوەی گەشتیاران لەو شارەدا، کە بەهۆی جەنجاڵی گەشتیاران لەدەورو بەری ئەو پەیکەرەدا .
ئاژانسی ئانسا لەسەر زمانی بەڕپرسانی موزەخانەی فلۆرەنسا دەڵێ: لە ٥٠٠ ە مین ساڵیادی دروست کردنی ئەو پەیکەرە، مقۆ مقۆیێکی زۆر دروست بوو لەسەر چۆنییەتی شۆرینە ئەو پەیکەرە، لە ترسی ئەوەی ئەو شۆرینە کار نەکاتە سەر پەیکەرەکە یا گۆڕینی ڕەنگەکەی، بەڵام لە ئاکامدا شارەزایانی ئەو بواڕە، وێڕای نارەزایی زۆری زانایان وەزیری ڕۆشنبیر یی ئیتاڵیا (جۆلیانۆتۆروبانی) ڕەزامەندی نیشاندا لەسەر پاك کردنەوەی پەیکەرەکە کە بەساماتێکی نەتەوەیی و نیشتمانی بێ وێنە هەژمار دەکرێت. هەر لە ٥٠٠ ەمین ساڵیادی دروست بوونی پەیکەرەکە کێشەیەکی گەورە کەوتە نێوان حکومەتی ئیتاڵیاو والی فلۆرەنسا لەسەر پەیکەری داود لەبەر ئەوەی حکومەتی ئیتاڵیا دەڵێ ئەم پەیکەرە موڵکی وڵاتی ئیتاڵیایەو ساماتێکی نیشتمانییە، بۆ ئەم مەبەستەش چەند پارێزەرێکی ڕاسپاردووە کە لە بنەچەی مولکایەتی پەیکەرەکە بکۆڵنەوە، بۆ ئەوەی موڵکایەتی پەیکەرەکە بکەوێتە سەر حکومەتی ئیتاڵیا،کەچی فلۆرەنسا دەڵێت نەخێر داود موڵکی فلۆرەنسایەو هەر بە موڵکی فلۆرەنساش دەمێنێتەوە ..چونکە داود هەر تەنها شاکارێکی هونەریی گەورە نیە کە ئەلتەرناتیفی نەبێتەوە، بەڵکو سەرچاوەی بەدەست هێنانی گەورەترین داهاتە بۆ فلۆرەنسا، چونکە ساڵانە ملیۆنەها کەس لەهەموو جیهاندا ڕوو لەفلۆرەنسا دەکەن بۆ بینینی ئەو پەیکەرە کە لەگەڵ بینینی دا هەرگیز لەمەزەندەی مرۆڤ دا کاڵ نابێتەوە.. نیگارکیشی ناسراوی ئیتاڵی (جیورجیو فاساری) کە لەسەدەی شانزەهەمدا ژیاوە دەڵێت: ئەوەی ئەو پەیکەرەی داود ببینێت ئیدی ببڕای بڕای پێویستی بەبینینی پەیکەرێکی دیکە نابێت، نە لەسەردەمی ئێمەدا نە لەسەردەمەکانی داهاتووشدا .
بەم شێوەیە داود لەشوێنی خۆی لەناو دڵی فلۆرەنسا لە گۆڕەپانی دیالا سنوریا هەر بەشکۆمەندی مایەوە تا ساڵی ١٨٧٧ ئینجا گواستراییەوە ئەکادیمیای فلۆرەنسا.

فلۆرەنسا الی مایکل ئەنجیلۆ سەرچاوەیەك بووە لەسەرچاوەکانی داهێنان، بۆیە هەمیشە هەوڵی ئەوەی داوە هەموو دەسەاڵتێکی هونەریی خۆی پیشکەش بەشارەکەی بکات، بۆیە نازناوی کوڕی فلۆرەنسای لەخۆی نابوو، وەك باوکیشی ناوی لەخۆی نابوو هاوڵاتی فلۆرەنسا، بەڵام دایکی ژنێکی هەمیشە نەخۆش بوو، نەیتوانی شیر بداتە مایکلی کوڕەکەی، ئەو کاتەی کە بەدەم ئەو نەخۆشییەوەوە مااڵئاوایی لەدنیادا کرد، مایکل تەمەنی شەش ساڵان بوو، لەدەستپێکی تەمەنیدا کاتێ مایکل ئەنجیلۆ بەهرەی هونەریی تێدا دەرکەوت، باوکی هەوڵی دەدا کە لەهونەر دووری کاتەوە، هەمیشە دەیگوت: هونەرمەندەکان کرێکاری سادەن، بۆیە ناردیە قوتابخانەی مامۆستا (فرانسیسکۆ جالیوتا) لەئارببنۆ، بۆ ئەوەی فێری زمان و بنەماکانی زمانی التینی بێت .
بەڵام دوایی مایکل ئەنجیلۆ هەر ڕێگەی سروشتی خۆی گرتە بەر و باوکی نەیتوانی ڕێ لە تەقینەوەی بەهرەکانی بگرێت، ئەوەبوو فێری چوار هونەری گەورە بوو، بوو بەنیگار کێشێکی داهێنەرو تەالرسازێکی بلیمەت و شاعیرێکی ئەفسوناوی، وێڕای گەورەترین هونەری. کە هونەری پەیکەرسازی بوو، ئەو هونەرەی وای کرد مایکل ئەنجیلۆ لەمێژووی مرۆڤایەتیدا بە تاقی تەنیا لە سەر لوتکە بوەستێت و کەس نەتوانێ تێپەڕێنێ.
مایکل ئەنجیلۆ لەیاداشتەکانی خۆی دەنووسێت و دەڵێت:
(کاتێ تەمەنم شانزە ساڵ بوو دەتگوت ئەقڵی من گۆڕەپانی شەڕە، هەمیشە پڕ بوو لەملمالنێ لە نێوان پیکهاتەکان و بابەتەکان، هەمیشە هەوڵم دەدا ئەو ئاڕەزووانەی خۆم لەسەر دیواری وینەگاکەما بەجێ بێڵم) زۆر لەشاکارە مەزنەکانی میکل ئەنجیلۆ لەسەر دیواری کەنیساکان و لەسەر دیواری پەرلەمان،لەوانەش لەسەر دیوارەکانی کەنیسای (لۆرنیزۆ) کەنیسای سکستین لە فلۆرەنسا، کە چەند کەسێك بەرووتی نەخش کراوە، ئەم داهێنانە بوو بەمایەی بەخیلی پێ بردنی نیگار کێشێکی وەك (دومینیکوس) ناسراو بە(جریکۆ)لەئیتاڵیا، کە داوای لەپاپا کرد دیواربەندەکە بڕوخێنن لەشوێنی ئەودا خۆی کارێکی هونەری بکات، بەڵام ئیتاڵییەکان بەمە ڕازی نەبوون و زۆر بە توندی ناڕەزایی خۆیان بەرامبەر بەو پێشنیارە دەربڕی، بۆیە داوایان کرد کە دەبێ جریکۆ لەو وڵاتە دەربکرێت .
مایکل ئەنجیلۆ تەنیا ئاواتێکی ئەوەبوو کە لە فلۆرەنسا بمرێت و لەوێش بنێژرێ، بەڵام لە تەمەنی ٨٩ ساڵیدا زۆر بەبێ نازی مرد، کاتێ یەکێ لە برازاکانی لەپارچە کوتاڵێکی لوولداو شەو بەتەنیا بەگالیسکەیەك لەکەنیسای (کرۆس) لە فلۆرەنسا ناشتی، لەترسی ئەوەی نەبادا ناشتنەکەی کێشەیەك بۆ ئیتاڵیا دروست بکات .



ئا: هەندرێن شێرزاد

دوای کوژرانی جۆرج فلۆید لەلایەن پۆلیسەوە ، زۆربەی هەرەزۆری شار و شارۆچکە و ویلایەتەکانی ئەمەریکا چەندین خۆپیشاندانیان لە دژی دامودەزگای پۆلیس و رەگەزپەرستی بەخۆوە بینی و لە زۆربەی حالەتەکانیشدا توندوتیژیی لە نێوان پیاوانی ئاسایش و خۆپیشاندەران رووید ا ، لەوەش زیاتر ، چەند جارێك خۆپیشاندەران هێرشیان کردە سەر مۆڵ و مارکێتەکان و تاڵانیان کردن ، ئەم دیمەنانە سەرۆکی ئەمەریکایان تورە کرد و بە وێرانکار و تیرۆرستی ناوخۆیی وەسفی کردن ، هەروەها رایگەیاند ئەگەر ئەوان روو بکەنە کۆشکی سپی ، ئامادەیە پەنا بۆ بەکارهێنانی سەگ و چەك ببات . دواتر ترامپ لە کۆشکی سپی هاتەدەر و بە پێ رووی کردە کلێسای یوحەنا پۆلسی دووەم و لەوێ ئینجیلێکی بە دەستەوە بوو وتی: خاوەنی وڵاتێکی گەورەین ، گەورەترین وڵات لە جیهان ، هێمنی و ئاسایشی دەپارێزین.

ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا ...

رۆڵی ئاین لە نەخشەی هەڵبژاردنی سەرۆکی وڵاتدا



دیمەنەکان دووبارە بوونەوە

کاتێك دیموکراتەکان ویستیان وەڵامی ترامپ بدەنەوە، هەمان ئامرازیان بەکار هێنا و هەمان دیمەنیش دووبارە بووەوە ، ئەوە بوو نانسی پیلۆسی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران لە کۆنگرێس چەند بڕگەیەکی لە ئینجیل خوێندەوە. دووبارەبوونەوەی ئەم جۆرە دیمەنانە لە گۆڕەپانی سیاسی ئەمەریکا لەلایەن حکومەت و ئیدارە یەك لەدوایەکەکانی ئەمەریکا رەنگدانەوەی واقیعی ئەو رۆڵەیە کە ئاین لە ژیانی سیاسی خەڵکی ئەو وڵاتە هەیەتی ، ئەگەرچی دامەزرێنەرانی ئەمەریکا هەوڵیان داوە دەوڵەت و ئاین لەیەك جیا بکەنەوە ، بەڵام لە کۆتاییدا دەرکەوتووە کە پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوانیاندا هەیە. لە رابردووشدا سەرۆکەکانی ئەمەریکا پشتیان بە وتاری ئاینی بەستووە بۆ ئەوەی زۆرترین ژمارەی دەنگدەرانی ئایندار بۆ خۆیان رابکێشن، لەو بارەوە سام هاسلبی میژوونووسی ئەمەریکی دەڵێت : گفتوگۆ دەربارەی ئەوەی ئاخۆ ئەمەریکا وەك ئوممەتێکی کریستیان دامەزراوە ، خۆی لە خۆیدا مشتومڕێکی سیاسیە.

تێکەڵکردنی ئاین و سیاسەت

ئەگەرچی ئابووری و چاودێریی تەندروستی و خانەنشینی فاکتەری سەرەکی دەنگدانن ، بەڵام بابەتی دیکەش هەن زۆڵی بەرچاویان هەیە وەك لەباربردنی منداڵان و هاوڕەگەزبازیی ، کە لە بنەڕەتدا پەیوەندیان بە لایەنی ئاینیەوە هەیە. بەگوێرەی تۆژینەوەیەك بە ناونیشانی ئاین و هەڵسوکەوتی دەنگدان کە لەلایەن زانکۆی ماکندریەوە ئامادە کراوە ،ئاین رۆڵێکی سەرەکی دەبینێ لەوەی کەسی دەنگدەر بە چ شێوازێك بڕوانێتە بابەتەکانی وەك هاوڕەگەزبازیی و لەباربردن و ژینگە و ئابووری ، هەر ئەوەشە دەبێتە یارمەتیدەر بۆ کەسی دەنگدەر لە دەستنیشانکردنی کاندیدی سەرۆکایەتی . لە قۆناغی ئێستاشدا درزی ئاینی و کلتووری نێوان دەنگدەرانی سەر بە هەردووك پارتی کۆماری و دیموکرات روو لە فراوانبوونە ، بە تایبەتی دوای رووداوەکانی ئەم دواییەی ئەمەریکا و ڕاپەڕینی خەڵك لە دژی ڕەگەزپەرستی کە خەریکە دەبێتە جەنگێك لە نێوان هەردوو پارتدا .

تۆژینەوەکانی پەیمانگای بیۆ

ئەگەر باس لە کرسیانەکان بکەین وەك گەورەترین کوتلەی ئاینی لەنێو کۆمەڵگای ئەمەریکا و بە گوێرەی تۆژینەوەیەکی پەیمانگای بیۆی ئەمەریکی کە پارسەڵ ئاماده کراوە ، ٦٥٪ ی ئەمەریکیەکان وتوویانە کە ئەوان کریستیانن. پێشتریش (ساڵی ٢٠١٧) هەمان دەزگا تۆژینەوەیەکی بڵاو کردەوە و تیایدا هاتبوو کە پرۆتستانتەکان بە ڕێژەی ٤٨,٥٪ گەورەترین کوتلەی ئاینی لە ئەمەریکا پێکدێنن ، دوای ئەوانیش کاسۆلیکەکان دێن بە ڕێژەی ٢٢,٧٪ ، ئینجا مۆمۆن بە ڕێژەی ١,٨٪ و جولەکە بە ڕێژەی ٢,١٪ و موسوڵمان بە ڕێژەی ٠,٨٪ و ٢,٩٪ ی دیکەش شوێنکەوتووی ئاینەکانی دیکەن. هەروەها نزیکەی ٢١٪ دەڵێن ئاینیان نیە.

مافە مەدەنیەکان

هەندێك کەس پێیان وایە ئایندارەکان یان خاوەنی ئاراستە ئاینیە پارێزگارەکان باوەڕیان بە زۆرێك لەو مافانە نیە ، هەندێکی دیکەش دەڵێن بیروباوەڕی ئاین هۆکارێك بووە بۆ هێنانەدی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و لەو روانگەیەشەوە چەندین کەسایەتی خۆیان خزاندۆتە نێو خەبات لە پێناوی ئازادی و یەکسانی ، ئەوان پێیان وابووە کە هەموو مرۆڤەکان ڕۆڵەی خوان.

کێ زیاتر پشتگیری لە ترامپ دەکات؟

بە گوێرەی میدیای ئەمەریکا بێ ، ئایندارە پارێزگارەکان زیاتر پشتگیری لە سەرۆکی ئێستای ئەمەریکا دەکەن. لە تۆژینەوەیەکی دەزگای گالۆپیش سەبارەت بە ئاراستە ئاینیە سیاسیەکان ، نزیکەی ٣٧٪ ی کۆی ئەمەریکیەکان ئایندارین و میانڕەون ، لە کاتێکدا ٤٨٪ کە دەکاتە کەمتر لە نیوەی ئەو ئایندارانە پشتگیریی خۆیان بۆ ترامپ پیشان داوە ، بەو پێیەی ترامپیش پێشتر چەندین جار پشتگیری لە بابەتی لەباربردن کردووە کە ئایندارەکان بە کوشتنی نەفسی دەزانن. بە هەر حاڵ ، تۆژینەوەکان باس لەوە دەکەن کە نزیکەی نیوەی کۆماریەکان ئایندارن بەهێزن ، بە بەراورد لەگەڵ سێیەکی دیموکرات و سەربەخۆکان .

پرۆتستانت و پارتی کۆماری

بە پێی تۆژینەوەکەی پەیانگای بیۆ ، کاسۆلیکەکان بە ڕێژەی ٤٤٪ مەیلیان بۆ پارتی دیموکرات هەیە لە بەرامبەر ٣٧٪ بۆ پارتی کۆماری ، لە کاتێکدا ئینجیلیە پرۆتستانتەکان بە ڕێژەی ٥٦٪ بە لای پارتی کۆماریدا دەکەون لە بەرامبەر ٢٨٪ بۆ پارتی دیموکرات .بەڵام لە کاتێکدا ٧٨٪ ی ئەمەریکیە ڕەشپێستەکان پرۆتستانتن و هاوکات ئەوان لە ڕووی ئاینەوە توندترن و زیاتر مەیلی ئاراستە پارێزگاریەکانیان هەیە ، هەروەها زیاتر لە ٧٠٪ یان ئەندامی پارتی دیموکراتن ، واتە لایەنگری ترامپ نین. بە گوێرەی تۆژینەوەیەکی دەزگای بیۆ کە مانگی ئاداری ڕابردوو ئەنجام دراوە ، بەشێك لە ئینجیلییە سپی پێستەکان نیگەرانن لە هەڵوێستەکانی ترامپ .

ڕەشپێستەکان و پارتی دیموکرات

بە شێوەیەکی گشتی ، پرۆتستانتە ڕەشپێستەکان لە ڕووی ئاینی و بیروباوەڕی لاهوتی لەگەڵ ئینجیلیە سپی پێستەکان لەیەك دەچن بەڵام لە ڕووی سیاسیەوە جیاوازن. بەگوێرەی ڕاپرسیەکانی ساڵی ٢٠١٦ ، زیاتر لە ٩٠٪ ی ڕەشپێستەکانی ئەمەریکا دەنگیان بە هیلاری کلینتۆن داوە و تەنیا ٨٪ دەنگیان بە ترامپ داوە . ڕاپرسیەکی مانگی شوباتی ڕابردووش ئەوە دەردەخات کە ئەگەرچی ڕەشپێستەکان پشتگیری لە پارتی دیموکرات دەکەن ، بەڵام زیاتر لە نیوەیان هەست دەکەن کە ئەو پارتە بایەخی ئەتۆیان پێ نادات.

کاسۆلیکەکان و دەنگدان

لە کاتێکدا ئەگەر جۆ بایدن لە هەڵبژاردنی داهاتووی سەرۆکایەتی سەرکەوتن وەدەست بێنێ ، دوای جۆن کینیدی دەبێتە دووەم سەرۆکی کاسۆلیکی لە مێژووی ئەمەریکا. پرسیار ئەوەیە : ئایا بایدن پشتگیریەکی بەهێز لەلایەن کاسۆلیکەکان وەدەست دێنێ؟

دەبێ بزانین کە ئێستا کاسۆلیکە سپی پێستەکان زیاتر ڕوویان کردۆتە لای پارتی کۆماری و لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٦ دا ٦١٪ ی کاسۆلیکەکان دەنگیان بە ترامپ داوە ، لە کاتێکدا زۆرینەی کاسۆلیکە بە ڕەگەز ئسپانیەکان دەنگیان بە هیلاری داوە .

مانشێت

ئیندیپێندێنت:

هاوکات لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی گرژیی نێوانیان، وەزیری دەرەوەی ئێران ڕایگەیاند وڵاتەکەی ئامادەیە سەرجەم بەندکراوان لەگەڵ ئەمەریکا ئاڵوگۆڕ بکات.




سکای نیوز:

لە دوو کردەوەی سەربازیدا لە باکووری وڵات ، سوپای بۆرکینا فاسۆ زیاتر لە 26 چەکداری تونڕەوی کوشت.



یۆرۆ نیوز:

لە وتارێکدا بەبۆنەی ساڵیادی دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتوەکان ، ئیمانوێل ماکرۆنی سەرۆکی فەرەنسا دووپاتی کردەوە کە بەهۆی قایرۆسی کورۆناوە ڕێکخراوەکەش ڕووبەڕووی بێسەروبەری بۆتەوە.



ڕۆژنامەی نەلشەرقولئەوسەت:

بەهۆی نواندنی کەمتەرخەمی بەرامبەر بەو خۆپیشاندانانەی تیایاندا ئەنجام دەدرێ ،ئیدارەی ئەمەریکا هەڕەشەی بڕینی یارمەتیە فیدرالیەکانی لە نیویۆرك و سیاتل و پۆرتلاند کرد.



فرانس 24:


بۆ جاری یەکەم هیند پێنج فرۆکەی ڕافالی فەرەنسی – کە بەم دواییە بەدەستی گەیشتوون - لەسەر سنووورەکانی لەگەڵ چین تاقی کردەوە .



کەنالی ئار تی:

پۆلیسی کەنەدا لەسەر سنووورەکانی وڵاتەکەی لەگەڵ ئەمەریکا ئەو ئافرەتەی دەستگیر کرد کە نامەی ژەهراوی بۆ کۆشکی سپی ناردبوو.







سبەی یانەی شەترەنجی خانزاد دەست بە چالاکییەکانی خۆی دەکاتەوە

سەرۆکی یانەی خانزاد:

لەماوەی کەرەنتینەدا نەمانهێشت شەترەنجزانانی کوردستان دابڕێن



خەبات: هاوار مورتکەیی

دوای ماوەیەك دابڕان لەکردنەوەی پاڵەوانێتییەکانی شەترەنج لە هۆلەکان، یانەی شەترەنجی خانزاد بڕیاریدا بەکردنەوەی دوازدەهەمین پاڵەوانێتی بلیتزی خانزاد، دەست بە چالاکییەکانی بکاتەوە.

سبەی پێنج شەممە لە هۆلی یانەی شەترەنجی خانزاد، دوازدەهەمین پاڵەوانێتی شەترەنجی بلیتزی خانزاد لە هۆلی یانەکە بەڕێوەدەچێت، کە بڕیارە ژمارەیەکی زۆری شەترەنجزانانی کورد و کچ لە سەر ئاستی کوردستان و عێراق و وڵاتانی دەوروبەر بەشداری تێدا بکەن، پاڵەوانێتیەکەش بۆ ماوەی یەك رۆژ بەسیستەمی سویسری 3 خولەك+2چرکە لەلایەن ناوبژیانانی یانەی خانزادەوە بەڕێوەدەچێن.

پاڵەوانێتی ئۆنلاین

لەمبارەیەوە د. دلزار حەمەسالح سەرۆکی یانەی شەترەنجی خانزاد لە لێدوانێکی تایبەت بۆ لاپەڕەی وەرزشی رۆژنامەی خەبات سەبارەت بەم پاڵەوانێتییە و بەردەوامیی چالاکییەکانی گوتی: بەلەبەرچاوگرتنی ئەو دۆخەی بەهۆی پەتای کۆرۆناوە هاتە پێش، وەك هەموو ناوەندەکانی شەترەنجی جیهانی، ئێمەش چالاکییەکانمان بۆ ماوەیەك راگرت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەمانهێشت شەترەنجزانان لە یاریکردن دابڕێن و چەندی پاڵەوانێتی ئۆنلاینمان کردەوە، خۆشبەختانەش توانیومانە لێی سەرکەوتوو بین و ئامانجەکە بپیکین و زۆرترین بەشداری لە پاڵەوانێتییە ئۆنلاینەکان هەبوو.



پاڵەوانێتییەکی باوەڕپێکرا

دواتر سەرۆکی یانەی شەترەنجی خانزاد گوتی: ئێستاش بەپەرەوکردنی رێنماییەکانی خۆپاراستن لەم پەتایە دووبارە دەست بەچالاکییەکانمان کردەوە سبەی پێنج شەممە دوازدەهەمین پاڵەوانێتی بلیتزی خانزاد بەڕێوەدەچێت، پاڵەوانێتییەکەش بەهەماهەنگی لەگەڵ یەکێتی شەترەنجی عێراق، لەلایەن کەتیبەی شەترەنجی نێودەوڵەتییەوە تۆمار دەکرێت و پاڵەوانێتییەکی باوەڕپێکراو دەبێت، هەوڵ دەدەین وەك جاران پاڵەوانێتییەکان دەست پێ بکەینەوە.

کتێبی شەترەنجی قوتابخانە ئامادەیە

لە کۆتاییدا د. دلزار حەمەسالح لەبارەی هەنگاوەکانی خوێندنی وانەی شەترەنج لە قوتابخانەکان گوتی: ئەم پرۆژەیە بە ستراتیژیترین پرۆژەکانی یانەکەمان دەزانین و وازی لێناهێنین و دەمانەوێت لەداهاتوودا بەسەرکەوتویی بەهەمانهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەو بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزشی هەرێمی کوردستان بەئەنجامی بگەیەنین، ئێمە ئامادەکاری تەواومان بۆ کردووە حالی حازر کتێبی بۆ پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی بەناوی شەترەنجی قوتابخانە ئامادەیە بۆ بچاپگەیاندن، ئومێدەوارین لایەنە پەیوەندارەکان ئەم بابەتە بەهەند وەرگرن و شەترەنج بکرێتە وانەیەك لەقوتابخانەکان، هەروەها گوتی: راستە ئەم پرۆژەیە هێندە ئاسان نییە بۆ ئەنجام گەیاندنی، بەڵام بەتەواوبوونی، سوودێکی زۆر بۆ نەوەکانی داهاتومان دەبەخشێ و وڵاتانی دونیا دوای درك کردن بە گرنگیی وانەی شەترەنج بۆ قوتابیان، ئێستا لە زۆربەی وڵاتانی جیهان وانەی شەترەنج لە قوتابخانەکان دەخوێندرێت.

زاخۆ یاریزانێکی بەرازیلی دەباتە ڕیزەکانیەوە

یانەی زاخۆ لەیەکەمین گرییەستەکانی پیشەگەریدا بۆ وەرزی داهاتوو لەگەڵ یاریزانێکی بەرازیلی ڕێك دەکەوێت.

ئەحمەد سەڵاحی ڕاهێنەری زاخۆ ڕایگەیاند کە کارگێڕی یانەکەی سەرکەوتوو بوو لەگەڵ هیلۆ مۆنتیرۆی یاریزانی پیشەگەری بەرازیلی ڕێك بکەوێت و بۆ وەرزی داهاتوو بەدرێسی یانەی زاخۆ یاری بکات، هەروەها بەنیازە گرێبەست لەگەڵ چەند پیشەگەرێکی دیکەدا مۆر بکات و ڕێکارەکانی فیزایان تەواو بێت پەیوەندی بە یانەی زاخۆوە دەکەن.

ڕاهێنەری زاخۆ زیاتر گوتی: لەسەرەتای ئەم هەفتەوە یانەکە دەستی بەیەکەم مەشقییەکانی خۆی کردۆتەوە بەرەچاوکردنی ڕێنماییەکانی خۆپارێزی و هەموو هەوڵێك دەدەن کە خۆیان بەدوور بگرن لەو پەتایە بۆ ئەوەی هیچ یاریزانێك دانەبڕێت.



مۆرینهۆ یاریزانێکی یونایتدی دەوێت

یانەی تۆتنهام چاوی لە یاریزانێکی یەدەگی مانچستەر یونایتدە و دەیەوێت هەرچی زووە بیگوازێتەوە لەندەن.

تۆڕی هەواڵی ESPEN زانیاری داوە کە خۆزێ مۆرینهۆ خواستی لەسەر جێسی لینگارەدە و، بۆ ئەو مەبەستەش داوای لە دانیێل لیڤی سەرۆکی سپێرز کردووە ڕێگەی ڕێگەی گونجاو بۆ گواستنەوەی بدۆزێتەوە.

لینگارد، کە دراوەشەوەترین ئاستی خۆی لە سەردەمی ڕاهێنەرایەتی مۆرینهۆ بوو، بە تەواوەتی لە پلانەکانی سۆڵشایەری ڕاهینەری یونایتد نەماوە و داکشانی ئاستی لە یەك دوو ساڵی ڕابردوودا وای کردووە کەمترین چانسی بۆ سەرەکیی بوون نەمێنێت بە درێسی یانەکەی.

بە چوونە پێشەوە بۆ کڕینی یاریزانە 27 ساڵانەکە، تۆتنهام دەیەوێت پێشوەختە بیر لە فرۆشتنی دێلی ئالی بکاتەوە تا تێچووی گواستنەوەی لینگارد ئاسانتر بکات و شوێنی گونجاویشی بۆ چۆڵ بکات.

نەمتوانی ڕێگە بە ڕۆیشتنی مێسی بدەم، ئەو باشترینە

سەرۆکی یانەی بەرشلۆنە دووپاتیدەکاتەوە، ڕێگەی بە چوونە دەرەوەی لیۆنێل مێسی نەدەدا

خۆزێ ماریا بارتۆمیۆ، سەرۆکی بەرشلۆنە لە لێدوانێکیدا بۆ کەناڵی TV3 ڕوونیکردەوە "هەرگیز نامەوێت کێشە لەگەڵ مێسی دروست بکەم. ئەو کاپتن و سەرکردەی تیمەکەمانە، نەمتوانی ڕێگە بە چوونە دەرەوەی لە بارسا بدەم، ئەو باشترین یاریزانی مێژووە و تیمەکەمان پێویستی پێیەتی، مانەوەی مێسی دڵنیایی سەرکەوتنمان پێدەدات".

مێسی نزیکبوو لە جێهێشتنی تیمەکەی، بەڵام لە کۆتاییدا بڕیاری مانەوەی بۆ وەرزێکی دیکە لەگەڵ بەرشلۆنەی ڕاگەیاند.

بارتۆمیۆ لەبارەی مانەوەی مێسی گوتی "ئێستا مێسی لەنێو یاریگا ئاستێکی نایاب پێشکەش دەکات و چیرۆکی ڕۆیشتنەکەمان لەیاد کردووە. پێویستە پیرۆزبایی لە خۆمان بکەین، چونکە توانیمان مێسی بهێڵینەوە. باشترین یاریزانی جیهان دەبێ لە ماڵی ئێمە بمێنێتەوە".

دیدار حامید گۆڵپارێز و راهێنەر لە دیمانەیەکی خەبات دا:

ڕۆژ بە ڕۆژ وەرزش لە کوردستان بەرەو دواوە و خراپتر دەڕوات

دیمانە: ئیسماعیل سەبوور



دیدار حامید حسن گۆڵپارێز و راهێنەر و ئەستێرەی یانەی هەولێر لەساڵی 1979 لەشاری هەولێرگەرەکی تەیراوە لەبنەماڵەیەکی ناسراوی عەشیرەتی زراری لەدایك بووە, باوك وباپیری لەگوندی دووگردکانی ناوچەی دزەیان ژیاون، لەدەرفەتێکدا دیمانەیەکی ڕاشکاوانەمان لەگەڵ ئەنجامدا.

★تەمەنی منداڵیت چۆن بەرێ کرد منداڵێکی چۆن بووی؟

-من لە تەیراوە لەدایك بووم بەڵام لە گەرەکی ئازادی گە ورەبووم بە منداڵێکی هارروو هاج و سە رەش ناسرابووم.

★قۆناخەکانی خوێندنت چۆن بوو ماوەیەك وازت لە خوێندن هێنا بۆ؟

-خوێندنم تا پۆلی نۆی بنەرەتی خوێند بەهۆی سەرقالی و سەفەرکردنم بۆ ماوەیەك وازم لەخوێندن هێنا بەڵام دووبارە دەستم پێ کردەوە ئێستا لەپەیانگای وەرزشی لە دوا قۆناخی خوێندنم .

★وەرزش حەز بوو یا ڕێکەوت؟ دواتر تێیدا سەرکەوتوو بووی چۆن بوو چوویە نێو دونیای وەرزش و یاریگا؟

-وەرزش لای من خەونێکی منداڵیم بوو وە سەرکەوتنی من بۆ برا گەورەکانم دڵێر و دیار دەگەڕێتەوە چونکە ئەوان پێش من گۆڵپارێزی یانە میلليیەکان بوون.

★لە هاوسەرگیری یەکەمت شکستت هێنا دواتر دووبارە هاوسەرگیریت کرد ئایا بە خۆشەویستی بوو یا قسمەت؟

-لەگەڵ هاوسەری یەکەمم نە گونجاین, دووبارە ژیانی هاوسەریم بە خۆشەویستی پێکهێنا وە خاوەنی سێ منداڵم دوو کچ و کوڕێك سوپاس بۆ خوا.

★دوای ئەوەی وازت لە گۆڵپارێزی یانەی هەولێر هێنا لەوەرزش دوور کەوتیەوە؟

-من لە لوتکە وازم لە گولپارێزی هێنا وە لە دەرەوەی یاریگا ئەم بریارەم دا وە هۆکاری سەرەکی بۆ ئەوە دەگەڕێنمەوە تا ڕێ بە گەنجی تر بدەم بێنە پێشە وەو خۆیان بسەلمێنن وە ئەو کاتەی وازم هێنا پێشنیاریان کرد ببمە راهێنەری گۆڵپارێزانی یانەی هەولێر وە لە ئێستادا راهێنەری یانەی هەولێرم .

★جگە لە وەرزش بە چی ترەوە سەرقالیت؟

-جگە لە وەرزش بە کاری سەنتەر و جوانکاریەوە خەریکم .

★لە چەند شوێنێ گوێبیستی ئەوە بووم کە دیدار دەیەوێ کوردستان جێ بهێڵێت چی وای کردووە ئەم بریارە بدەیت؟

-بەڵێ بیرم کردۆتەوە کوردستان بە جێ بهێڵم وە هۆکارەکانیشی ڕوون و ئاشکران لە کورستان ڕۆژ بە ڕۆژ ساڵ بە ساڵ وەرزش بەرەو دواوەو خراپتر دەروات ئەمەش بۆ بەرپرسان و کەسانی نە شیاو کەوەرزش بەرێوە دە بەن ئەزانم .

★تووشی کۆرۆنا بووی وە باوکی بەرێزتان بەم نەخۆشیە کۆچی دوایی کرد چی لێ فێر بووی باسێکی ئەم ئەزموونە بکە؟

هەموو پیتێکی (ك)رق لێ دەبێتەوە چونکە باوکم بە کۆرۆنا کۆچی دوای کرد وە ئەو ئەزموونەی کە فێر بووم ئەوە بوو لە مەودوا هەر نەخۆشیەك بگرم ئەبێ بەهێز بم و نەترسم بۆ ئەوەی بە سەری دا زاڵ بم .

★وەك گۆڵپارێزێکی ناسراو لە کوردستان چەند خەلاتی ڕێزلێنان و مەدالیا پالەوانیت بە دەست هێناوە؟

-خەلاتی تاکە کەسی و کۆمەلیم زۆرم بە دەست هێناوە و دەست کەوتەکانم 3جار باشترین گۆلچی لە یانەی هەولێر وە 1 جار باشترین گۆلچی خولی کوردستان 1 جار باشترین گۆلچی لە خولی عیراق , بەباشترین گۆلچی لە پالەوانیەتی شای تایلەند , بۆ 4جار لەسەریەك بووین بە پالەوانی خولی عیراق وەك یانە ی هەولێر 1,جار بووین بە پالەوانی ولاتە بێ ئاڵاکان وەك هەلبژاردەی کوردستان , وە نازناوی باشترین وەرزشکاری کوردستانم وەرگرت.

★ئایا گەر یانەکەی باش بە گرێبەستێکی باش داوات لێ بکات واز لە راهێنەری دێنی و دووبارە بییەوە گۆلپارێز ؟


-من تا ئێستاش گرێبەستم هەر ماوە لە بەشێك لە یانەکانی کوردستان و عیراق بەڵام بریارە کە و داومە من کەسایتیم زۆر لا گرینگترە لە بۆند و پارە وە ڕەنگە لە داهاتوو بریاربدەم بگەڕێمەوە بۆ گۆلپارێزی .

★ئەڵێن دیدار لە لایەن بەر پرسانەوە زەوی و سەیارەی وەرگرتووە کەچی کە باسی یانەی هەولێر ئەکرێ ئەڵێ من لە هیچ سوودمەند نەبوومە؟

-ئەو قسانە دوورن لە ڕاستیەوە کە بەر پرسان زەوی و سەیارەیان پێ دابم لەگەڵ ڕێزم تەحدای ئەو قسەیە ئەکەم بەڵام وە ك یانە ی وەرزشی هەولێر هەقی خۆمە گەر سوود مەند بووبم .

★هەواداری کامە یانەیت؟

-هەواداری یانەی ڕیال مەدرید و هەلبژاردە ی بەرازیلم.



لە لووتکە وازم هێنا

جگە لە وەرزش بەکاری سەنتەر و جوانکاریەوەخەریکم

کاڤانی تەنیا نییە.. پێکهاتەیەکی تەواو بێ یانەن



سەرەڕای ئاست بەرزی و مێژووی گەورەیان، کەچی لە بازاڕی گواستنەوەی ئەم هاوینەدا چەندین یاریزانی ئاست بەرز بەبێ یانەن.

بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا ئەرکی یانەکانی لە گواستنەوەی یاریزانەکان ئەستەم کردووە، ئەمەش وایکردووە چەندین یاریزان لە بازاڕەکان بەبێ یانە بمێننەوە.

یاریزانە بێیانەکانیش ئەمانەن:

ئیدیسۆن کاڤانی، کۆتایی بە بۆندەکەی لە پاریس سانجێرمان هاتوو تا ئێستا بێیانە یە .

ماریۆ گۆتزە، بۆندەکەی لەلایەن بروسیا دۆرتمۆندەوە نوێنەکرایەوە و ئێستا بێیانەیە.

ناتانیاڵ کڵاین، یاریزانی پێشووی لیڤەرپوول، لە دوای بەسەربردنی سێ ساڵ لەگەڵ یانەکەی دوای ئەوەی لیڤەرپوول بەڕێی کرد ئێستا بێیانەیە.

دانیێل ستۆریج، یانەی ترابزۆن سپۆری تورکی دەستبەرداری دانیێل ستۆریج بوو، ئەمەش دوای ڕێککەوتنی هەردوولا لەسەر هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکەی. ئێستا بێیانەیە.

خۆسێ کالیخۆن، 7 وەرز لە ناپۆلی بوو، دوای کۆتایی هاتنی گرێبەستەکەی ئێستا بێیانەیە.

ئالێکساندەر پاتۆ، هێرشبەرە بەرازیلییەکە دوا یانەی ساوپاولۆ بوو، ئێستا بێیانەیە و چاوەڕێی گرێبەستێکی نوێ دەکات.

ئەنریك گارای، بەرگریکارە ئەرجەنتینییەکە لە ڤاڵانسیا بۆندەکەی کۆتایی هات و ئێستا بێیانەیە.

ماترۆگیچ، هێرشبەرەکەی کرواتیا و پێشوی یۆڤانتۆس، دوایانەی دحیل بووە و ئێستا بێیانەیە.

هالیپ بووە پاڵەوانی تینسی ڕۆما

سیمۆنا هالیپی خانمە تێنسزانی ڕۆمانی بۆ یەکەمین جار لە کاروانی وەرزشی خریدا توانی ناسناوی پاڵەوانێتی ڕۆما بباتەوە، دوای ئەوەی لە یاری کۆتاییدا ڕووبەڕووی کارۆلینا بلیسکۆڤای چیکی بۆوە بەڵام ئەو یاریزانە چیکیە بەهۆی پیکانەوە لە خولەکی 31ی یاریەکەدا نەیتوانی یاریەکە تەواو بکات و بەمەش هالیپ بەبراوە دەرچوو و جامەکەی بەرزکردەوە.

هالیپ لەدوای یاریەکە گوتی: بەختەوەرم بۆ یەکەمجار ئەم ناسناوە دەبەمەوە، بەڵام دڵگران بووم بە پێکانی هاوڕێیەکەم، حەزم نەدەکرد بەمشێوەیە ماڵئاوا لە پاڵەوانێتییەکە بکات، بۆیە هیوای چاکبوونەوەی بۆ دەخوازم و بەزووترین کات بگەڕێتەوە ناو پاڵەوانێتییەکەن .

سواریز بەرشلۆنەی بۆ ئەتلەتیکۆ مەدرید جێهێشت

دواجار سواریزی هێرشبەری ئۆرۆگوایی، یانەی بەرشلۆنەی جیهێشت و چووە ریز ئەو یاریزانانی بوونە قوربانی پلانەکانی ڕۆناڵد کومان.

فابریزیۆی ڕۆژنامەنووسی بەنێوبانگی ئیتاڵی لە هەواڵێکدا بڵاوی کردەوە لویس سواریز بێبەرامبەر گرێبەستەکەی لەگەڵ بەرشلۆنە هەڵوەشاندەوە و لە حەوت ملیۆن یۆرۆی مافی خۆی خۆش بوو، بۆ ماوەی دوو وەرز پەیوەندیی بە ئاتلێتیکۆ مەدرید دەکات.

سواریز بە یەکێك لە هاوڕێ و دۆستە هەرە نزیکەکانی لیۆنێل میسی دادەنرێت، لەماوەی ڕابردووشدا هەریەك لە سواریز و نەیمار و میسی بە سیانەی MSN هێڵێکی تۆقێنەری هێرشبەریان دروستکرد و توانیان چەندین نازناو بۆ بەرشلۆنە ببەنەوە.

ماسك بەستن
خەبات
XEBAT
Wed.23 Sep. 2020 No.:(6010)

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
info@xebat.net
www.xebat.net
Organ of KDP

Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا

بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر

بۆ رێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595 یان ئیمێڵی reklam@xebat.net

بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616



هاوولاتیانی هەرێمی کوردستان بە هەموو چین و تووێژێکەوە دەنگیان بە بەڵێ دا بۆ سەربەخۆیی کوردستان

سااڵیادی ریفراندۆم پیرۆزبێت









